



## پۆلیسی 3 وڵات بەدوای خەتەردا دەگەڕێن

**رووداو- ئەڵمانیا**

خەتەر، راپەری ناوداری کورد و ئەستێرەی هیپ پۆپ، ماوەیەکە لەبەرچاوان ون بووەو سەرباری پۆلیسی ئەڵمانیا، پۆلیسی رووسی و پۆلیسی نێودەوڵەتیش (ئینتەرپۆل) کون بەکون بەدوایدا دەگەڕێن. خەتەر لەگەڵ سێ برادەری دیکەی کە یەکێکیان مەغریبییەو ئەوی دیکەیان تورکەو سێیەمیشیان کاوە هومان قازییە، بەوە تۆمەتبار کراون کە رۆژی 2009/12/15 ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی زێڕیان لەسەر رێگای نۆرنبێرگ- فورتزهایمی ئەڵمانیا راگرتووەو هەرچی زێڕی تێدابووە بردوویانە. داواکاری گشتی دەڵێت "زێڕەکە بایی 2،5 ملیۆن یۆرۆیە". بەگوێرەی هەندێ زانیاری، خەتەر بەرەو رووسیا هەڵاتووە، بەڵام تائێستا نەدۆزراوەتەوە.




8

## لەبەر درەنگ کەوتنی ئاڵا و پۆستەرەکانی، بانگەشەی پارتی لە سلێمانی دواکەوت

**رووداو-سلێمانی**

هەڵمەتی هەڵبژاردن لەشاری سلێمانی لە رۆژی 2010/2/12ەوە بەگەرمی دەستیپێکرد لەلایەن یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامییەکانەوە بە گەرمی دەستیپێکردووە، بەڵام پارتی لە سلێمانی زۆر سارد دەبینرێ لە بانگەشکردن بۆ کاندیدەکانی، سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی 4ی پارتی و سەپەرشتیاری هەڵمەتی بانگەشەی پارتی لە سلێمانی دەڵێ "بەهۆی درەنگ گەیشتنی پۆستەرو پلانکارت و ئاڵای پارتی، هێشتا بانگەشەی گەرممان دەستپێنەکردووە". سەرچاوەیەک لەنێو رێکخستنەکانی پارتیش لەسنووری پارێزگای سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "ساردوسڕی بانگەشەکانی پارتی لەو سنوورە راسپاردەی سەرەوەی پارتییە کە شەڕە پەڕۆ نەکەین"، بەڵام لە هەمانکاتیشدا گوتی "بەهۆی ساردوسڕی پارتی لەبانگەشەکان، ئەندامان ولایەنگرانمان گلەیی زۆر دەکەن کە پارتی لەکاتێکی وادا دەستەوەستان بەدیار لایەنگرانی یەکێتی و گۆڕانەوە دانیشتووە".



2


Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (99)

پێنجشەممە 2010/2/18

29ی رێبەندانی 2709

(750) دینار

www.rudaw.net

چاپی کوردستان


### بەپێی لێکدانەوەو راپرسییەکان

# پارتی لە دهۆک، مووسڵ و هەولێر یەکەم دەبێت یەکێتی لە کەرکووک و گۆڕانیش لە سلێمانی

## سەعدی پیرە: ئەوە بڕاوەتەوە کە مام جەلال سەرۆک کۆماری داهاتووەو لەسەر دەنگی گۆڕان ناوەستێ

**رووداو- هەولێر**

بەپێی لێکدانەوەو راپرسییەکان کە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان دەکرێن، پارتی لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک، هەروەها لە پارێزگای مووسڵیش لەسەر ئاستی لایەنە کوردییەکان براوەی یەکەم دەبێت. سلێمانی هەروا لە دەستی بزووتنەوەی گۆڕاندا دەمێنێتەوەو لە بەرامبەریشدا دەنگی زۆرینەی کورد لەپارێزگای کەرکووک بۆ یەکێتی دەبێت.

لەسەر ئاستی تێکڕای دەنگی کوردیش لەو 6 پارێزگایەی کە قەوارە سیاسییە کوردییەکان کێبڕکێی لەسەر دەکەن، پارتی وەک براوەی یەکەم دەردەکەوێ، بەڵام هێشتا دیارنییە یەکێتی و گۆڕان کامیان لەریزبەندی دووەمدا جێدەگرن.

بەپێی راپرسییە ئەنجام ئاشکرا نەکراوەکان و لێکدانەوەکان، سلێمانی کە خاڵی یەکلاکەرەوەیە لەدیاریکردنی براوەی دووەمی هەڵبژاردندا، لەکۆی 9 لیست کە کێبڕکێ لەسەر 17 کورسی دەکەن، تەنیا چوار لیست: هاوپەیمانیی کوردستان، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی، لەو کێبڕکێیەدا کورسی بەدەستدێنن.

ئەگەر لەنێو ئەو یەک ملیۆن و 96 هەزار دەنگدەرەی لەسلێمانی هەن رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران 70% بێت، ئەوا نزیکەی 770 هەزار کەس بەشداری دەنگدان دەکەن، بەوشێوەیەش نرخی هەر کورسییەک نزیکەی 45 هەزار دەنگ دەبێت.

پارتی لە ئێستاوە خۆی بەبراوە دەزانێت لە پارێزگای دهۆک و لە موسڵیش لایەنە کوردییەکانی دیکە بە رکابەرێکی ئەوتۆی خۆی نازانێ، بەمەش پارتی هەستدەکات تەنیا لەو دوو پارێزگایە 16 کورسی مسۆگەری هەیە. جەعفەر ئیمینکی بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بەجۆرێک لەدڵنیاییەوە رایگەیاند "پارتی لەهەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک مووسڵ یەکەم دەبێت". لەسلێمانی و کەرکووکیش ئەگەر 4 بۆ 5 کورسی بێنێت ئەوا دەبێتە براوەی هەڵبژاردن. بەپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی لەبارەی ژمارەی کورسییەکانی پارتیش لەسەرانسەری کوردستان، گوتی "لەنێوان 26 ـ 32 کورسی دێنین".

ئەوەی جێگەی سەرنجە، چاودێرانی بیانیش هەر پێشبینی ئەنجامێکی لەوجۆرە دەکەن. پرۆفیسۆر جۆرج جۆف، پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقای باکوور و، توێژەری سیاسی لە پەیمانگەی Global Policyی بەریتانی لەبارەی پێشبینییەکانی خۆی بۆ ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بۆ (رووداو) گوتی "پێشبینی دەکەم ئەمجارەش بزووتنەوەی گۆڕان دەنگێکی باش بەدەستبێنێ، رەنگە باشتریش لە هەڵبژاردنی رابردوو"، بەڵام هاوکات گوتیشی کە ئەوە بەندە بەوەی بزووتنەوەی گۆڕان تاچەندە دەتوانێ چالاک بێ و خاوەنی بناغەیەکی بەهێز بێت. هەروەها گوتیشی "پێشبینی دەکەم یەکێتی زیاتر زەرەری پێ بگات لەچاو پارتی، لەبەرئەوەی پارتی بناغەیەکی بەهێزتری هەیە".

بەوەدا کە سلێمانی 17 کورسی هەیەو کەرکووک تەنیا 12 کورسی، بەدەستهێنانی زۆرینە لەسلێمانی ئەنجامەکان یەکلایی دەکاتەوە، بەرپرسانی هەریەک لەگۆڕان و یەکێتیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە براوەی ئەو دوو پارێزگایە دەبن.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بەرەو دواوە چووە". هەروەها گوتیشی کە بەپێی ئەو راپرسییانەی خەڵکی دیکە کردوویانە "گۆڕان وەزعیان خراپە". سەعدی پیرە لەبارەی ئەو ئاماژانەش کە بەرپرسانی باڵای گۆڕان دەیدەن لەبارەی پشتگیری نەکردنیان لەهەڵبژاردنەوەی مام جەلال بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، گوتی "مام جەلال ئەگەر هەموو لایەنەکان پێشنیازی بکەن لەسەر دەنگی گۆڕان ناوەستێ". ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەدڵنیاییشەوە گوتی کە "مام جەلال سەرۆک کۆماری داهاتووەو ئەوە بڕاوەتەوە، مەگەر تەنیا خۆی بڵێ نایکەم".

3و7و6



ژمارەیەک گەنج لە شەوانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی ئاڵای گۆڕان و هاوپەیمانی کوردستان پێکەوە بەرزدەکەنەوە بۆ هاندانی هەردوولا بۆ شەڕنەکردن و، ئەو گەنجانە دەڵێن کە شەڕ دێتە کایەوە ئێمە هەوڵی ناوبژیوانیان دەدەین (فۆتۆ:


### بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکگرتوو:

## لە دهۆک یەکگرتوو دووەم دەبێت نەک یەکێتی

**رووداو-دهۆک**

بەپرسی مەڵبەندی دهۆک رایدەگەیێنێ کە ئەوان لە دهۆک دووەم دەبن لە دوای پارتی نەک یەکێتی " لە دهۆک ئێمە زیاتری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێزمان هەیە، ئێمە زیاتری یەکێتی دەنگ دێنین".

غازی سەعید، بەرپرسی مەلبەندی 3ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "ئێستا لە پەرلەمانی عێراق یەکگرتوو دوو کورسی هەیە لە پارێزگای دهۆکەوە چوون، ئەمجارەش 20 پاڵێوراومان هەن، ناتوانم بڵێم چەند کورسی دێنین، بەڵام دەتوانم بڵێم لەدوای پارتی ئێمە دووەم دەبین لە دهۆک نەک یەکێتی". بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو گوتی ئێستا لە دەڤەری



بادینان رێگری لەکارەکانیان دەکرێ و ئەوەی بە نموونە هێنایەوە، کە یەک بەڕێوەبەری قوتابخانەشیان نییە لەو دەڤەرەو، شەش مانگە کاری تەلەڤزیۆنەکەیان لە زاخۆ تەواوبووە کەچی وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی کردنەوەیان ناداتێ، هەروەها حەوت ئەندامیان فەرمانی دامەزراندنیان گەڕاوەتەوە، بەڵام لێناگەڕێن دەست بەکاربن و داوای تەزکیەی حیزبییان لێدەکرێ و لەوبارەوە گوتی "دوای هاتنە سەرکاری کابینەی کاک نێچیرڤان بارزانی وردە وردە دەستوەردانی حیزبی لە کاری حکومەتدا نەما"، بەڵام دەڵێ دوای هاتنە سەر کاری کابینەی شەشەم ئەو دەستوەردانانە زیاتربوونەتەوە " دوای دەست بەکاربوونی د.بەرهەم گرفتەکان بۆ ئێمە سەریان هەڵداوەتەوە".

بەرپرسی مەڵبەندی سێی یەکگرتوو دەڵێ ئەوان حیزبێکی ریفۆرمخوازن کە ئەوەش جیاوازە لە گۆڕان و لە هەمانکاتیشدا دەڵێ ئەگەر ئەوان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن " باوەڕمان بە ئازادییەکانە و حیجابکردن و دەسماڵ لەسەر کردن بەسەر ئافرەتاندا ناسەپێنین و دەرگای یانەکانی شەوان داناخەین، ئەو کەناڵانەش داناخەین کە کلیپی رووت بڵاودەکەنەوە".

4

### "هێزەکە بریندارەکانی لەژێر چاودێری پزیشکی دەرهێناون و دەستگیریان کردوون"

## گۆڕان داوای ئاشکراکردنی (هێزی دژە تیرۆر) لە بەغدا دەکات

**تایبەت بەرووداو**

سالار عەزیز، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند کە ئەوانەی شەوی 16ی ئەو مانگە تەقەیان لە بانگەشەکارانی گۆڕان کردووە لە شەقامی سالم "هێزی دژە تیرۆرن"، راشیگەیاند دوای رووداوەکە پەیوەندییان بە بەغداوە کردووە تاوەکو بزانن دژە تیرۆر سەر بە کێیە و "چاوەڕوانی وەڵامی فەرمی بەغدا دەکەین".

شەوی 2010/2/16 لە ئەنجامی ئەو شەڕە تەقەیەی لە سەهۆڵەکە لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی روویدا 4 کەس بریندار بوون، کە بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ لایەنگرانی ئەوانن. زانا محەممەد ساڵح، وتەبێژی لێژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی رەتیکردەوە کە هێزەکانی دژە تیرۆر تەقەیان کردبێ و رایگەیاند چەند کەسێکی نەناسراو خۆیان خزاندووەتە نێو ئاپۆرای بانگەشەکاران و تەقەیان کردووە "لەئەنجامدا هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی رەوشەکە تەقەیان بەئاسماندا کردووە". زانا گوتیشی "ئەوانەی دەستگیرکرابوون چەند کەسێکی تێکدەربوون و رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە". فراکسیۆنی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا ئەو هێزەی بە "هێزی میلیشیای تاڵەبانی" نێو دەبات و، لە بەشێکی بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوە داوە کە "هێزەکە لە کاژێر 2ی بەرەبەیانی 2010/2/17 هەڵیکوتاوەتە سەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و بریندارەکانیان لەژێرچاودێری پزیشکی دەرهێناوەو دەستگیریان کردوون".

شایەتحاڵێکی رووداوەکەی سەهۆڵەکە بۆ (رووداو) گوتی "ئاژاوەیەکە و بۆ سلێمانی بەرێوەیە". ئەو کەسە گوتیشی "دوای تەقەکان خەڵکەکە بڵاوەی کرد، هێزە دەمامکپۆشەکان رۆشتن، من بۆ خۆم چەند بریندارێکم بینی، کە بە ئۆتۆمبیل بران".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیگەرانی خۆی لەو رووداوە دەربڕی و گوتی "ناکرێت لایەنەکان عەقڵی خۆیان بدەنە دەست چەند منداڵ و گەنجێک و لەسەر شەقامەکان، بیکەنە هەرا".

2

## "گۆڕان مانگانە 500 هەزار دۆلار لە پارتی وەردەگرێ"

### گۆڕان: تاوەکو ئێستا پارەمان لەهیچ هێزێکی سیاسی کوردستان و عێراق وەرنەگرتووە

**رووداو-سلێمانی**

لەراگەیێندراوێکدا بەناوی (دەستەیەک لە رۆشنبیران و کەسایەتی بێلایەنی سلێمانی) پاشگەزبوونەوەی خۆیان لە بزووتنەوەی گۆڕان رادەگەیێنن و بزووتنەوەکە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مانگانە 500 هەزار دۆلار لەپارتی وەردەگرێ، بزووتنەوەی گۆڕانیش ئەو تۆمەتەی رەتکردەوە.

ئەو بەیاننامەیە کە لەلایەن لایەنگرانی یەکێتی بڵاودەکرێتەوەو، ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نییە، گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکات تەسلیمی دەستی پارتی بووە "پارتی پارەی باش دەداتە گردەکە تاکو بتوانێت منافەسەی یەکێتی پێ بکات و هەردووکیان لە بەرامبەر خۆیدا لاواز بکات، چونکە پارتی برا گەورەیی دەوێت و گرنگ نییە کێ برا بچووک بێت".

لەراگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە "پاساوی دروستبوونی گۆڕان ئەوەبوو یەکێتی سازشی ئابڕووبەرانە دەکات بۆ پارتی (کە لە راستیشدا وابوو)، بەڵام ئێستا کە بە چەواشەکاری ئەو کورسیانەیان هێنا، پێشبرکێ دەکەن لەگەڵ یەکێتی بۆ چوونە باوەشی پارتی، مانگانە 50 دەفتەر دۆلار لە پارتی وەردەگرن و دەیانەوێت بۆ مل شکاندنی یەکێتی هەموو تەنازولێک بۆ پارتی بکەن".

محەممەد تۆفیق رەحیم، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە بزووتنەوەی گۆڕان پارەی لەهیچ هێزێکی سیاسی کوردستانی و عێراقی وەرگرتبێت "ئەو قسانەی کە دەکرێن ئەسڵ و ئەساسی نییە".

چاودێرێکی سیاسی، کە نزیکە لە یەکێتی پێیوابوو ئەگەر گۆڕان ئەم کارەی کردبێت بۆ خۆی زیانی هەیەو ئەگەر ئەوە دروستکراوی یەکێتیش بێت زیان بە پەیوەندی یەکێتی و پارتی دەگەیێنێ "ئەگەر شتێکی وا هەبێت بۆ گۆڕان مەترسیدارە، بەڵام ئەگەر کاری یەکێتی خۆشی بێت کە پێموانییە سیاسەتی یەکێتی بێت کار لەپەیوەندی یەکێتی و پارتیش دەکات، چونکە ئێستا پارتی خۆی دەزانێت راستی و دروستی ئەو بابەتە چۆنە".

## "هەر یەکەو دوو گوللەم لەسەریاندا"

### پۆلیسی هەولێر نهێنی کوشتنی دوو منداڵەکە لەلایەن باوکە نابیناکەیانەوە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات


**تایبەت بە رووداو**

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر رایگەیاند ئەو پیاوە نابینایەی کە رۆژی 2010/1/2 هەردوو منداڵەکەی خۆی کوشتن لە ئیفادەی پۆلیس دانی بەوە داناوە کە گومانی لەوە هەبووە منداڵەکانی لەخۆی نەبن، بۆیە کوشتوونی. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاشکراشیکرد "ئەو نابینایە سەرپەرشتی باندێکی لەشفرۆشی کردووەو خۆی و ژنەکەی کاری بەدرەوشتییان کردووە".

سامان سەباح تاهیر، 29 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی سەروەرانی شاری هەولێر، هەر دوای کوشتنی هەردوو منداڵەکەی (سیراجەدین، تەمەن 7 ساڵ و سیڤان، تەمەن 1 ساڵ) لە چۆڵەوانییەک لە دەرەوەی شاری هەولێر لەلایەن پۆلیس دەستگیرکراو لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دانی بە کوشتنی منداڵەکانیدا ناو گوتی "دەترسام کە گەورە بن تووشی تاوانکاری ببن، بۆیە هەردووکیانم کوشت". بەڵام عەمید عەبدولخالق تەلعەت لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) نهێنی کوشتنی ئەو دوو منداڵەی ئاشکرا کردو گوتی "سامان لە ئیفادەی پۆلیس دەڵێت: لەبەر ئەوەی گومانم هەبوو ئەو منداڵانە لە من بن، لەبەر ئەوە هەردووکیانم کوشتن، بە منداڵەکانم گوت درێژ بن، ئەوانیش لەبەر ئەوەی منداڵی منن، یەکسەر درێژبوون، منیش هەریەکەو دوو گوللەم لەسەریاندا"، بەڕێوەبەری پۆلیس گوتیشی "خۆی و ژنەکەی کاری بەدرەوشتیان دەکرد".



سامان سەباح تاهیر



سیراجەدین سامان سەباح

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر زانیاری تازەی لەبارەی سامان ئاشکرا کردو گوتی "سامان دوو خانووی هەبوو پێشتر بە خەڵکی راگەیاندبوو کە خانووێکی لە دارەتوو بەکرێ داوە، بەڵام بەکرێی نەدابوو لەوێ سەرپەرشتی کۆمەڵێک ژنی لەشفرۆشی دەکردو کاری پێدەکردن، سامان خۆی کاری خراپی بە ژنەکەی دەکرد، سامان و ژنەکەی خۆیان دانیان بەو تاوانەیان داناوە، تاوەکو کوشتنی منداڵەکانیشی لەسەر ئەو کارە بەردەوام بوون".

12

## ڕاپۆرتە هەواڵ

**28000 ئالایێن کوردستانێ لسەر قوتابییێن زاخۆ دهێنە بەلاڤکرن**

**نەجمەددین ئێرویی - رووداو**

ڕێکخراوا ئالا کۆ بۆ پارستن و چاڤدێری کرنا ئالایێ کوردستانێ هاتیە دامەزراندن، دەسهەلات لسەر هەمی داو و دەزگەهێن حیزبی و حکومی هەیە کۆ نەهێلیت پاقژی و جوانیا ئالایێ کوردستانێ تێکبدەن، ڤێ ڕێکخراوێ دەستکریە ب دابەشکرنا ئالایا لسەر هەمی قوتابییێن دهۆڤەرا زاخۆ. یوسف هەسن بەرپرسێ ڕێکخراوا ئالا بۆ (رووداو ) دیار کر کو وان لبەرە 28000 ئالایێن کوردستانێ ژ قەبارێ بچیک لسەر هەمی قوتابییێن سنوورێ پەروەردا زاخۆدا دابەش بکەن و تا نووکە پتر ژ 4000 ئالایان دابەشکرینە، گۆتژی "چ مەبەستێن پروپاگەندەیی لبەر مە نینە بۆ چ لیستە و کەسان چونکو ئالایێ کوردستانێ نە یێ چ کەس و قەوارەیەکێ یە بەلکۆ یێ هەموو کوردەکییە".

# هەردوو سایدەکەی سەهۆڵەکە، لەسلێمانی بە یەکیان داداو 4 کەس بریندار بوون

**نەوزاد مەحموود و هێمن بابان**
**رووداو-سلێمانی**

دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر بانگەشەکانی هەڵبژاردن دا، مەیدانە سەرەکییەکەی حەماسەت نیشاندانی بانگەشەی هەڵبژاردن (سەهۆڵەکەی سلێمانی) تەقەی تێکەوت، کە لەئەنجامی بەیەکدادانی هەردوو سایدەکەی ئەو شەقامەدا هاتە ئاراوە، بزووتنەوەی گۆڕان پەنجە بۆ (هێزی دژە تیرۆر) ڕادەکێشێ و باس لەدیارنەمانی چارەنووسی چەند برینداریکی خۆی دەکات، بەرپرسانی ئەمنیش بێ ئاگایی خۆیان لەبوونی ئەو هێزە نیشاندەدەن.

**"سەهۆڵەکە،**
**پشکۆ داگیرساوەکانی حەماسەت "**

لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی 25ی تەممووزی رابردوودا، هەوادارانی گۆڕان یەکەمین کەژاوەی بانگەشە توندەکانی خۆیان لەسەهۆڵەکەوە دەرخست. سامان فەوزی، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەهۆڵەکە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دەڵێت "شوێنێکی خۆشەو لەناوجەرگەی بازاڕەوە نزیکەو زۆربەی کۆمپانیا و شوێنە بازرگانییەکان لەوێن. ئەوانەی دێنە نێو سلێمانی و ئەوانەی سلێمانیش جێدەهێڵن، بەو شەقامەدا دەڕۆن".

شەوی 16 لەسەر 2010/2/17 هەردوو سایدی هاتن و چوونی سەهۆڵەکە، کە (سایدی هاتن بەدەست بانگەشەکارانی گۆڕان و سایدی ڕۆشتنیش بەدەست هاوپەیمانیی کوردستانییەوە بوو ) بەیەکیاندادا و چوار برینداری لێکەوتەوە، کە بزووتنەوەی گۆڕان هەر چوار بریندارەکەی بەهەواداری خۆی دانا.

**"گۆڕان بەدوای ناسنامەی**
**دژە تیرۆردا دەگەڕێت"**

دوای ڕووداوەکە فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی دەرکردو داوای کرد ناسنامەی ئەو هێزەی لەو شەوەدا ڕژاوەتە شەقامەکە دیاریبکرێ و داوای دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستانی کرد و لە

## ئەوانەی تەقەیان کردووە نەناسراو بوون

وتەبێژی هێزی ئەمنی لە سلێمانی

بەیاننامەکەدا هەڕەشەی "مولاحەقەی یاسایی و لێپرسینەوەی پەرلەمان" لە بەرپرسە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن و، هێزی دژە تیرۆریش بە "میلیشیای تاڵەبانی" ناودەنێن.

بەپێی بەیاننامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان "شەوی 2010/2/16 لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان و پشتیوانانی گۆڕان لەسەر شەقامی سالم سەرگەرمی ئاهەنگگێڕان بوون، کەچی میلیشیاکانی سەر بە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق بەشێوەیەکی دڕندانە ئەو گەنجانەیان داپلۆسیوەو تەقەیان لێکردوون، لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان بریندار بوون"، لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە "یەکێک لەو میلیشیایانەی تاڵەبانی کە بەهێزی دژە تیرۆر ناسراوە، هەر بەو تاوانە نەوەستاوە، بەڵکو لەدوای سەعات دووی سەر لە بەیانی 2010/2/17 هەڵیکوتاوەتە سەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و بریندارەکانیان لەژێرچاودێری پزیشکی دەرهێناوەو دەستگیریان کردوون".

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەی فراکسیۆنی گۆڕاندا هاتووە "لەکاتێکدا زۆر بەتووندی ئەم کارە هەمەجییەی میلیشیا ناشەرعییەکانی هەرێمی کوردستان مەحکوم دەکەین، داوا لە ئەندامە بە ئەمەک و دڵسۆزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە دەکەین کە هەرگیز فەرمانی داپڵۆسین و تەقەکردن دەرهەق بەهاووڵاتیان جێبەجێ نەکەن". د.شاهۆ سەعید، پەرلەمانتار لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بۆ (رووداو) گوتی "ئەگەر کاربەردەستانی فەرمی بە پێچەوانەوە کار بۆ لیستێکی دیاریکراو بکەن و دژایەتی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان بکەن، ڕووبەڕووی بەدواداچوونی یاسایی و لێپرسینەوەی پەرلەمانیان دەکەینەوە". د.شاهۆ دووپاتیشی کردەوە "چەندین بەڵگەمان لایە کە چەند بەرپرسێکی هێزی دژە تیرۆر کە میلیشیایەکی ناشەرعیی سەر بە یەکێتی نیشتمانییە، بەشدارییان لە تاوانەکەی سلێمانی و هەڵکوتانە سەر نەخۆشخانەی فریاکەوتن کردووە".

نەریمان عەبدوڵڵا، کە ئەندامی لێژنەی ناوخۆ و ئاسایشییە لەسەر لیستی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت "یەکێتی هێزی دژە تیرۆری لەو ناوچانە بڵاوکردووەتەوە کە لایەنگرانی گۆڕانیان لێ زۆرە". نەریمان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان دوێنێ لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە "بەڵێنی پێدراین هیچ دەستوەردانێک لە ڕێوشوێنەکانی دادگادا نەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها قسەکانی مەڵبەندی وەرگرتبوو، هەستمان بە لایەنگریی ئەو کرد، چونکە پێیوابوو ئێمە هێرشمان کردووە، لەکاتێکدا مەڵبەندی سلێمانی یەک تەقەشی لێنەکراوە".

سالار عەزیز، کە سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕانە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ڕایگەیاند "پەیوەندیمان بە بەغداوە کردووە تاوەکو بزانین هێزی دژە تیرۆر سەر بە کێیە"، عەزیز گوتی "دژە تیرۆر نە سەر بەهەرێمی کوردستانەو نە سەر بە بەغدایە، ئەوان نە ئاسایشن و نەپۆلیس، ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی فەرمی بەغدا دەکەین". سالار عەزیز ڕایگەیاند کە هێزەکە "چەند برینداریکی ئێمەیان لەنەخۆشخانە ڕفاندووەو دەستگیریان کردوون و یەکێک لەبریندارەکانیش کە برینەکەی سەختە، بردوویانەتەوە بۆ نەخۆشخانەو ئەوانیدیکە لەئاسایش زیندانین".

بەرپرسانی ئەمنی شاری سلێمانی ڕەتیانکردەوە کە دژە تیرۆر تەقەی کردبێت. زانا محەممەد ساڵح، وتەبێژی لێژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ڕایگەیاند چەند کەسێکی نەناسراو خۆیان خزاندووەتە نێو ئاپۆرای بانگەشەکاران و تەقەیان کردووە "لەئەنجامدا هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی ڕەوشەکە تەقەیان کردووە بەئاسماندا، هەرچەندە ڕێنمایی ئێمە بۆ هێزەکانی پۆلیس ئەوەیە کە تەقە نەکەن". ئەو وتەبێژە گوتیشی "ئەوانەی دەستگیرکرابوون چەند کەسێکی تێکدەربوون و ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە".

سالار عەزیز ڕەتیکردەوە ئەوانەی تەقەیان کردووە خەڵکانی نەناسراو بن و دەڵێ "ئەوانە هێزی دژە تیرۆرن". هەروەها گوتیشی " ئێمە لەچارەنووسی بریندارو گیراوەکان بێدەنگ نابین".



دوای شەڕە پەڕۆ گوللە تەقاندن دەستی پێکرد (فۆتۆ:کاوە شێخ عەبدوڵڵا)

## ئەوانەی تەقەیان کرد میلیشیای هێزی دژە تیرۆر بوون

سەرکردەیەکی گۆڕان

**"خەریکە ئاژاوە بەرۆکی سلێمانی دەگرێت "**

تەقەکردنەکەی شەقامی سەهۆڵەکەی سلێمانی، کە دواجار بڵاوەپێکردنی بانگەشەکارانی بەدوای خۆیدا هێنا، بەبۆچوونی شایەتحاڵێک کە بۆ خۆی لەو کاتانەدا لەشەقامەکە بووە "ئاژاوەیەکە و بۆسلێمانی بەڕێوەیە". ئەو کەسە گوتیشی "دوای ئەوەی تەقەکان کران خەڵکەکە بڵاوەی کرد، هێزە دەمامکپۆشەکان ئەو ناوەیان جێهێشت و ڕۆیشتن، من بۆ خۆم چەند بریندارێکم بینی، کە بە ئۆتۆمبێل بران".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیگەرانی خۆی لەو ڕووداوە دەربڕی و لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ناکرێت لایەنەکان عەقڵی خۆیان بدەنە دەست چەند منداڵ و گەنجێک و لەو سەرشەقامانە، بیکەنە هەرا". چاوڕەش گوتیشی " تەقە کراوەو خەڵک بریندار بووەو خەڵک گیراوە، ئەمەش وادەکات دواتر شیرازەکە لەدەست دەربچێت و نەکەوێتە دەست هێزە ئەمنیەکانەوە، پێویستە حکومەت ڕێگەیەک دابنێت و ناکرێت چارەنووسی هەڵبژاردنەکە بەو شێوەیە بڕوات".

بەڕێوەبەری پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکانی سلێمانی ڕایگەیاند، کە ئەوان سوورن لەسەر پاراستنی ئەمنیەت و گوتیشی "ئەگەر بزانین بانگەشەکان بەئاقارێکی توندتردا دەڕۆن، دەبێت ئێمە شێوازی کاری خۆمان بگۆڕین". عەقید لوقمان شاسوار گوتیشی "تاپێمان بکرێت، بوار بەسەرهەڵدانی ئاژاوەو گێرەشێوێنی نادەین و هەمووانیش ئازادن بەشێوەی هێمنانە بانگەشە بکەن".

# لاإلەإلالله محمد رسول الله دەکەوێتە سەر زەوی

*** مەلایەک: هەرکەسێک بزانێ دەکەوێتە سەر زەوی گوناهبار دەبێ هەڵیبواسێ**

*** زانا ڕووستایی: ئەو کەسە گوناهبار دەبێ کە پۆستەرەکانمان دەدڕێنێ، نەک کۆمەڵی ئیسلامی**

**ئاری عوسمان**
**رووداو-هەولێر**

کۆمەڵی ئیسلامی ئیسلامیی کوردستان لە بانگەشەی هەڵبژاردن شایەتمانی موسڵمانان (لا اله الا الله محمد رسول الله) دەکاتە باکگراوەندی پۆستەرەکانی و بەهۆی دڕاندن و لێبوونەوەی ئەو پۆستەرانەش ئەویش دەکەوێتە ژێر پێیان، ئەوەش بۆچوونی جیاوازی دروستکردووە لەسەر بەکارهێنەران و لێکەرەوەکانیان.

ئاڵای کۆمەڵی ئیسلامی ڕەنگی سپییە و بە ڕەنگی سەوزیش لەسەری نووسراوە (لاالەالاالله محمد رسول الله) بۆیە ئەو حیزبە ئاڵاکەی لە زۆربەی پۆستەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێناوەتەوە. زانا ڕووستایی، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی " ئێمە حیزبێکی ئیسلامین ئاڵای حیزبەکەمان لەناوی نووسراوە (لاالەالاالله محمد رسول الله) بۆیە بەکارهێنانی لە پۆستەرەکانی بانگەشکردن بە کارێکی ئاسایی دەزانین، چونکە کۆمەڵ سیاسەت و بەرنامەکەی هەڵقولاوی ئیسلامە و هەموو ئەندامانیشی پابەندن بە ئایینی ئیسلامەوە، هەروەها ئێمە بە ئاشکرا گوتوومانە ئێمە حیزبێکی ئیسلامین و بۆ ئاینی ئیسلام تێدەکۆشین ".

ڕووستایی ئەو کەسانە بە گوناهبار دەزانێ کە پۆستەرەکانی لیستەکەیان دەدڕێنن "لەچەندین شوێن پۆستەرەکانمان کەوتوونەتە بەر هێرشی لێکردنەوەو دڕاندن، ئەوەی پۆستەرەکانمان دەدڕێنێ بەرامبەر بە یاسا و خوداش بەرپرسیارە چونکە ئەوە دەستدرێژییە بۆ سەر (لاالەالاالله محمد رسول الله) بۆیە ئەو کەسە گوناهبار دەبێ کە پۆستەرەکە دەدڕێنێ، نەک کۆمەڵی ئیسلامی".

لە هەڵمەتی ئەمجارەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دا کۆمەڵی ئیسلامی زۆر بەچڕی کار لەسەر زەقکردنەوەی ئایین لە ڕێکلام و بانگەشەی هەڵبژاردنی دا دەکات، تەنانەت لە ئاهەنگی ڕاگەیاندنی لیستی کۆمەڵ لە هەولێر، عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی گوتی "ئەوەی دەنگمان نەداتێ لە قیامەت شکاتی لێدەکەین".

مەلایەکان کەوتنی (لاالەالاالله محمد رسول الله) لەسەر زەوی بە کارێکی نەشیاو و گوناح دەزانن. مەلا عەلی خەتێ، ئەندامی لێژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە گوتی " (لاالەالاالله محمد رسول الله) گەورەترین وشەی قورئانی پیرۆزە ئەگەر بکەوێتە بەر شوێنێکی پیس مەکروهە هەڵبواسرێت، بەڵام حەرامە بدڕێندرێت و بکەوێتە سەر زەوی، ئەوە سوکایەتییە بە قورئان و ئاینی ئیسلام"، گوتیشی "هەرکەسێک ئەو وشەیە هەڵبواسێ و بزانێ دەکەوێتە سەر زەوی و بەرپێی خەڵک ئەوە گوناهبار دەبێ هەڵیبواسێ". بە بڕوای مەلا عەلی هەڵبژاردنی پەرلەمان کارێکی دونیاییە "بۆیە نابێت قورئان بکەیە خزمەتکاری دونیا".

هەر کاتێک هیوا ڕەئوفی تەمەن 26 ساڵ، پۆستەرێکی کۆمەڵی ئیسلامی ببینێ لەسەری نووسراوە (لاالەالاالله محمد رسول الله) و لەسەر زەوی کەوتووە، ئەو خێرا هەڵیدەگرێتەوەو لە شوێنێکی باش دایدەنێ. هیوا زۆر پەستە لە بەکارهێنانی ئەو دروشمە لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامی و دەڵێت "هەر کاتێک دەبینم ئەوە کەوتووە وا هەستدەکەم ئەگەر هەڵینەگرمەوە گوناهبار دەبم".



لە ئاهەنگی ڕاگەیاندنی لیستی کۆمەڵ لەهەولێر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی گوتی : ئەوەی دەنگمان نەداتێ لە قیامەت شکاتی لێدەکەین (فۆتۆ:AFP )

# گەرموگوڕی بانگەشەکان لەسلێمانی پارتی گەرم ناکاتەوە

### سەرچاوەیەک لە ڕێکخستنەکانی پارتی:
### لەسەرەوە ڕاسپێردراوین شەڕە پەڕۆ نەکەین



**رووداو-سلێمانی**

هەڵمەتی هەڵبژاردن لەشاری سلێمانی بەگەرموگوڕی، تا ڕۆژی چوارشەممە 17/ 2پێی نایە شەشەمین ڕۆژییەوە، بەڵام تائێستا پارتی لەو سنوورە، لەقۆناخی ساردوسڕترین بانگەشەدایە بۆ کاندیدەکانی و لیستی هاوپەیمانی کوردستان، سەرپەرشتیاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتی لەو شارە دەڵێ "بەهۆی دەرەنگ گەیشتنی پۆستەرو پلانکارت و ئاڵای پارتی، هێشتا بانگەشەی گەرممان دەستپێنەکردووە".

سەرچاوەیەک لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنووری پارێزگای سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "ساردوسڕی بانگەشەکانی پارتی لەو سنوورە ڕاسپاردەی سەرەوەی پارتییە کە شەڕە پەڕۆ نەکەین".

لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن 2010/2/12، سلێمانی بانگەشەیەکی گەرموگوڕ بەخۆیەوە دەبینێ و جگە لە لیستە ڕکابەرەکانی گۆڕان و هاوپەیمانی کوردستان، لیستەکانی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیش، بەچڕی دەستیانکردووە بەبانگەشەو شەوانە شەقامە سەرەکییەکانی ئەو شارە پڕ دەکەن لە هەوادارانیان، بەڵام تەنیا ئاڵای زەردی پارتی و پۆستەری کاندیدەکانی ئەو حیزبە لەسلێمانییدا بەکەمی دەبینرێن، تەنانەت لەهێندێ شوێن جگە لەبەردەم بارەگاکانی خۆیان پۆستەری هیچ کاندیدێکیان هەڵنەواسراوە. سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی 4 ی پارتی لەسلێمانی بە (رووداو)ی گوت "دوێنێ شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی، گەیشتە سلێمانی و بەرنامەی بۆ دەستپێکردنی بانگەشەیەکی گەرموگوڕ دانا"،

## بەنیازین لەمەوداو بەگەرمی دەست پێبکەین

سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی پارتی لەسلێمانی

بەپرسی لقی چواری پارتی کە لەهەمانکاتدا سەرپەرشتیاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتییە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ڕوونیکردەوە "بەشدار نەبوونی پارتی لەهەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، پەیوەندیی بەدواکەوتنی ئەو کەلوپەلانەوە هەیە کە بانگەشەیان پێدەکرێ وەک ئاڵای پارتی و پلانکارت"، گوتیشی "لەمەودوا زۆر بەچڕی هەواداران و لایەنگرانمان دەست بەبانگەشە دەکەن".

سەرچاوەیەک لە ڕێکخستنەکانی نێو پارتی بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی ساردوسڕی پارتی لەبانگەشەکان، ئەندامان ولایەنگرانمان گلەیی زۆر دەکەن کە پارتی لەکاتێکی وادا دەستەوەستان بەدیار لایەنگرانی یەکێتی و گۆڕانەوە دانیشتووەو هیچ هەڵوێستێکی نییە بۆ هاندانی جەماوەر لەهەڵبژاردن"، گوتیشی "بەڵام لەسەرەوە ڕاسپێردراوین کە واز لەشەڕە پەڕۆ بێنین و بەبێدەنگی کاربکەین".

# هەر لەبەر ئەوەی پرچیان دیاربوو، پەرچەمی 9 قوتابی کچیان بڕی

### پەرلەمانی کوردستان بە دواداچوونی کێشەی قوتابخانەی ڕۆزە دەکات

**ئاری عوسمان**
**رووداو-بنەسلاوە**

لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە قەزای بنەسڵاوە بەڕێوەرو یاریدەدەرەکەی پەرچەمی 9 قوتابی کچ دەبڕن و هەڕەشە لە قوتابییەکان دەکەن کە بۆ ڕاگەیاندن قسە نەکەن، سەرۆکی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن.

ڕۆژی 2010/2/11 لەبەرچاوی قوتابییان، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆزەی بنەڕەتی لە قەزای بنەسڵاوە، لەگەڵ یاریدەدەرەکەی، پەرچەمی 9 قوتابی پۆلی 7 و 8ی بنەڕەتیان بڕی، بە بیانووی ئەوەی قژیان لەدەرەوەبووە. ئەحمەد قادر ڕەمەزان، بەڕێوبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "کە ئەو هەواڵەمان بیست زۆر نیگەران بووین، بۆیە یەکسەر لێژنەیەکمان پێکهێنا، ئێستا چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە دەکەین بۆ ئەوەی بڕیاری خۆمان بدەین".

سەرەڕای پێکهێنانی لیژنە لەلایەن پەروەردەی دەشتی هەولێر، کەچی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆزەی بنەڕەتی ڕەتیکردەوە ڕووداوی لەو شێوەیە لەو قوتابخانەکەی ڕوویدابێ. بەڵام مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە ڕاستی پەرچەم بڕینی ئەو قوتابیانەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردەوەو، ئەو مامۆستایە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "ئەو قوتابیانە تەنیا لەبەرئەوەی قژیان دیاربووە، بە بەرچاوی قوتابییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرو جێگرەکەی قژیان بڕدرا".

ئەو مامۆستایە ئاشکراشیکرد کە تائێستا چەند جارێک سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکانیان لە توندوتیژییەکانی ئەودوومامۆستایە بەرامبەرقوتابیان ئاگادارکردووەتەوە "بەڵام هیچ لێپێچینەوەیەکیان بەرامبەر نەکراوە"، ئەو مامۆستایە نموونەیەک لە توندوتیژییەکانی بەڕێوەبەرو جێگرەکەی بە نمونە هێنایەوەو گوتی "ماوەیەک لەمەوبەر کچێک تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵ کوڕێک چووبووە دەرەوە، هەموو ڕۆژێک بەڕێوەبەرو جێگرەکەی بە بەرچاوی قوتابیانەوە جنێویان پێدەدا، بۆیە کچەکە بە ناچاری وازی لە خوێندن هێنا".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ڕۆژی 2010/2/15 بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر بڕیاریداوە ئەو دوو مامۆستایە لەو قوتابخانەیە بگوازرێنەوە، بەڵام هەمان ڕۆژ بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە. بەپێی زانیاری ئەو مامۆستایە، بەڕێوەبەرو جێگرەکەی دوای ڕووداوەکە داوایان لە قوتابیانی قوتابخانەکە کردووە کە "خۆپیشاندان بۆ بەردەم پەروەردە بکەن و داوا بکەن بەڕێوەبەرو جێگرەکەی دەرنەکرێن، ئەوان دەیانویست دەزگاکانی ڕاگەیاندن بهێنن و بڵێن ئەوەتا قوتابییەکان حەز ناکەن بەڕێوەبەر و جێگرەکەی دەربکرێن".

قوتابییەکی ئەو قوتابخانەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "مامۆستاکان هەڕەشەیان لێکردین کە بەهیچ شێوەیەک باسی قژبڕینی ئەو قوتابیانە نەکەین، دایکی یەکێک لە هاوڕێ قژ بڕاوەکانم هاتە قوتابخانەو بە مامۆستاکانی گوت بۆ واتان لە کچەکەم کردووەو سکاڵاتان لەسەر تۆمار دەکەم".

عومەر حەمەدەمین نورەدینی، سەرۆکی لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەپەرلەمانی کوردستان نەیشاردەوە کە ئاگاداری ڕووداوەکەن و گوتی "داوای لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکەین، بەڵام سەرەتا دەمانەوێ زانیاری دروستمان لەبارەی ڕووداوەکە دەستبکەوێ، ئەوکات ڕێگەی یاسایی بەکاردەهێنین".

## ڕیپۆرتاژ

**تورکیا پاسەپۆرتی A قبوڵ ناکات**



**ڕووداو-نینا**

لەبەر ئەوەی بە کوردی لەسەری نووسراوە، تورکیا تائێستا پاسەپۆرتی Aی قبوڵ نەکردووە. لیوا موحسین عوسمان، بەڕێوەبەری گشتی پاسەپۆرت و مانەوەی سلێمانی ڕایگەیاند وڵاتانی دونیا کار بە پاسەپۆرتی نوێی عێراق لە جۆری A دەکەن، تەنها تورکیا نەبێت. لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی نینا، عوسمان گوتی"عێراق ئازاد و سەربەخۆیە لە هەڵبژاردنی هەر پاسەپۆرتێک کە مامەڵەی پێوە بکات، وەزارەتی دەرەوە وڵاتانی دونیای ئاگادارکردووەتەوە لەو پاسەپۆرتە نوێیەی بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەری نووسراوە"، گوتیشی"ئێستا تورکیا وەڵامی عێراقی لەبارەی ئێوەڕۆکی پاسەپۆرتەکە نەداوەتەوە، بەڵام هەر دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکات، چونکە هیچ پاساوێکی نییە".

# تاڵەبانی: دەبێ یەکێتی لە کەرکووک و سلێمانی و کۆیە یەکەم بێت

## بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە کەرکووک: ئەو قسەیەی مام جەلال لە بارەی کەرکووک لە ئامارەکانی بەردەستمانەوە سەرچاوە دەگرێ



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**ڕووداو-سلێمانی**

سکرتێری گشتیی یەکێتی دەڵێت دەبێ لە کەرکووک و سلێمانی و کۆیە یەکێتی یەکەم بێت. بەرپرسێکی یەکێتیش ڕایدەگەیێنێت کە یەکێتی هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا لە سلێمانی و کەرکووک بیباتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش ڕەتیدەکاتەوە کە دەنگەکانی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پێشوودا تەنیا دەنگی یەکێتی بووبن و دەڵێت "2010/3/7 دەردەکەوێت کە دەنگەکانی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پێشوودا هی کێ بوون".

یەک ملیۆن و 96 هەزار دەنگدەر لەسلێمانی هەن، لە کۆی 9 لیست کە لەم شارەدا کێبڕکێ لەسەر 17 کورسی دەکەن، چوار لیست: هاوپەیمانیی کوردستان، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی، لەو کێبڕکێیەدا کورسی بەدەستدێنن. بەپێی پێشبینییەکان ئەوانیتر بێ کورسی دەچنە دەرەوە.

ئەگەر ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران لە سلێمانی 70% بێت، ئەوا نزیکەی 770 هەزار کەس بەشداری دەنگدان دەکەن، بەوشێوەیەش نرخی هەر کورسییەک نزیکەی 45 هەزار دەنگ دەبێت.

پارتی لە ئێستاوە خۆی بەبراوە دەزانێت لە پارێزگای دهۆک و لە موسڵیش لایەنە کوردییەکانی دیکە بە ڕکابەرێکی ئەوتۆی خۆی دانانێ، بەمەش پارتی هەستدەکات تەنیا لەو دوو پارێزگایە 16 کورسی مسۆگەری هەیە. گرەوی پارتی لەهەولێریش گرەوێکی زۆر قورس نییە ئەگەر نیوە زیاتریش نەهێنێت، بەرپرسێکی باڵای پارتی دەڵێت " هێزی یەکەم دەبین لەهەولێر"، لەسلێمانی و کەرکووکیش ئەگەر 4 بۆ 5 کورسی بێنێت دەبێتە براوەی هەڵبژاردن بەوەی کە لەنێو هێزە کوردییەکاندا یەکەم هێز دەبێت بە بردنەوە لەسێ پارێزگادا و بەمەش ئەم هەڵبژاردنە نە پارتی دەخاتە دڵەڕاوکێوەو نە چارەنووسسازیش دەبێت بۆ ئەو.

جەعفەر ئیمینکی بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە گوتی کە پارتی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و مووسڵ یەکەم دەبێت. ئیمینکی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پێشبینی دەکەن کورسییەکانی پارتی لە سەرانسەری کوردستان لە نێوان 26- 32 کورسی بێت.

بەپێچەوانەی پارتییەوە، یەکێتی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر قورسدایە، کە دەرچوون لێی ئەستەمە. پارتی بەپێی لێکدانەوەکانی خۆی لایەنی کوردی براوە دەبێت لە سێ پارێزگادا. یەکێتی بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی بمێنێتەوە لەگەڵ پارتی و بۆ ئایندەش شەریک بێت لە حکومەتدا، پێویستی بەوەیە هێزی خۆی نیشان بدا، جاران کەرکووک و سلێمانی مەڵبەندی یەکێتی بوون، ئێستا گۆڕان زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێ "ئێمە لیستی یەکەمی ئەو دوو پارێزگایەین". بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتی، مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە لەپێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە کەرکووک بەڕێوەچوو، بەرپرسانی یەکێتی ئاگادارکردەوە کە دەبێ بۆ ئەم هەڵبژاردنە هەموو ئامادەکارییەک بکەن و ئەوەی لەتوانایاندا بێ بۆ سەرکەوتنی یەکێتی بیکەن. بەپێی گوتەی ئەو سەرچاوەیە بۆ (ڕووداو) "مام جەلال سێ ناوچەی زۆر بەلاوە گرنگە و گوتی نابێ لە کەرکووک و کۆیە بدۆڕێین، دەبێ ئەمجارە لە سلێمانیش بیبەینەوەو بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستیشماندان دەیبەینەوە".

محەممەد دێشوانی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە کەرکووک، کە ئێستا کەسێکی نزیکە لە مام جەلال، پێیوایە ئەم قسەیەی مام جەلال لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە" لە کەرکووک کۆمەڵێک زانیاری و ئاماری گرنگمان بەدەستەوەیە دەریدەخات کە یەکێتی لە کەرکووک یەکەم دەبێت، بوونی مام جەلالیش لە کەرکووک گرنگییەکی گەورەی هەیە، بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دیکەش زانیاری گرنگ هەیە بۆ سەرکەوتنی یەکێتی، مام جەلالیش لەوپەڕی ئاگاییەوە قسە لەسەر دۆخەکە دەکات".

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئاماژە بەوە دەکات کە چاوەڕوان دەکرێت یەکێتی لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا دەنگێکی بەرچاو بەدەستبێنێت" یەکێتی لەهەموو شارەکانی کوردستان، لەهەولێر و سلێمانی و کەرکووک و ناوچەکانی دیکەش پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی هەیە".

سەعدی پیرە، پێیوایە هەڵەیە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25، بکەینە پێوەر بۆ ئەم هەڵبژاردنەو ناشکرێت ئەو کورسیانەی گۆڕان هێنای تەنیا بەهی یەکێتی بزانین "خەڵک لەهەڵبژاردنی پێشوودا دەنگی بەگۆڕان نەدا، بەڵکو ڕەخنەی لە خراپی کاری یەکێتی و پارتی هەبوو، خەڵک تووڕە بوو، ویستی هاوپەیمانی کوردستان بەهۆشی خۆی بێنێتەوە، ئەو دەنگانەش کە گۆڕان هێنای 2010/3/7 دەریدەخات کە هی کێ بوون".

سلێمانی خاوەنی 17 کورسییەو لە تەواوی پارێزگاکانی دیکە ململانێی زیاتری لەسەرە، جگە لە گۆڕان و یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ، هاوپەیمانەکانی یەکێتی و پارتی کە سۆسیالست و شیوعی و زەحمەتکێشانن چاوەڕوانی بەدەستهێنانی کورسین لەم پارێزگایەدا.

بەپێی گوتەی جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی "پارتی لەسلێمانی تەرکیزی لەسەر چوار کاندیدە". سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لە سلێمانی چاوەڕێی 3 بۆ 4 کورسی دەکەین و ڕێکخستنەکانی خۆمان و جەماوەری خۆمان ئاگادارکردووەتەوەو کاری باشیشمان بۆ کردووە". چاوەڕوان دەکرێت پارتی و یەکگرتوو هەریەکە نزیکەی 100 هەزار دەنگ لە سلێمانی بێنن، کە دەکاتە 2 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش کورسییەک بەدەستبێنێت.

بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری ناو بزووتنەوەی گۆڕان، سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕوانی 8 کورسی دەکات لە پارێزگای سلێمانی.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، هەرچەندە بەژمارە ئاماژە بەوە نادات کە چەند کورسی دەهێنن، بەڵام بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەدڵنیاییەوە لەم هەڵبژاردنەدا گۆڕان لە هەڵبژاردنی پێشوو باشتر دەبێت لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا، لەکەرکووک و سلێمانی سەرکەوتنی گەورە بەدەستدێنێ و لەناوچەکانی دیکەش دەنگی زۆر باش دێنێ".

ئەگەرگۆڕان 7 کورسیش بەدەستبێنێ، هەر دەبێتە لیستی یەکەم و ئەوکات یەکێتی لە سلێمانیدا دەبێتە هێزی دووەم، چونکە ئەو حەوت کورسییەی دەمێنننەوە هەموویان بۆ یەکێتی نابن، بەڵکو پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵیش کورسی دەبەن. بەمەش پێگەی گۆڕان بەهێزتر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا کە بڕیارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا بکرێ، ئیدارەی ئەو شارە بگرێتە دەست.

کەرکووک، شارێکە هیچ هێزێک بەتەنیا ناتوانێ ببێتە خاوەنی، کورد لەهەموو ئەگەرێکدا ئەستەمە بتوانێ 8 کورسی زیاتر بەدەستبێنێت، بەپێی گوتەی مام ڕۆستەم، سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک، گۆڕان دەنگی باش بەدەستدێنێ و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" گۆڕان هێزی یەکەم دەبێت لە کەرکووک و جگە لە کورد عەرەب و تورکمانێکی زۆریش دەنگ بە گۆڕان دەدەن"، پارتیش لەکەرکووک چاوەڕێی 2 کورسییە، بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی یەکێتیش لە کەرکووک" یەکێتی تەرکیزی لەسەر چوار کاندیدە کە د.نەجمەدین کەریم و خالید شوانی و ئاڵا تاڵەبانی و د.مەلا سیروانە".

هەرچەندە یەکێتی لە ناوچەکانی خانەقین و جەلەولا و سەعدییەو جەبارە، پێگەیەکی جەماوەری زۆری هەیە، بەڵام ئەم ناوچانە بەشێکی کەمن لە دەنگی پارێزگای دیالە و لەهەموو ئەگەرێکدا کورد بەهەموو لایەنە جیاوازەکانەوە 3 کورسی زیاتر ناهێنێت لە 13 کورسییەکەی پارێزگای دیالە، کە گۆڕان لەوێش چاوەڕێی کورسییەکە.

ئەگەر یەکێتی بتوانێ لە پارێزگای کەرکووک و سلێمانی براوەی یەکەم بێت و 3 کورسی پارێزگای دیالە بەدەستبێنێت، ئەوا بەئاراستەی گەشانەوەدا دەڕوات، بەڵام ئەگەر لە هیچ پارێزگایەکی کوردستاندا براوە نەبێت، ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی بەهێزە، ئەگەر هەڵیشنەوەشێتەوە ئەوا لەپاش 2013 کە کۆتایی تەمەنی ئەو ڕێککەوتنەیە ئەوکات یەکێتی لە حکومەت و حوکمڕانی دوور دەکەوێتەوە، بەهۆی ئەزموونی ڕابردووشیەوە دۆخی ئۆپۆزسیۆنبوون بۆ ئەو زۆر قورسە.



وێنەیەک ڕکابەری توندی نێوان یەکێتی و گۆڕان لە سلێمانی بەدیار دەخات

(فۆتۆ: کاوە شێخ عەبدوڵڵا)

# پارتی: چوار کورسی لە کەرکووک بەدەستدێنین

**ڕووداو- کەرکووک**

بڕیار نییە هیچ بەرپرسێکی باڵای پارتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێتە کەرکووک و پێشبینی دەکرێ هەشت کورسی کەرکووک (لەکۆی 12 کورسی پارێزگای کەرکووک) بۆ کورد بێت و پارتی دەڵێ چوار کورسی بەدەستدێنێت.

کەرکووک، بۆ تەواوی لیستە کوردستانییەکان بەدەر لەبەدەستهێنانی کورسی لە ڕوانگەی سیاسیشەوە پێگەو قورسایی خۆی هەیە، کورد و عەرەب و تورکمانیش بۆ ئەوەی بیسەلمێنن زۆرینەن هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ دەدەن.


هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک، بۆ کورد چارەنووسسازە، یەکێتی بەزۆرترین قورسایی خۆیەوە کە سکرتێری گشتی حیزبەکەیەتی لە کەرکووکەو کار بۆ لیستەکەی دەکات، بزووتنەوەی گۆڕانیش کە چەند سەرکردەیەکی وەک مام ڕۆستەم و جەلال جەوهەری تێدایە لە کەرکووک کار دەکات و بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری بزوتنەوەی گۆڕان، لەگەڵ نزیکبوونەوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا خودی نەوشیروان مستەفاش دەچێتە کەرکووک.

تاوەکو ئێستا هیچ بەرپرسێکی باڵای پارتی، لەئاستی مەکتەبی سیاسی و باڵاتر نەچووەتە کەرکووک بۆ ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدەکانی بکات و هیچ بڕیارێکیش نییە بەرپرسانی پارتی بچنە کەرکووک بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن.

نەجات حەسەن، بەرپرسی لقی 3ی پارتی، ڕەتیکردەوە پارتی دەستی لە کەرکووک شۆردبێ "پارتی ڕێکخستنێکی زۆر فراوانی هەیە لە پارێزگای کەرکوک، ئەوەی پێویست بووبێ کردوومانە، ڕێکخستن و جەماوەری خۆمان ئاگادار و هۆشیار کردووەتەوە".

نەجات حەسەن، پێیوایە نەهاتنی بەرپرسانی باڵای پارتی بۆ کەرکووک نابێتە گرفت "ڕاستە ئێستا مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقەو مافی خۆشیەتی وەک سکرتێری حیزبێک بێتە کەرکووک و کار بۆ سەرخستنی لیستی هاوپەیمانی و کاندیدەکانی یەکێتی بکات، بەڵام نەهاتنی مەکتەب سیاسی و جەنابی سەرۆکی پارتی بۆ کەرکووک گرفت نییە، چونکە من لێرە نوێنەری جەنابی سەرۆک و مەکتەبی سیاسیم و لەبری ئەوان هەموو کارەکان دەکەم".

کەرکووک خاوەنی 12 کورسییە لەپەرلەمانی عێراقدا، لەهەموو ئەگەرەکاندا کورد 8 کورسی بەدەست ناهێنێ، محەممەد دێشوانی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی ڕایگەیاند "بەپشت بەستن بەهەندێک ئامار و ڕاپرسی یەکێتی لە کەرکووک یەکەم دەبێت"، مام ڕۆستەمی سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە "گۆڕان لە کەرکووکدا یەکەم دەبێت"، ئەگەر لیستێکیش یەکەم بێت لەم شارەدا پێویستی بەوەیە 4 کورسی بەدەستبێنێت، ئەگەر کورد 7 کورسی بەدەستهێناو، هیچ کام لە هێزە ئیسلامییەکان کورسییان بەدەست نەهێناو هەریەکە لە گۆڕان و یەکێتی 3 کورسی بەدەستبێنن، کە چاوەڕێی زیاتر لەو ژمارە کورسییەن، چی بۆ پارتی دەمێنێتەوە؟




### دەستمان لە کەرکووک نەشووشتووە

نەجات حەسەن

بەرپرسی لقی سێی پارتی، ئاماژە بەوە دەکات کە پارتی سەرکەوتنی گەورە لەو شارەدا بەدەستدێنێ "لەو کورسیانەی کەبەر کورد دەکەون بەشێکی سەرەکیان بۆ پارتی دەبن و چاوەڕێی 4 کورسی دەکەین و سەرکەوتنی گەورە بەدەستدێنین".

پارتی 7کاندیدی هەیە لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا لە کەرکووک. بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، پارتی کار بۆ 3 کاندید دەکات لەنێو ڕێکخستنەکانیدا کە ئەوانیش عارف تەیفور، عەدنان کەرکووکی و د.ناسیح غەفورە. بەڵام بەرپرسی لقی پارتی، دەڵێت "بۆ ئەو مەبەستە بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەیەو قسەی لەسەر ناکەین".



### ڕێگەی خۆمان هەیە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و دەمانەوێ ئارامی بپارێزین

دناسیح غەفوور

یەکێتی و گۆڕان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن کۆبوونەوەی جەماوەری فراوان دەکەن و کەژاوەی ئۆتۆمبێل دروستدەکەن بەناو شەقامەکانی کەرکووکدا، بەڵام پارتی تاوەکو ئێستا پەنای نەبردووەتە بەر ئەم شێوازە لە بانگەشەی هەڵبژاردن.

د.ناسح غەفوور، کاندیدی پارتی ئاماژە بەوە دەکات ئەوان ڕێگەی خۆیان هەیە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن "لاسایی خەڵکی دیکە ناکەینەوەو مەرج نییە هەر کەسێک شتێکی کرد ئێمەش بیکەین، ڕێگەی خۆمان هەیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەمانەوێ ئارامی بپارێزین و خەڵک ماندوو بێزار نەکەین، چونکە خەڵکی کەرکووک جیاوازتر لەشارەکانی دیکە بەشداری هەڵبژاردن دەکات".

ناسح عەفوور، لەو باوەڕەدایە کورد زۆرینە دێنێ "پێشبینی دەکەین کورد 2 لەسەر 3ی کورسییەکانی کەرکووک بەدەستبێنێت، بەمەش لە 12 کورسییەکە 8 کورسی دەبات و لەو 8 کورسییەش کە پشکی کوردە پارتی 3 بۆ 4 کورسی دەبات و موفاجەئەش هەیە".

# ریپۆرتاژ

## ئالوسی هاشمی بە تیرۆرکردنی کوڕەکانی تۆمەتبار دەکات





رووداو-الشرق الاوسط
تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماریی عێراق، لە وەڵامی تۆمەتەکانی میسال ئالوسی، کە ئەوی بە شاردنەوەی مەسەلەی کوشتنی دوو کوڕەکەی لەلایەن ئەسعەد هاشمی، وەزیری پێشووی رۆشنبیری عێراق تۆمەتبار کردبوو، داوای لە دەزگا پەیوەندیدار و دادگای عێراقی کرد لێکۆڵینەوەکانیان زیاتر بکەن بەتایبەت لەبارەی دۆسیەی دوو کوڕەکەی ئالوسی، کە دوای سەردانی ئالوسی بۆ ئیسرائیل لەگەڵ پاسەوانێکدا لە ساڵی 2005 تیرۆرکران. لەمبارەیەوە هاشمی گوتی "داوای لێکۆڵینەوە لە کوشتنی کوڕەکانی ئالوسی دەکەم، تائێستا نازانم کێ لە پشت کوشتنی سێ براکەمەوەیە، با لێکۆڵینەوەی وردتر لە مەسەلەکانی تیرۆر بکرێ". ئالوسیش دووپاتیکردەوە بەنیازە سکاڵا لە دژی هاشمی تۆماربکات و بە تۆمەتی دەست هەبوون لە تیرۆرکردنی دوو کوڕەکەیدا.

# دروشمە وێکچووەکانی پاڵێوراوان دەنگدەری کوردیان بێزار کردووە

## لە پروپاگەندەی هەڵبژاردندا دروشم و بەڵێنە لێکچووەکان بەسەدانن

رێبەند سەعدوڵا
رووداو- هەولێر

هەر کاندیدێکی لیستەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی لە کاتی بانگەشەکردن بۆ خۆی، ئاماژە بەنەهێشتنی گەندەڵی و گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات، دواتر پرسی مامناوەندی و هەندێک جاریش پرسە زۆر سەرەتاییەکان لەگەڵ جەماوەردا دەوروژێنێ، بەڵام هێشتا خاڵە بنەڕەتییەکانی دروشمی هەموو لیستەکان لەبنەڕەتدا هاوبەشن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نادۆزیەوە، جگە لەوەی هەندێک لەو دروشمانە لە وەدیهاتنەوە دوورن.

نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، چەند رۆژێک پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، لە دیدارێکی کەناڵی ئاسمانیی (الجزیرە)دا گوتی ئامانجەکانی بزووتنەوەی گۆڕان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئامانجەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا، بەڵام ئەوە شێوازی کارکردنیانە کە جیاوازە لەگەڵ شێوازی هاوپەیمانی.

### دروشمەکان هەر چۆنێک بن ئێمە بە بنەماڵەوە خۆمان یەکلایی کردووەتەوە

هاووڵاتییەک

هێمن عومەر،41 ساڵ، کاسبکار لە بازاڕی هەولێر، لەبارەی کاریگەریی دروشم و بەڵێنەکانەوە دەڵێت "ئێمە بەبنەماڵەوە خۆمان یەکلا کردووەتەوە کە دەنگ بۆ کێ دەدەین، بۆیە دروشمەکان و پروپاگەندەی هەڵبژاردن هەرچیەک بن کارمان تێناکات".

هێمن لەبارەی ئەو کاندیدانەی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان دەردەکەون و هەمان دروشم دووبارە دەکەنەوە و چەندان بەڵێنی وەک گێڕانەوەی کەرکووک و دابینکردنی هەلی کار و نەهێشتنی گەندەڵی دەدەن، گوتی "ئەوە هەمووی پروپاگەندەیە و کەسیان لەوەی جاران زیاتری پێناکرێ، ئەو کەسەی من دەنگی پێدەدەم لەمێژە دەنگم پێداوە و بەردەوام دەبم لەگەڵی".

شوان محەممەد تەها، کاندیدی

### ئێمە بەدیدێکی نوێ ئەو دروشمانەمان هەڵگرتووە

کاندیدێکی گۆڕان

پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بۆ (رووداو) گوتی "ئێمە رووبەڕووی پرۆسەیەکین کە پەیوەستە بەتەواوی خەڵکی کوردستانەوە، لەبەرئەوە ئاساییە دروشمی هەموو قەوارە و لیستەکان لەیەکترەوە نزیک بن". ئەو پێیوایە هەندێ بنەمای سیاسی هاوبەش لەنێوان قەوارە و لیستەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن کە "گوزارشتن لە هاوخواستی و هاوئیرادەیی خەڵکی کوردستان".

ئوسامە جەمیل، کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێر، بۆچوونێکی نزیک لە کاندیدەکەی پارتی دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ دروشمی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ بوونی کۆمەڵە کێشەیەکی دیاریکراو و هاوبەش دەگەڕێتەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا "لیست و قەوارە سیاسییەکان و تەنانەت کەسێکی ئاساییش درک بەو کێشانە دەکات و، هیچ پرس و کێشەیەکیش نییە دیار نەبێ و ون بێت، بۆ ئەوەی لایەنێک جیا لەوانی دیکە بەدوایدا بگەڕێ و بیکاتە دروشمی خۆی". بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی "سەرباری ئەوە هەر لیستێک بۆچوونی خۆی هەیە لەبارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە".

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن واباشە مانگێک بێت، بەڵام ئەو کاندیدەی یەکگرتوو، دەڵێ لەبەر وەک یەکی دروشمی لیستەکان و بێزاربوونی دەنگدەری کورد بەو هۆیەوە "من لەگەڵ ئەوەدابووم ماوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان تەنیا 10 رۆژ بێت نەک مانگێک، بۆئەوەی سەری خەڵک نەیەشێ، جگە لەوەی پێشبینی دەکەم زۆرینەی خەڵک خۆی یەکلا کردبێتەوە دەنگ بەکێ دەدات، دروشم ئەوەندە کاریگەری نەبێ".

ئاکام محەممەد،21 ساڵ، کە قوتابی زانکۆیە، پێیوایە دووبارەبوونەوەی دروشمەکان شتێکی ئاساییە، چونکە "هەر کاندید و لیستێک هەوڵدەدات لە



### بۆ ئەوەی خەڵک سەری نەیەشێ ماوەی بانگەشە 10 رۆژبووایە باشتربوو

کاندیدێکی یەکگرتوو

هەڵمەتی هەڵبژاردندا باشترین نموونەی خزمەتکردن لە دروشمەکانیدا بەکاربێنێ، لە کوردستانیش داوای زۆرینە لەڕووی نەتەوەییەوە کەرکووکە و لەڕووی داراییەوە هەرزانی و دامەزرانی دەرچووانی زانکۆیە". بەڵام ئەو گەنجەش پێیوایە دروشمەکان ئەوەندە کاریگەر نین لە کوردستا، لەبەرئەوەی "خەڵک لەکوردستان لەسەر بنەمای حیزبایەتی دەنگ دەدات".

سادق رووستایی کاندیدی لیستی گۆڕان لە هەولێر، لەبارەی وێکچوونی دروشمی لیستەکان گوتی"لەوانەیە



### وەک یەکی دروشمەکان نیشانەی هاوئیرادەیی گەلەکەمانە

کاندیدێکی هاوپەیمانیی کوردستان

هەندێک لێکچوون لەنێوان دروشمی ئێمە و دروشمی لیستەکانی دیکەدا هەبێ، بەڵام چەند دروشم و ئامانجی جیاوازیشمان هەن". ئەو کاندیدەی گۆڕان دەڵێ "ئێمە بەدیدێکی نوێ ئەو دروشمانەمان هەڵگرتووە".

دەشێ بگوترێ کە دروشمی قەوارە و کاندیدەکانی کورد بۆ هەڵبژاردن، راستەوخۆ لە بنکەی جەماوەری وەرگیراون و، وروژێنەری ئەو پرسانەن کە لەزەینی هەر هاووڵاتیەکدان.

---

## غازی سەعید بەرپرسێ مەلبەندێ سێ یێ یەککگرتووی ئیسلامی کوردستان:

# ئەگەر ئەم دەسەڵاتێ بگرینە دەست حیجابێ فەرز ناکەین و دەرگەهێ شەڤبێریا ژی ناگرین

**غازی سەعید، بەرپرسێ مەلبەندێ 3 یێ یەککگرتووی ئیسلامی کوردستان ل دهۆکێ د هەڤپەیڤینەکێدا دگەل (رووداو) دبێژی ئەگەر ئەو دەسهەلاتێ وەرگرن بێ دەرسۆکیا ئافرەتان دێ لدەف وان ئاسایی بیت، ئەو لسەر کەسێ ناسەپینن دەرسۆکێ ل سەری بکەن. هەروەسا دبێژی دسەردەمێ کابینا د.بەرهەم سالح دا گەلەک ئاریشە بو وان دروستبووینە. یەککگرتوو کو سێ مەلبەند ل دەڤەرا بەهدینان هەنە : دهۆک، زاخۆ و ئاکرێ، راگەهاند کو ل بەهدینان ئەو دێ پتری یەکێتی نیشتیمانی دەنگان بەن.**

**هەڤپەیڤین: عەبدوللا نهێلی**



**غازی سەعید سلێمان:**
- 1967 ل دهوکێ ژ دایک بوویە.
- 1988 پەیمانگەها تەکنیکی بداوی ئینایە و پاشان ل سالا 1996 کۆلیژا شەریعێ ل دهۆکێ تەمام کریە.
- 2006 ماستەر ب خاندنێن ئیسلامی وەرگرتییە.
- نۆکە ئەندامێ ئەنجوومەنێ پارێزگەها دهوک و بەرپرسێ مەلبەندێ سێ یێ یەکگرتوو ئیسلامی کوردستانە.

**رووداو: بۆ ڤەکرنا مەلبەندێن یەککگرتوو چ رێگری بۆ هەوە نەهاتنە پێش؟**

**غازی سەعید:** بەلێ ل دەڤەرێن زاخو و ئاکرێ حیزبا دەستهەلاتدار و کەسێن دناڤ حزبێ دا گەلەک ئاریشە بۆ مە دروستکرن، ب تایبەتی دەڤەرا ئاکرێ ئەم تووشی گەلەک ئاستەنگان بووین، هەتا مە بنگەهێن خۆ لێ ڤەکرین.

**رووداو: ل دەڤەرا بەهدینان پتر ئاریشێن هەوە چنە؟**

**غازی سەعید:** ئاریشێن مە یێن سەرەکی مایتێکرنا حزبێە دکارێن حکومەتێدا. مە گەلەک ئاریشێن هۆسا هەبوون، بەلێ پشتی کابینا کاک نێچیرڤان بارزانی دەست ب کاربوی هێدی هێدی ئەو مایتێکرنا حزبی دکارێن حکومەتێدا نەما، بەلێ چەند مانگەکە و پشتی کابینا شەشێ دەست ب کابوی جارەکا دی ئەم تووشی وان ئاریشان بووین و مایتێکرنا حزبی د کارێن حکومەتێدا زێدەبوویەڤە.

**رووداو: ب بۆچوونا وە ئەگەرێ زێدەبوونا وێ چنە؟**

**غازی سەعید:** نەشێم ئەگەرا دیارکەم، بەلێ پشتی د.بەرهەم دەست ب کابووی وەکو سەرۆکێ کابینا شەشێ ئاریشا بۆ مە سەرهەلدایە، نۆکە 7 ئەندامێن مە یێن یەکگرتوو ل دەزگایێن حکومی دامەزراندنا وان هاتیە و رازەمەندیا وەزارەتا پەیوەندیدار و وەزارەتا دارایی ژی هاتیە، بەلێ دامەزراندنا وان راوەستاندینە و دبێژنێ دڤێت پەسەندا حزبی بینی، هەروەها بۆ ڤەکرنا دەزگایێن راگەهاندنێ ژی گەلەک ئاریشە بۆ مە دروستبووینە. هەشت هەیڤە مە هەمی کارێن تێلەفزیۆنا زاخۆ ب داوی ئینایینە و رازەمەندیا وەزارەتا نافخۆ مایە، ئەو رێگریێ دکەن و رازەمەندیێ نادەنە مە.

**رووداو: تو ئەندامێ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێی، بۆچی هەوە ئەڤ چەندە نەگەهاندیە لایەنێن پەیوەندیدار؟**

**غازی سەعید:** چار ئەندامێن یەککگرتوو دجڤاتا پارێزگەها دهۆکێ دا هەنە، بەلێ هەتا نۆکە مە چ یاسا نینە ئەم پێ کار

### مە ریڤەبەرێ قوتابخانەکێش ل دهۆکێ نینە

بکەین، یاسا دەرکەفیتیە، بەلێ د بەندەکێ وێدا دبێژیت ئەنجوومەنێ داهاتوو دێ کاری بڤی یاسایێ کەن، لەورا مە چ یاسا نینە داخازا مافێ ڤان کەسان بکەین، بتنێ هندەک ئاریشێن بچیک برێکا پەیوەندیێن مە یێن تایبەت دگەل پارێزگارێ دهۆک و لایەنێن پەیوەندیدار ئەم شیاینە چارەسەر بکەین.

**رووداو: هەتا نۆکە ئەندامێن هەوە چ پۆستێن ئیداری وەرگرتینە ل دهۆک؟**

**غازی سەعید:** ل دەڤەرا بەهدینان کەسێن لێهاتی و زیرەک مەهەنە، بەلێ هەتا نۆکە ئەندامێن مە چ پۆستێن حکومی وەکو رێڤەبەر یان هەتا رێڤەبەرێن قوتابخانا یان

### پشتی دەست بکاربوونا د.بەرهەم ئاریشا بۆ مە سەرهەلدایە

پشکان ژی نە وەرگرتینە، لێ ل دەڤەرێن هەولێر و سلێمانی مە پۆستێن ئیداری وەرگرتینە.

**رووداو:چ ئەندامێن هەوە ل حکومەتێ هاتینە فەسلکرن؟**

**غازی سەعید:** بەری 2005 هندەک مەلا ل دەڤەرا ئاکرێ و زاخۆ ل سەر میلاکێ وەزارەتا ئەوقافێ هاتبوونە فەسلکرن، دیسان چەند ئەندامێن مە یێن د فەرمانگەهێن حکومیدا ژی دهێنە ڤەگوهاستن.

**رووداو: ب زەحمەتترین هەلبژاردن بۆ هەوە کیش هەلبژاردن بوون؟**

**غازی سەعید:** هەلبژاردنێن 2005 یێن پەرلەمانی کوردستانێ بۆ مە سەختترین هەلبژاردن بوون، ژبەرکو ئەم وەکو یەکگرتوو بتنێ ب لیستەکا سەربخۆ بەشداربووین، 7 بارەگایێن مە یێن حزبی ل دەڤەرا بەهدینان هاتنە سۆتن و چەند کادرێن مە ژی شەهید بوون.

**رووداو:هین پێشبینی دکەن ئەو چەند دووبارە ببیتە ڤە؟**

**غازی سەعید:** نەخێر.

**رووداو: هەلبژاردنێن مەها حەفت 2009 یێن پەلەمانێ کوردستانێ، ل بەهدینان چ ئاریشە بۆ هەوە دروست بوون؟**

**غازی سەعید:** خۆشبەختانە چ توندوتیژی دروست نەبوو، بەلێ ل دەڤەرا زاخۆ ئاریشە بۆ مە دروستکرن و سەختەکاری هاتنە کرن، نەهێلان بریکارێن مە ددەمێ لێک ڤەکرنا دەنگا ل بنگەهێن دەنگدانێ ڤە مینن و هاتنە دەرکرن.

**رووداو: لیستا چار حیزبیا ل هەلبژاردنێن 2009/7/25 چ زیان گەهاندنە هەوە؟**

### د سەردەمێ کابینا کاک نێچیرڤانی دا مایتێکرنا حزبێ دحکومەتێدا نەمابوو، بەلێ پشتی د.بەرهەم هاتی یا زێدەبووی

**غازی سەعید:** ئەم وەک یەکگرتوو ل پارێزگەها دهۆکێ دگەلدا نەبووین یەکگرتوو د گەڵ (زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و کۆمەڵ) ببیتەن ئێک لیست، بەلێ یەکگرتوو بریارا خۆدا کو هەڤپەیمانیێ بکەت. ژبەر وێ هەڤپەیمانیێ ئەم ل دهۆکێ تووشی شکەستنەک و زەرەرەکا مەزن بووین.

**رووداو: ئەگەر هین دەسهەلاتێ وەرگرن دێ چ چاکسازی کەن؟**

**غازی سەعید:** چاکسازی ئارمانجا یەکگرتوویە، جیاوازیەکا مەزن دناڤبەرا گۆڕان و چاکسازییێدا هەیە، مە دڤێت ئەم چاکسازیێ د گەلەک لایەنان دا

### مە ئاریشە ل دەڤەرا بەهدینان هەنە و شەش هەیڤە وەزارەتا نافخۆ مۆلەتا تێلەڤزیۆنا زاخۆ نادەتە مە

بکەین، وەکو مایتێکرنا حزبێ دحکومەتێدا نەهێلین، بودجە بشێوەکی یەکسان بهێتە دابەشکرن، چونکە ئەم وەکو دهۆک هەست پێ دکەین کو نە دادپەروەریەکا مەزن د دابەشکرنا بودجەی دا هەیە. ل ڤان سالێن داویێ گۆڕانکارییێن مەزن لسەر هەولێر و سلێمانی دا هاتینە، بەلێ دهوک هەر وەکو خۆ مایە.

**رووداو: ئەگەر هین پرانیا کورسیان ببەن و دەستهەلات بکەڤیتە ددەستێ هەوەدا، دێ دەسمالا ئافرەتا و دەرگەهێن شەڤبێریا گرن؟**

**غازی سەعید:** یەککگرتوو حزبەکا مەدەنییە و باوەری ب ئازادیا تاکە کەسی و بنەمایێن دیموکراسیێ هەیە، لەورا ئەگەر ئەم دەستهەلاتێ ژی وەرگرین، ئەم لسەر کەسێ ناسەپینین کو دەرسۆک و دسمالێ بکەتە سەرێ خۆ، یان دەرگەهێن یانێن شەڤبێریا بگرین، یان کەنالێن سترانێن رووت بەخش دکەن بگرین، چونکە دەرسۆک و حیجاب ئیلتیزامەکا دینییە و گرێدایە ب بیرو باوەرێن هەر ئافرەتەکێ ڤە.

**رووداو: پێشبینی دکەن ل پارێزگەها دهۆکێ چەند کورسیا ببەن؟**

**غازی سەعید:** نۆکە د پەرلەمانێ عێراقێ دا یەککگرتوو ل پارێزگەها دوو کورسی هەنە، بۆ ڤێ جارێ مە 20 بەربژێر هەنە، وەکو کورسی نەشێم ب دروستی بێژم دێ چەند کورسیا بەین، چونکە لسەر چاوانیا برێڤەچۆنا پرۆسا دەنگدانێ دمینیت، بەلێ وەکو لیست ئەم پێشبینی دکەین کو ئەم لیستا دوویێ بین، لدیف پارتی دا ئەم هێزا دوویێ بین. ل دهۆکێ مە پتر ژ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ژی هێزا هەی، ئەم دێ پتر ژ یەکێتی دەنگان بەین. ل هەلبژاردنا 25ێ تەمموزێ دا مە 43 هزار و 846 دەنگ بربوون، لدویف ئەنجامێن 2005 کو ئەم بتنێ بەشداربووین، مە هەر هند دەنگ بربوون، سەنگا مە ل دهۆکێ هەر بڤی رەنگییە و لڤان هەلبژارتنان دێ هەر سەنگا خۆ پارێزین و رەنگە باشتر ژی بیت، هەروەها باوەرناکەم وەکو هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ رێژا بەشداریا خەلکێ دهوکێ بگەهیتە 85%، رەنگە ژ 80% کێمتر ژی بیت.

**رووداو: بۆچی ئەمینداریێ یەککگرتوو**

### ل دهۆکێ ئەم دێ دووەم بین نەک یەکێتی

**وەک حیزبێن دیکە چەندین سالە پۆستێ خۆ بەرنادەت؟**

**غازی سەعید:** ژلایێ ناڤخۆڤە ئەم وەکو یەککگرتوو د بێ ئاریشەینە، هەتا نۆکە مە 5 کۆنگرە یێن گرێدای. گۆڕانکاری تشتەکێ ئاساییە، دناڤا یەککگرتوودا هەنە جهێ رێزدار سەلاحەدین بەهائەدین بگرن، دکۆنگرێ چارێ دا چەند رکابەرەک ژی هەبوون، بەلێ هەر ئەو دەرکەفت.

**رووداو: ژ سەرجەمێ 12 ئەندامێن مەکتەبا سیاسی، بەهدینان بتنێ ئێک ئەندامێ ل مەکتەبا سیاسیا یەککگرتوو هەیە، هین خوە فەرامۆشکری نابینن؟**

**غازی سەعید:** بەلێ، ئەم خوە زەرەرەمەند دبینین، چونکە لدیف سەنگ و

### ئەم وەک بەهدینان خوە زەرەر مەند دبینین ل مەکتەبا سیاسیا یەکگرتوودا

هێزا یەکگرتوو ل بەهدینان، ئێک ئەندامێ مەکتەبا سیاسی گەلەک کێمە، بەلێ رەنگە هندەک جاران ئەگەر ئەم بخۆ بووبین، چونکە یێن بەهدینان نەشیاینە پۆستێن مەکتەبا سیاسی وەرگرن، هەروەها د ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا یەکگرتوودا ژی، ژ سەرجەمێ 35 ئەنداما بتنێ 7 ئەندام بەهدینینە، ئەڤە ژی گەلەک کێمە.

**رووداو: بۆ هەوا پروپاگندا هەلبژاردنان ئەمینداریێ یەککگرتوو دێ ل کیش دەڤەرێ بیت؟**

**غازی سەعید:** بۆ ڤێ جارێ مەکتەبا سیاسی دێ سەرپەرشتیا پرۆسا هەوا پروپاگەندێ کەت، ل دهۆکێ دێ سەعید عەلی عەبۆ ئەندامێ مەکتەبا سیاسیا یەکگرتوو سەرپەرشتیا هەوا پروپاگندا هەلبژارتنان کەت.

# کوردستانی

## دەبێ پەرلەمان لە خۆکوشتنی ژنان بکۆڵێتەوە



ڕووداو-DIHA
نوێنەری شاری شرنەخی باکووری کوردستان، سەڤاهیر بایندەر لە فراکسیۆنی BDP، ڕایگەیاند پێویستە پەرلەمانی تورکیا لە خۆکوشتنی ژنان و گرتنی ژنانی باکووری کوردستان بکۆڵێتەوەو گوتی " لەبەر ئەوەی هیچ هەنگاوێکی پێویست ناهاوێژرێن ژن بە تۆمەتی پاراستنی شەرەف دەکوژرێن و لە ژێر گوشاری داوونەریتەکان خۆیان دەکوژن، لەبەر ئەوەی ئەو دیاردەیە فراوان بوویەوە پێویستە پەرلەمانی تورکیا لێی بکۆڵێتەوە".



# بۆ یەکەمجار هەرسێ پارتە یاساییەکەی باکوور پێکەوە کۆبوونەوە

## شەرەفەدین ئالچی سەرۆکی KADEP: کێشەی ئێمە لەگەڵ BDP ڕیزبەندکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە

**ئازاد کوردی**
**تایبەت بە ڕووداو**

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، بە بەشداری سەرۆکی KADEP شەرەفەدین ئالچی، سەرۆکی HAK — PAR بایرام بۆزیەل و پەرلەمانتاری شاری شرنەخ، سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP حەسیب کاپلان، ڕۆژی 7ی شوباتی 2010 لە شاری ستۆکهۆڵمی سوێد کۆنفرانسی (ڕێگە کردنەوە لەبەردەم پرسی کورد لە تورکیا) بەڕێوەبرد و بە بڕیارنامەیەکی 6 خاڵی کۆتایی بەکارەکانی هێنا. لەکۆنفرانسەکەدا داوا کرا "دەستووری تورکیا بگۆڕدرێ، هەموو ماف و ئازادییەکانی کورد بەفەرمی بناسرێن و زمانی کوردی ببێتە زمانێکی فەرمی پەروەردەو خوێندن".

لەو کۆنفرانسەدا لایەنە بەشداربووەکان ڕاو بۆچوونی پارتەکانیان لەبارەی ڕەوتی (کرانەوەی دیموکراسی ) لە تورکیاش خستەڕوو.

ئایجان شەرمین بۆزئارسلان سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئامانجەکانی بەستنی ئەو کۆنفرانسەی شیکردەوە و گوتی "ئامانجمان ئەوەبوو کە گەنگەشە لەسەر ئەم پرسە دروستبکرێ و دیالۆگ لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا پتر ببێت و هەڵوێست و داواکاری هاوبەشیش بخرێنەڕوو، چونکە ئەمە یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدات". هەروەها گوتی "بۆ ئێمە ئەوە گرنگ بوو کە ئەو لایەنانە پێکەوە کۆبکەینەوە و بۆچوونەکانیان بخەنە ڕوو، خەڵکیش گوێیان لێڕابگرێت، کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکرێن و دواتر بەدیالۆگ چارەسەر بکرێن. هەروەها بۆ ئەوەی حیزبەکان تێبگەن کە خەڵک چاوەڕوانی لەوان هەیە هەڵوێستی خۆیان یەکبخەن و بەهاودەنگی بچنە لای حکوومەتی تورکیا".

شەرمین ئاشکراشی کرد کە ئەوان وەکو فیدراسیۆن، لەمانگی نیسانی ئەمساڵ لەبارەی ڕەوتی چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سوید سیمینارێکی فراوان ڕێکدەخات.




سەدان لایەنگری PKK لە پاریس لە ساڵڕۆژی ڕفاندنیدا داوای ئازادکردنی ئۆجەلانیان کرد (فۆتۆ:AFP)

بە باوەڕی شەرمین بۆزئارسلان پێویستە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی، یەکگرتوو بن و دیالۆگێکی زیاتر و بەردەوام لەنێوان ئەواندا هەبێ، دواتر دەبێ دانوستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەن، بەڵام سەرەتا دەبێ کورد هەڵوێستەکانی یەکبخات لەدرێژەدا گوتی "ئامانجمان ئەوە نییە کۆمەڵگەی ئێمە ببێتە کۆمەڵگەیەکی تاک حیزبی و یەکدەنگ، با فرەحیزبی و فرەدەنگی هەبێت، بەڵام بۆ بەرژەوەندی گشتی با یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی هەبێت".

شەرەفەدین ئالچی سەرۆکی KADEP لەو کۆنفرانسەدا ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوە یەکەمین جارە لەمێژووی تورکیادا حکومەت دەست بهاوێژێتە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەی دیموکراتی "ئەمە خاڵێکی زۆر گرنکە، چونکە هەتا ئێستا دەوڵەت و حکوومەتەکانی تورک پرسی کوردیان بە" مەسەلەی تیرۆر" ناودەبرد و تەنیا ڕێگەچارەی سەربازییان بەلاوە پەسەند بوو بۆی".

ئالچی هەروەها گوتی "بەڵام ئاشکرابوو کە نە حکوومەت و نە ڕای گشتی تورکیا بۆ ئەم کرانەوەیە ئامادە نەبوون، حکوومەتیش هیچ پرۆژەیەکی کۆنکرێتی نەبوو کە ئەو پرسە چۆن چارەسەر بکات و کوردیش لەم ڕووەوە تەواو ئامادە نەبوون".

شەرەفەدین ئالچی بەستنی ئەو کۆنفرانسەی بۆ ڕەوتی چارەسەری کێشەی کورد بە گرنگ دەزانێ و لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "هەرچەندە حەسیب کاپلان پەرلەمانتارە، بەڵام سەرۆکی حیزبەکەی نییە تاوەکو نوێنەرایەتی جیدی حیزبەکەی BDP بکات، بەڵام کۆبوونەوەی سێ حیزب لە دەوری یەکتر گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ڕەوتی چارەسەری و کاریگەرییەکانی لەداهاتوودا دەردەکەون".

سەرۆکی KADEP لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ئەم دانیشتن و کۆبوونەوە هاوبەشانە لەداهاتوودا درێژەیان دەبێت، گوتی "من لە کۆنفرانسەکەشدا گوتم، لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و مافەکانی کورد ئێمە ئامادەین هاوکاری لەگەڵ BDP بکەین، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوان دەڵێن موخاتەبی چارەسەری ئەم کێشەیە عەبدوڵڵا ئۆجەلانە، ئێمە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا نین، ئێمە قبووڵمانە ڕاوێژ لەگەڵا ئۆجەلان بکرێت و ڕای وەربگیرێت، چونکە ئۆجەلان خاوەن کەسایەتییەکی گەورەیە، بەڵام نابێ سەرەکیترین موخاتەبی چارەسەری کێشەی کورد تەنیا ئۆجەلان بێت. کێشەکە لەوەدایە کە مەسەلەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەخەنە پێش چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە . دەبێ سەرەتا بیر لەچارەسەری کێشەی کورد بکرێتەوە، چونکە دواتر بەشێوەیکی سروشتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆخۆی ئازاد دەبێ".

ئالچی هەروەها گوتی حەسیب کاپلان ناتوانێ نوێنەرایەتی BDP بکات، ئەو وەک پەرلەمانتارێکی کورد بەشداری لەکۆنفرانسەکەدا کردبوو، "قسەکانی کاریگەری زۆری لەسەر بڕیارەکانی ئەو حیزبە نابێت، چونکە بڕیاری سەرەکی لەدەستی ئۆجەلان و PKKدایە و ئەمە لەدەسەڵاتی کاک حەسیبدا نییە، دەنا حەسیب کاپلان جوان و کراوە بیردەکاتەوە".

لە بەرامبەردا، حەسیب کاپلان، نوێنەری شاری شرناخ لە پەرلەمانی تورکیا لەبارەی گرنگی کۆبوونەوەی ئەو سێ لایەنەی باکووری کوردستان بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە وامان پێ باش بوو کە لەم کاتە هەستیارەدا حیزبە و ڕێکخراوە کوردییەکان یەکگرتوو بین، بەتایبەت لە قۆناغی ئێستای کرانەوەدا"، هەروەها ڕایگەیاند کە ئەو وەک پەرلەمانتار لەکۆنفرانسی ستۆکهۆڵمدا بەشداری کردووە، بەڵام گوتیشی "بۆچوونەکانی من هەمان بۆچوونی پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDPن".

هەر لەوبارەوە بایرام بۆزیەل سەرۆکی HAK PAR —، گوتی کە هەتا ئێستا "کۆبوونەوەیەکی بەم شێوەیە بەرفراوان و جیددی ساز نەکراوە". پارتەکەی بۆزیەل و شەرەفەدین ئالچی و BDP سێ حیزبی مۆڵەتپێدراوی کوردن لە تورکیا، بەڵام ئەوە یەکەمجار بەوشێوەیە کراوە پێکەوە کۆنفرانس بکەن. بایرام بۆزیەل لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "یەکەمین جارە کە لەسوێد کۆنفرانسێکی بەمجۆرە دەکرێ و نوێنەری سێ حیزبی یاسایی کوردی پێکەوە کۆدەبنەوە، کۆنفرانسێکی دەوڵەمەند بوو، پێویستییەکانی کوردستان و گەلی کورد ناچارمان دەکات کە نزیکی یەکتر ببینەوە و بەرەو لای یەکتر بڕۆین".

بۆزیەل گوتیشی بەو نزیکانە دەست بە گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ BDP، گوتیشی "کۆنفرانسەکە بەشێوەیەکی مەدەنی و لەئاستێکی بەرزدا بەڕێوەچوو، ڕاو بۆچوونی جیاوازمان هەبوو، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوانیشمان زۆرن".

بۆزیەل لەبارەی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی لە باکووری کوردستان، گوتی "ئێمە ئەو ویست و چاوەڕوانییەی خەڵک بەباشی تێدەگەین و ئەوە داوای ئێمەشە. ئەم یەکگرتووییە بە ستراتیژێکی گەورە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەزانین. بەخۆشییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەیەکتر نزیک دەبینەوە".

**بڕیار و داواکارییەکانی کۆنفرانسەکە:**

- تاوەکو کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، دیموکراسی لەتورکیا جێگیر نابێت.
- دەبێ یاسایەکی بنچینەیی نوێ دابڕێژرێ، کە هەموو ماف و ئازادییەکانی کورد بناسێت.
- زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردە.
- دەبێ مافەکانی کورد قبوڵ بکرێن و کورد لەناوچەی خۆیاندا دەسەڵاتدار بن.
- دەبێ دەسەڵاتی سوپا لەسەر حکوومەت نەمێنێ و سوپا لە کۆنترۆڵی مەدەنیدا بێت .
- سەرۆک شارەوانییەکان و منداڵانی دەستگیرکراو کە لەزینداندان، ئازاد بکرێن.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵی بزووتنەوەی سەوز نابێ

## پەرلەمانتارێکی پێشووی کورد لە پەرلەمانی ئێران: پێم سەیرە کورد تێکەڵی ئەو بزووتنەوەیە نابێ

**سابیر قادری**
**تایبەت بە ڕووداو**

لە ڕۆژانی عاشورا و تاسوعا لەئێران، شەڕو ئاڵۆزی کەوتە نێوان بزووتنەوەی سەوزی ئێران و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و، 8 کوژراو و ژمارەیەکی زۆریش بریندار لێکەوتەوە، بزووتنەوەکە بەردەوامە، بەڵام کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تائێستاش لە دەرەوەی بازنەی ئەو بزووتنەوەیەن.

بەهۆی ئەو گوشارە بەرفراوانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران خستوویانەتە سەر خەڵکی نارازی، ئەو جەماوەرە نارازییە کەڵک لە بۆنە ئاینی و نیشتمانییەکان وەردەگرن و دەڕژێنە نێو شەقامەکان و بەگوتنەوەی دروشم داوای مافەکان و نەمانی حکومەتی ئەحمەدی نەژاد دەکەن.

دوای بەڕێوەچوونی خولی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ئێران و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە، لایەنگرانی مەهدی کەڕووبی و میر حوسێن موسەوی خوازیاری بەتاڵکردنەوەی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بوون، بەڵام سەرەڕای نارەزاییەکانی، ئەنجامی هەڵبژاردن لەلایەن کومسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی پەسەند کرا، بەمەش شەپۆلی نارەزایی لایەنگرانی موسەوی و کەڕووبی، کە ئێستا بە "بزووتنەوەی سەوز" دەناسرێ، زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتووەتەوەو لەبەرامبەریشدا شەپۆلی کوشتن و دەستبەسەرکردنی خەڵک لەلایەن هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی توندتر بووە، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی سەر بە ئۆپۆزسیۆن لەمانگی یەکەمی ئەو خۆپێشاندانەوە نزیکەی 100 کەس کوژراون و بە سەدان کەسیش گیراون.

هەرچەندە لە ماوەی 6 مانگی ڕابردوودا ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە لە شارە گەورەکانی ئێران درێژە بە چالاکییەکانی دەدات، بەڵام تائێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازی لێنەکراوە، چاودێرانیش دەڵێن چەندین هۆکار لەپشت بەشدارینەکردنی کورد لە بزووتنەوەی سەوزدا هەیە.

د. جەلال جەلالیزادە، مامۆستا لە زانکۆی تاران و یەکێک لەکەسانی ناسراوی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخواز و ئەندامی (جبهە مشارکت)، سەبارەت بە دوورە پەرێزی کورد لەو بزووتنەوەیە بۆ (ڕووداو) گوتی "لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو کوردی ڕۆژهەڵات بە قەدەر هەموو نەتەوەکانی ئێران قوربانی داوە، ئەوەش وایکردووە کە کەشوهەوای سەرکوت و هێرش لە کوردستان سەردەست بێ، بۆیە کورد تائێستا خۆی لەبەشداریکردن لەو بزووتنەوەیدا بەدوور گرتووە".

ناوبراو هۆکارێکی دیکەی بەشدارینەکردنی کورد لە بزووتنەوەی سەوزدا دەخاتە ئەستووری بزووتنەوەکە "بزووتنەوەی سەوز زۆرتر لەناوەندی ئێران و شارە گەورەکان لەئارادایە، کورد وەک هەموو نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران لەپەراوێزی ئەو بزووتنەوەیەن".




حاسل داسە، نوێنەری شارەکانی پیرانشار و سەردەشت لەخولی ڕابردووی پەرلەمانی ئێران، ڕەخنەی لە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرت کە تێکەڵی ئەو بزووتنەوەیە نابن و گوتی "60%ی دروشمەکانی بزووتنەوەی سەوز هەر ئەو دروشمانەن کە ئێمەی کورد بەرزمان کردوونەتەوە، پێم سەیرە کورد تێکەڵی ئەو بزوتنەوەیە نابێ".

ناوبراو بە پێویستی زانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک هانبدەن تێکەڵی بزووتنەوەی سەوز ببن " حیزبی سیاسی بۆیە حیزبی سیاسییە کە لەمن و تۆ و خەڵکی ئاسایی تێگەیشتووترە، هێزە سیاسییەکانی کورد دەبێ ئێستاش لەهەموو دەرفەتەکان بۆ سەقامگیر کردنی مافەکانمان کەڵک وەربگرن".

بە بڕوای چاودێرانی سیاسی لێکترازان و نەبوونی یەک هەڵوێستی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات هۆکارێکی دیکەی دوورە پەرێزی کوردە لە بزووتنەوەی سەوز. ڕەزا کەعبی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەبارەت بە پەیوەست نەبوونی کورد بەو بزوتنەوەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دوورەپەرێزی کورد تەنیا تایبەت نییە بە کوردستان، بەگشتی بەشداری خەڵکی شارە بچووکەکانی ئێران لەو بزوتنەوەیدا کەمە"، هەروەها دەڵێت "لەباربوونی کەشی سەرکوتکردن لەکوردستان، نەبوونی پێگەی جەماوەری سەرۆکایەتی ئەو بزوتنەوەیە لەکوردستان، دڵنیا نەبوونی خەڵکی کورد لەبەردەوامبوون یا بەردەوامنەبوونی ئەو بزووتنەویە، پرش و بڵاوی هێزە سیاسییەکانی کورد و نەبوونی پلاتفۆرمیکی هاوبەش و سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە کەلێن خستنە ناو بزوتنەوەی کورد، ئەو هۆکارانەن کە وایکردووە کورد لەپەراوێزی بزووتنەوەی سەوزدابێت، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە خەڵکی کورد بەدەنگی سەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوەیە نایێتە سەر شەقام".

هەروەها جەلیل گادانی، ئەندامی کۆمسیۆنی پارێزگاری لە ئەساسنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی کورد لەو بزوتنەوەیە گوتی "ڕاستە کورد بەشدار نییە لە بزوتنەوەی سەوز، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە کورد باوەڕی بەو بزووتنەوەیە نییە"، بە بڕوای گادانی " کەشوهەوای میلیتاریستی لەکوردستان، لێکترازانەکانی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، هۆکاری سەرەکی دوورە پەرێزی کوردە لەو بزووتنەوەیە".

# "ئێران زیندانی ڕۆژنامەنووسانە"

## بەرپرسی لقی ئێرانی پەیامنێرانی بێ سنوور بۆ (ڕووداو):

## زیاتر لە 100 ڕۆژنامەنووس لەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمارییەوە گیراون

**تایبەت بە ڕووداو**

ڕێکخراوی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان لەراپۆرتێکدا، ئێرانی بە "زیندانی ڕۆژنامەنووسان" وەسفکردو وەزیری ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەش ڕایگەیاند وەزارەتی ئیتلاعات بەرپرسە لە چارەنووسی ڕۆژنامەنووسە گیراوەکان.

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور، لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا، بڵاویکردەوە کە هەر ئێستا 65 ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدان و بەوشێوەیە ئێران لەڕووی زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان و پێشێلکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی پێش وڵاتی چین کەوتووە کە ژمارەی دانیشتووانەکەی یەک ملیار و سێ سەت ملیۆن کەسە.

بوونی 65 ڕۆژنامەنووس لە زیندان دا لە ماوەی 25 ساڵی ڕابردوودا لە هیچ وڵاتێکی دیکە نەبووە. زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە لەدوای ئاڵۆزییەکانی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی لەئێران، بە تاوانی "شێواندنی بیروڕای گشتی و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی" دەستگیرکراون. ئەوەش بووەتە جێگەی نارەزایی ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی ڕۆژنامەنووسان لە جیهان دا.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان کە لەساڵی 1981 لەلایەن چەند ڕۆژنامەنووسێک لەئەمریکا دامەزراوەو ناوەندەکەی لەشاری نیویۆرکە لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێ "زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسە دەستگیرکراوانە لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران لەساڵی 2009 کەوتوونەتە زیندان و کاربەدەستانی ئێرانی بۆ بەرگرتن لەچالاکی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ درێژە بە سەرکوتکردن و گرتنی ڕۆژنامەنووسان دەدەن".

جگە لەو 65 ڕۆژنامەنووسە کە ئێستا لەزیندانەکانی ئێراندان، لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 50 ڕۆژنامەنووسی دیکە لەزیندان ئازاد کراون. گرتن و دەستبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان لەئێران بەجۆرێکە دەنگی لە ئەندامانی پەرلەمانی ئێرانیشەوە هەستاندووە. ئەحمەد تەوەکولی لە نامەیەکدا بۆ مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری ئێران، ڕەخنەی لێدەگرێ کە حکومەت لەژێر سایەی ئەودا بە پاساوی پاراستنی سەربەخۆیی و ئاسایشی نەتەوەیی، ئازادییە تاکەکەسییەکان پێشێل دەکات و بەو بیانووە هۆشداری داوەتە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار و چەندین ڕۆژنامەنووسیشی خستووەتە زیندان.

ڕەزا موعینی، بەرپرسی لقی ئێرانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەو پێشێلکارییەی کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە ئاشکرا کردو گوتی "زیاتر لە 100 ڕۆژنامەنووس لەماوەی چەند مانگی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئێران دەستگیرکراون کە دیارترینیان ماشاڵلا شەمسولواعزین، عیمادەدین باقی و چەند چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ وەک شیوا نەزەر ئاهاری، محەممەد داوەری"، ناوبراو گوتیشی "زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە تۆمەتی ناڕوونی وەک پڕوپاگەندە دژی دەسەڵات، ناوزڕاندنی بەرپرسان و تێکدانی ئاسایشی گشتی دەستگیرکراون".

گوشاری نێودەوڵەتی لەبەرامبەر زیندانیکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە وایکرد وەزیری ڕۆشنبیری ئێران بڵێت بە دواداچوون بۆ دۆسیەی ئەو گیراوانە دەکەین. محەممەد حوسێنی، وەزیری ڕۆشنبیری ئێران بە ئاژانسی هەواڵنێری ئیلنای ڕاگەیاندووە "ئێمە وەک لایەنی پیشەیی بەدواداچوونی دۆخی ئەو گیراوانە دەکەین، بەڵام دەبێ وەزارەتی ئیتلاعات لەبەرامبەر ئازادکردن یا ئازاد نەکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە وەڵام بداتەوە".

ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕووبەڕووی گرتن بوونەتەوە هەر ئێستا چەند ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە زیندانەکانی ئێرانن، لەوانەش عەدنان حەسەنپور، هیوا بوتیمار، کەیوان مێهرەگان و کاوە قاسمی کرماشانی، کە دوو هەفتە لەمەوبەر دەستگیر کراوەو تائێستا مۆڵەتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بنەماڵەکەی پێنەدراوە.

### ئەگەر و بەڵامە زۆرەکانی ناو یاسا دەستی حکومەتیان واڵا کردووە

ڕۆژنامەنووسێکی کورد


شەهابەدین شێخی، ڕۆژنامەنووسی کوردی دانیشتووی تاران "ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵات لەڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ" بەهۆکاری سەرەکی دەستگیر کردنی ڕۆژنامەنووسان دادەنێ و دەڵێت "بەهۆی گەشەی تۆڕەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی چڕی نێوان ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی، دەسەڵات بەردەوام ئەو مەترسییەی هەبووە کە نهێنییەکانی ئاشکرا ببێت، بۆیە بە بچووکترین پاساو ڕۆژنامەنووسان زیندانی دەکات"، ناوبراو گوتیشی "ئەگەر و بەڵامە زۆرەکانی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە ئێران وایانکردووە دەسەڵات بۆ گرتنی ڕۆژنامەنووسان وداخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەستی واڵا بێت".

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لەنامەیەکدا بۆ ناوانتم بیلای، سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆیان لەبەرامبەر دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان و پێشێلکردنی کاری ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕین ڕاگەیاندووە.

لەڕیزبەندی وڵاتان لەبواری ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی زیندانیکراو، ئێران بە زیندانیکردنی 65 ڕۆژنامەنووس بە پلەی یەکەم و چین بە زیندانیکردنی 24 ڕۆژنامەنووس لە پلەی دووەمدایە، ساڵی ڕابردووش تورکیا بە زیندانیکردنی 78 ڕۆژنامەنووس لە پلەی یەکەمدا دەهات.

# کاروباری سیاسی

## ئێمە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس هاتین



ڕووداو- ڕادیۆ سەوا

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕەتیکردەوە ئەمریکا گوشاری دروستکردبێ بۆ گەڕاندنەوە کاندیدە دوورخراوە بەعسییەکان و دەستی لەو پرسە وەردابێت. فیلیپ فرین، وتەبێژی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕەتیکردەوە ئەمریکا و جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بایدن لەکاتی سەردانی بۆ بەغدا هیچ گوشارێکی خستبێتە سەر حکومەتی عێراق بۆ گەڕاندنەوەیان و، گوتیشی "نامانەوێ هیچ بەعسییەک وەکو کاندید لە هەڵبژاردنەکاندا هەبێ، هەندێک هەڵوێستەکانی ئێمەیان وا قۆستەوە گوایە لەگەڵ هێنانەوەی بەعسییەکانین، ئەمە ناکرێ، چونکە یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنمان بۆ عێراق ڕووخانی ڕژێمی بەعس بوو".

### پسپۆڕێکی بەریتانی:

# لەوانەیە گۆڕان ئەمجارە دەنگێکی زیاتر لە هەڵبژاردنی پێشوو بەدەستبێنێ

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

پرۆفیسۆر جۆرج جۆف، پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقیای باکوور و، توێژەری سیاسی لە پەیمانگەی Global Policyی بەریتانی، ڕایگەیاند کە نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی دەبێتە هۆی لاوازبوونی کورد لە پەرلەمانی عێراق، بەڵام هەر خۆیشی دروستبوونی بەرەیەکی لەو جۆرەی بەدوور زانی.

جۆرج جۆف لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/3/7 و فرە لیستیی کورد لەو هەڵبژاردنەدا، ڕایگەیاند "ئەگەر لایەنە کوردییەکان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێکنەکەون، یاخود هاوپەیمانییەک دروستنەکەن، هیچ گومان لەوەدا نییە کە کورد لە پەرلەمانی فیدراڵ لاواز دەبێت". هاوکات گوتیشی کە "ڕێککەوتنێکی لەوجۆرە، بەتایبەتی لەم کاتەدا زۆر زەحمەتە، ئەوەش بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا باڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشاوە".

جۆف وەکو پسپۆڕێک کە چاودێریی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات، پێشبینی ئەوەی کرد کە "ئەمجارەش بزووتنەوەی گۆڕان دەنگێکی باش بەدەستبێنێ، ڕەنگە باشتریش لە هەڵبژاردنی ڕابردوو"، بەڵام هاوکات گوتیشی کە ئەوە بەندە بەوەی بزووتنەوەی گۆڕان تاچەندە دەتوانێ چالاک بێ و خاوەنی بناخەیەکی بەهێز بێت. هەروەها گوتیشی "پێشبینی دەکەم یەکێتی زیاتری پارتی زیانی پێ بگات، لەبەرئەوەی پارتی بناغەیەکی بەهێزتری هەیە".


## ئەمجارە یەکێتی زیاتری پارتی زیانی پێدەگات چونکە بناغەی پارتی بەهێزترە

جۆف لەبارەی هەڵبژاردنەکانیش لەسەر ئاستی عێراق، ئاماژەی بە دابەشبوونی تایفیانەی دەنگدەری عێراقی داو لەو ڕووەوە ڕایگەیاند کە "کورد تەنیا دەتوانێ پشت بە دەنگدەری کورد ببەستێ" و، پێشبینی ئەوەشیکرد کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا لایەنی کوردی بەرەوڕووی هەڵمەتێکی توندی لایەنە تورکمانی و عەرەبییەکان ببێتەوە بە سوننەو شیعەوە، چونکە "ئەو لایەنانە ترسی ئەوەیان هەیە کە سەرکەوتنی کورد لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە زیانی ئەوان تەواو دەبێت".

لە هەڤپەیڤینێکدا کە لەژمارەی پێشووی (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، شۆڕش حاجی هەڵسوڕاوی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرای کرد کە چەندین لایەنی عەرەبی و لەنێویشیاندا ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی داوای هاوپەیمانێتی لە بزووتنەوەکەیان کردووە، بەڵام جۆف بەدووری زانی کە ئیئتیلافە نوێیەکەی مالیکی بیر لەدەستپێشخەریی لەوجۆرە بکاتەوە، لەبەرئەوەی وەک ئەو گوتی "مالیکی بەو هاوپەیمانێتییە لایەنگری عەرەب لەدەستدەدات". هاوکات گوتیشی "مالیکی تەنانەت ئەگەر هاوپەیمانێتیش بکات، لەو بڕوایەدام لەگەڵ پارتی و یەکێتی دەیکات، چونکە ئەوان لەسیاسەتە فیدراڵییەکاندا شارەزاترن".

## نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو کورد لە پەرلەمانی عێراق لاواز دەکات

جۆرج جۆف لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ ونبوونی یەکڕیزی لەنێو لایەنە کوردییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کورد پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لەدەستبدات، ڕایگەیاند کە ئەوە لەداهاتوویەکی دووردا چاوەڕوان دەکرێ، بەتایبەتیش ئەگەر جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان سوننەو شیعە هەندێک بەرەو کاڵبوونەوە بچێت، هاوکات گوتیشی "پێموایە ئەوە تاکە ئامانجی ئیئتیلافە سیاسییە نوێیەکەی مالیکییە".



# عەنکاوە ئەمجارە دەنگ بەکێ دەدات؟

## دەنگدەرێکی مەسیحی: عەللاوی هیچی بۆ نەکردین

**ڕێبەند سەعدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

جیاواز لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2005، پێشبینی دەکرێ ئەمجارە هاووڵاتییە مەسیحییەکانی ناحیەی عەنکاوە لە ڕۆژئاوای شاری هەولێر، لەبری دەنگدان بە لیستێکی عەرەبی، دەنگ بەو کاندید و لیستە مەسیحییانە بدەن کە ململانێ لەسەر 5 کورسی کۆتایی تایبەت بە مەسیحییەکان دەکەن.

جۆنسۆن سیاوش جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری بۆ (ڕووداو) گوتی "لەسەر ئاستی عێراق 10 کاندیدمان هەیە، کە بەسەر پێنج شاری عێراق و کوردستاندا دابەشبوون، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین زۆرینەی پێنج کورسییەکەی کۆتا بۆ خۆمان ببەین، چونکە ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە موسڵ و بەغدا 2 کورسیمان هێنا، هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لە تەمموزی ڕابردوو توانیمان سێ کورسی بێنین".

سیاوش لەبارەی ئەگەری دووبارەبوونەوەی موفاجەئەی هەڵبژاردنی 2005ی پەرلەمانی عێراق لە عەنکاوە کە خەڵکەکەی دەنگیان بەلیستی (العراقیە)ی ئەیاد عەللاوی دا، گوتی "کاتی خۆی هەڵەیەکی گەورە کرا دەنگ بەلیستێکی بێگانە درا لە عەنکاوە، لیستی ئەیاد عەللاوی یەکەم لیست بوو دژی دانانی کورسی کۆتا بۆ مەسیحییەکان وەستایەوە، بۆیە ئەو هەڵەیە دووبارە نابێتەوە".

هەروەها زیاتر لەبارەی هۆیەکانی دەنگدان بە لیستی عێراقیەی لە 2005دا دواو، گوتی "ئەو کاتە دابینکردنی ئاسایش بۆ عێراق زۆر گرنگ بوو، عەللاویش بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاسایشی عێراقی بەرەو سەقامگیری بردبوو، ئەوە هۆکاری سەرەکی بوو، جگە لەوەی خەڵکی ئێمە وایانزانی ئەگەر لەگەڵ عێراق بن باشترە، بەڵام چەند ساڵی ڕابردوو پێچەوانەی ئەوەی سەلماند".

سیاوش پێشبینی کرد ئەمجارە زیاتر لە 80%ی مەسیحییەکانی عێراق دەنگ بەلیستە مەسیحییەکان بدەن.

فەرید سلێوە،34 ساڵ، دانیشتووی عەنکاوە، دەڵێ ئەوجارە دەنگ ناداتە لیستی ئەیاد عەللاوی " ئەو سەردەمە تێپەڕی، ئەیاد عەللاوی هیچی بۆ مەسیحییەکان نەکرد تا دەنگی بۆ بدەینەوە، ئەوە هەڵەیەک بوو تێپەڕی و دووبارە نابێتەوە".

لە عەنکاوە پۆستەر و ڕێکلامی لیست و پاڵێوراوانی مەسیحی دەبینرێن، بەڵام خەڵکەکە وەک نێو شاری هەولێر لە دۆخێکی ئاساییدا خەریکی کاری ئاسایی ڕۆژانەی خۆیانن.

دینا جۆرێف،25 ساڵ، کە لە چاپخانەیەکی عەنکاوە خەریکی چاپکردنی پۆستەری کاندیدە مەسیحییەکان بوو، گوتی "ئێمە دەنگ بەو لایەنە دەدەین کە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە تەنیا هەرێمی کوردستان کاری بۆ مەسیحییەکان کردووە، بەغدا ئاگای لەئێمە نییە و پێویست ناکات دەنگ بدەینەوە عەرەب ".

لەبارەی کورسییەکانی کۆتای مەسیحی، هەندرێن محەممەد بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پێنج کورسییەی لە یاسای هەڵبژاردنەکانەوە بەسیستەمی کۆتا بۆ قەوارە مەسیحییەکان دابین کراوە، لەلایەن حەوت لیستی مەسیحییەوە لە عێراق کێبرکێی لەسەر دەکرێ و دەنگدان لەسەر ئەو پێنج کورسییە لەسەر ئاستی عێراق دەبێ". گوتیشی "لە سنووری پارێزگای هەولێر بەگشتی دوو قەوارەی مەسیحی ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی کورسی دەکەن". بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و ئەنجوومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری پاڵێوراویان هەیە لە خەڵکی عەنکاوە.

لە عەنکاوە، جگە لە پۆستەرەکانی ئەنجوومەنی میللی، پۆستەری هەر یەک لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی کلدان، هاوبەندی عەشتاری دیموکراتی، لیستی ڕافیدەینی یونادم یوسف کەننا پۆستەریان هەڵواسیوە و کاندیدیان دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی لە عەنکاوە دەنگیان پێ بدەن.

لە عێراقدا ژمارەی مەسیحییەکان پێش ساڵی 2003 بە نزیکەی یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس مەزەندە دەکرا، بەڵام بەهۆی تێکچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق و هێرشی بەردەوام بۆ سەر مەسیحییەکان لە دوای 2003 بووە هۆی ئەوەی هەزاران خێزانی مەسیحی عێراق بەجێبهێڵن و ئێستا وا مەزەندە دەکرێ کە ژمارەیان لە 750 هەزار کەس تێپەڕ نەکات لە هەموو عێراق.

جگە لە پۆستەری کاندیدە مەسیحییەکان لە عەنکاوە، پۆستەری کاندیدی لیستە کوردییەکانیش دەبینرێن، لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە ژمارەیەکی زۆری پۆستەری شوان محەمەد تەها لە پارتی و سەعدی ئەحمەد پیرە لەیەکێتی هەڵواسراون، بەڵام هیچ پۆستەرێکی لیستی گۆڕان و لیستە ئیسلامییەکان تائێستا لەو ناحیەیە بەرچاو ناکەون.

سەرچاوەیەک لە لقی دووی پارتی بۆ (ڕووداو) گوتی "پارتی هەوڵدەدات بۆ ناحیەی عەنکاوە پشت بەدەنگەکانی گەڕەکی کورانی عەنکاوە ببەستێ، کە لە کۆتاییدا ئەو دەنگانەی لە بنکەکانی کوران دەدرێن دەچێتەوە سندوقی ناوەندی عەنکاوە".

بەڵام سەفینی مەلا قەرە، یەکێک لەسەرکردەکانی گۆڕان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆڕان کار لەسەر بەدەستهێنانی ئەو کورسیانە دەکات کە لە هەولێر بۆ کورد دابین کراون، چونکە مەسیحی عەنکاوە کۆتای خۆیان و کاندید و لیستی خۆیان هەیە دەنگی پێبدەن".

بەپێی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی 2005ی عێراق، 5 کورسی کۆتا بۆ مەسیحییەکانی عێراق دانراون، ئەم 5 کورسیەش بەسەر هەر پێنج پارێزگای بەغدا، نەینەوا، کەرکووک، دهۆک و هەولێردا دابەشکراون.




ڕێکلامی لیستێکی مەسیحی لە عەنکاوە (فۆتۆ:ڕووداو)

### ئەحمەد شێروانی، کاندیدی حیزبی شیوعی کوردستان لە پارێزگەی هەولێر:



# سەنگی شیوعی لەو هەڵبژاردنەدا دەردەکەوێ



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
rawaebdalla@yahoo.com

**ڕووداو – هەولێر**

تاکە پاڵێوراوی حیزبی شیوعی کوردستان لە پارێزگەی هەولێر، ڕایگەیاند ئەو دەتوانێ بە دەنگی شیوعییەکانی هەولێر بگاتە پەرلەمان و بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنێ ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنی تەمموزی ڕابردوو لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدەستیهێنان دەنگی ئەوان بووە "ئێستاش حیزبی شیوعی سەنگی خۆی هەر ماوە".

حیزبی شیوعی کوردستان لەچوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی 7ی ئاداری داهاتووی کردووەو بۆهەر پارێزگەیەکیش تەنیا یەک پاڵێوراوی لەنێو لیستەکەدا داناوە، کاندیدەکەی پارێزگای هەولێریان دەڵێت "بۆ ئەوەی شکستی 7/25 دووبارە نەبێتەوە و دەنگەکانمان پەرش وبڵاو نەبن، بڕیارماندا لەهەر پارێزگەیەک یەک کاندید دابنێین".

ئەحمەد شێروانی، متمانەی تەواوی بەخۆی هەیە وەک کاندیدێکی حیزبی شیوعی کوردستان لەسنووری پارێزگای هەولێر بگاتە پەرلەمانی بەغداو دەڵێ "بەپشت بەستن بە ڕێکخستنەکانمان و سوود وەرگرتن لە پەرشوبڵاوی دەنگی کاندیدی لیستەکانی دیکە و ناکۆکی نێوانیان و کەسایەتی خۆم، دەتوانم بگەمە بەغدا".

ئەحمەد شێروانی، نیگەرانی لەدەرئەنجامی هاوپەیمانی پێشوویان و شکستی حیزبە چەپەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نیشانداو گوتی "دەرئەنجامەکە بۆ هەموو لایەکمان جێگەی نیگەرانی بوو، بەڵام ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردین هەر یەک لە حیزبەکانی نێو هاوپەیمانییەکە پێیانوابوو ئەو دەنگانەی هاتوون دەنگی ئەوانن، بۆیە ئێمە وەکو حیزبی شیوعی دەمانەوێ دەنگ و سەنگمان لەو هەڵبژاردنەدا بسەلمێنین". لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دا بە لیستی چەپەکان کە لە حەوت حیزب پێکهاتبوو توانی یەک کورسی بەدەستبێنێ.

## به پۆستەر لێدان و هات و هاوارکردن لەنێو شەقامەکان دەنگ زیاد نابن

بە بۆچوونی شێروانی ئەو دەرەنجامانەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو کەوتنەوە لە ئەنجامی نارەزایی و تۆڵەسەندنەوەی خەڵک بووە لە حیزب، بۆ هەڵبژاردنی ئەوجارەش ئەحمەد شێروانی پێشبینی دەکات کۆمەڵێک شت ڕوو بدات "چونکە هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوەیە و خەڵک لەسەر بنەمای کەسایەتی و بەرنامەی کاندیدەکە دەنگ دەدات نەک خزمخزمێنە".

سەبارەت بە کارنامەی خۆشی بۆ ئەو هەڵبژاردنە شێروانی گوتی "دەمانەوێ کار لەسەر چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی و سەربەخۆیی دادگاکان و جێبەجێکردنی مادەی 140 و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بکەین، هەوڵدەدەین نەوتی عێراق چیتر لە جەنگ خەرج نەکرێت هاوشێوەی کوێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەر تاکێکی عێراق بەشی خۆی لەو نەوتە هەبێ".

## دەمانەوێ لەعێراقیش وەک کوێت هەر هاووڵاتییەک بەشی خۆی لە داهاتی نەوت هەبێ

بەپێچەوانەی هەندێ حیزبی ناو هاوپەیمانی کوردستان، پارتی و حیزبی شیوعی و هەندێک حیزبی دیکە لەشاری هەولێر گەرم نین لە پروپاگەندەی هەلبژاردن، ئەحمەد شێروانی، هێشتا بە زووی دەزانێ بۆ گەرمبوونی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە شاری هەولێر "پۆستەر لێدان و هات و هاوارکردن لەنێو شەقامەکان کاریگەری نابێت لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر، بۆیە ئێمە وەک حیزبی شیوعی بەنیازنین بەهات و هاوار پروپاگەندە بکەین، ئێمە بەرنامەی جیاوازمان هەیە، دەمانەوێت بەشێوەیەکی شارستانی و هێمنانە هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەین".

بەبۆچوونی ئەحمەد شێروانی، لەهەولێر یەکێتی بە قۆناخێکی سەختتر لەپارتی تێدەپەڕێت، "دەیەوێت ئەگەر هەر هیچ نەبێ 50 بە50کەی پێشوویان لەگەڵ پارتی لەدەستنەدەن"، گوتیشی"هەردوولا کاندیدی بەهێزیان هەیە شەڕ لەسەر ئەوە دەکەن زۆرترین دەنگ بەدەستبێنن، بۆ نموونە پارتییەکان دەیانەوێت 7تاوەکو 8 کورسی بەدەستبێنن، یەکێتیش هەمان تموحی هەیە".

سەبارەت بە پێشبینی کورسی لیستەکانیش لە شاری هەولێر گوتی "لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەشاری هەولێر یەکەم دەبێ، گۆران دووەم دەبێ کە 2-3 کورسی بەدەستدێنێ، لەوانەشە هەریەک لە یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی بە1تا 2 کورسی ببنە براوەی سێیەم".



سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاندیدی ژمارە 4ی یەکێتی لە هەولێر، دەڵێت یەکێتی دوژمنی گۆڕان نییە و لیستی هاوپەیمانی لە کوردستاندا هیچ لیستێک بە رکابەری خۆی نازانێ و بە کەرکووکیشەوە لیستی یەکەم دەبێت. بەڵام دەڵێ دهۆک خاڵی لاوازی یەکێتییە و، دەڵێ لەپێناو پەرتنەبوونی دەنگەکانی یەکێتی، دەبووایە کاندیدەکانی لە هەولێر لە 7 زیاتر نەبان.

**هەڤپەیڤین: هێمن بابان**





## باوەڕناکەم کاک کۆسرەت پێی ناخۆش بێت من دەربچم

## پێم ناخۆش نییە زیاتری د.فوئاد مەعسوم دەنگ بێنم

## سەعدی ئەحمەد پیرە:

# با گۆڕان کەرکووک لەبیر بکات

**رووداو: نەخشەی دەنگدەران بۆ یەکێتی و پارتی و لیستەکانی دیکەش لەهەولێر چۆن دەبینی؟**

**سەعدی پیرە:** رەنگە هێشتا زوو بێ بۆ ئەو خوێندنەوەیە، بەڵام دڵنیام هاوپەیمانی کوردستان لە هەولێر زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنێ. بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بەدواوە چووە، بە بەڵگەی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەوانەی پێشتر دەنگیان بۆ گۆڕان کۆکردووەتەوە ئێستا دێنەوە نێو یەکێتی. ئەوە پروپاگەندە نییەو من لەنزیکەوە ئاگادارم و رۆژانە خەڵک دەبینم.

**رووداو: جاری پێشوویش بە گەشبینییەوە دەتانگوت زۆرینە دێنین و گۆڕانیش دەنگێکی زۆر کەم دێنێ. ئەمجارە تووشی موفاجەئەی وا نابنەوە؟**

**سەعدی پیرە:** بەدڵنیاییەوە نەخێر. دوو شت لەهەولێر دەبینم لەبارەی جەماوەری ئێمە و پارتیش، خەڵک دەزانێت ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەزانن پەرلەمانی

## گۆڕان ئەمجارە لە سلێمانی یەکەم نابن

کوردستان بۆ کێشە نێوخۆییەکان و خزمەتگوزارییەکانە، دەزانن پەرلەمانی کوردستان هەموویان کوردستانین، ئۆپۆزسیۆن بن یان دەسەڵات، رێک بن و نارێک بن، بەڵام لە پەرلەمانی عێراق کورد کەمینەیەو ئەوەی ئەوێ مەسەلەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و نوێنەرانی کورد لەوێ ئەرکی زۆر قورسیان لەسەرشانە. بۆیە پێموایە خەڵک تا ئەو رادەیە هۆشیارن و دەزانن کە دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستان شتێکەو بۆ پەرلەمانی عێراق شتێکی دیکەیە.

**رووداو: بەڵام گۆڕانیش دەڵێن دڵنیان لەهەولێر زیاتری جاری پێشوو دەنگ دێنن؟**

**سەعدی پیرە:** ئەوە پروپاگەندەی هەڵبژاردنە، بەڵام راپرسییەکان وا ناڵێن. ئێمە نا، خەڵک راپرسی کردووە، بەپێی ئەو راپرسیانە گۆڕان وەزعیان خراپە. بڕوام بەو راپرسییە هەیە، چونکە دەزانم نزیکە لە راستی، چونکە سامپڵەکانی زۆر بە تەواوی وەرگیراون، خەڵک دەزانن ئەمریکا هێزەکانی لە کۆتایی ئەمساڵ دەکێشێتەوە و عێراق سەروەری تەواوی دەبێت، ئەگەر کورد نەتوانێت بۆچوونەکانی خۆی لە عێراقێکی خاوەن سەروەری جێگیربکات ئەوا کێشەیەکی گەورەی بۆ دروستدەبێت، ئەگەر بتوانێ جێگیریان بکات ئەوا دەبێتە شەریکێکی راستەقینە.

**رووداو: لە بانگەشەی زۆر لیستدا بەتایبەتی ئیسلامییەکان جەخت لەسەر زیادکردنی مووچە و دۆزینەوەی هەلی کار دەکەنەوە، ئێوە وەکو هاوپەیمانی جەخت لە چی دەکەنەوە؟**

**سەعدی پیرە:** مەسەلەی هەلی کار و مووچە بۆ بێ متمانەکردن و بێ بڕواکردنی خەڵکی کوردستانە بە دەسەڵات و بۆ ئەوەیە دەنگ بۆ خۆیان بەدەستبێنن، ئەگەر نا بەغدا چ کاریگەریی لەسەر بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان هەیە. ئەوان وا دەزانن خەڵک تێناگەن، خەڵک بەهەڵەدا دەبەن، ئەمە هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عێراق، دەبێت جەخت لەسەر مەسەلەی ناوچە دابڕاوکان، سنووری کوردستان، یاسای نەوت، قەرەبووکردنەوەی خەڵکی زیان لێکەوتوو، مەسەلەی پێشمەرگە بکرێتەوە. لەسەر مەسەلەی ئاو و کارەبا لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانن بە ئەندازەی کاندیدەکانیان شەڕەشەقێی تێدا بکەن، پێموایە ئەوانە زەرەرێکی زۆر گەورەش لە کەرکووک دەدەن، کە لەلایەک فرمێسکی تیمساحی بۆ کەرکووک دەڕێژن و لەلایەکی دیکەوە شەووڕۆژ جنێو بە دەسەڵاتی کوردی دەدەن. ئەگەر دەسەڵاتێکی وا خراپ بێت بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان، بیانەوێ یان نەیانەوێ بەوشێوەیە زەرەر لە مەسەلەی کەرکووک دەدەن. بەڵام من پێموایە خەڵک لەوە هوشیارترن.

**رووداو: پێتوایە لیستە جیاوازەکانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا لەسەر مەسەلەکان یەک هەڵوێست بن؟**

**سەعدی پیرە:** پێموایە هەمان هەڵوێستی یەکگرتوو و هاوپەیمانییان دەبێت وەک جاری پێشتر، رەنگە گفتوگۆ لەسەر دابەشکردنی پۆست و مەسەلەکان بکرێت، ئەوەش پشت بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبەستێ، یەکگرتوو لە خولی رابردوو بەئەندازەی کاندیدەکانی پۆستی وەرگرت لە باڵیۆز و وەزیر، لە

## ئەوە بڕاوەتەوە کە مام جەلال سەرۆک کۆماری داهاتووە

خولی داهاتووش لەسەر توانا و شارەزایی پۆستەکان دابەش دەکرێن، پێش و پاش هەڵبژاردنەکان جیاوازیی هەیە، پاش هەڵبژاردنەکان، ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردن ئەوە دیاری دەکات.

**رووداو: دەگوترێ گۆڕان پشتیوانی دانانەوەی مام جەلال ناکەن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەوەش تارادەیەک هەستپێدەکرێ ئەگەر بە روونیش نەیڵێن، مام جەلال بەبێ گۆڕان دەتوانێ ببێتەوە سەرۆک کۆمار؟**

**سەعدی پیرە:** من لە هیچ کەسێکی بەرپرس لە نێو گۆڕان گوێم لێ نەبووە قسەی وا بکات، بەڵام ئەگەر مام جەلال هەموو لایەنەکان پێشنیازی بکەن لەسەر دەنگی گۆڕان ناوەستێت، بەڵام لە پێشەوە ئێمە بۆچی ئەو مەسەلەیە بە نێگەتیف لێکبدەینەوە. ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە نییەو پێموایە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش زۆر شت یەکلاییدەکەنەوە.

**رووداو: مانەوەی مام جەلال لەو پۆستەدا، دەوەستێتە سەر ئەوەی کورد چەند کورسی لە پەرلەمان بەدەستدێنێ؟**

**سەعدی پیرە:** من ئەوە بە دوور دەبینم. پێموایە مەسەلەی مام جەلال و بڕیاردانی بۆ خۆکاندیدکردنەوە و پشتگیریکردنی لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانییەوە و لەلایەن هێزە سوننە و شیعەکانیشەوە

## لەسلێمانی وەکو کۆبوونەوەیەکی نیشتمانی و سەیران تەماشای هەڵبژاردن دەکەن بەڵام لە هەولێر وانییە

یەکلایی کراوەتەوە، ئەوە بڕاوەتەوە کە مام جەلال سەرۆک کۆماری داهاتووە، تەنیا مەگەر خۆی بڵێت نایکەم.

**رووداو: کۆسرەت رەسول پشتیوانیت دەکات بۆ ئەوەی دەنگی زۆر بێنی؟**

**سەعدی پیرە:** کاک کۆسرەت سەرۆکی تیمی یەکێتی نیشتمانییە بۆ بانگەشەی هەڵبژارن لە هەولێر، بڕیاری مەکتەبی سیاسیش ئەوەیە کار بۆ لیستەکە و هەموو کاندیدەکانی خۆمان بکەن، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەش کاندیدەکان خۆیان چەند چالاکن لە بانگەشەکردن بۆ خۆیان.

**رووداو: هەندێک لە کاندیدەکانی یەکێتی وەک کاندیدی کۆسرەت رەسوڵ دەناسێنرێن، قەناعەتی ئێوە وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و کاندیدێکی یەکێتیش لەوبارەیەوە چۆنە؟**

**سەعدی پیرە:** من قەناعەت ناکەم کاک کۆسرەت پێی ناخۆش بێت من دەربچم، چونکە دەرچوونی من خۆشی دەزانێت بۆ ئەو کارە پێویستە کە لە بەغدا دەکرێ، من یەک لەو کادیرانەی یەکێتیم و یەک لەو کەسانەشم کە هەموو هێزە سیاسییەکان تاقیکردنەوەیان لەگەڵ من هەیە و رەنگە قازانج بگەیێنم، ئەوەش بەحوکمی پەیوەندییەکانم و ناسینم بۆ هێزە سیاسییەکانی عێراق. بۆیە باوەڕناکەم کاک کۆسرەت دژی من بێت.

**رووداو: هەست ناکەن لەهەولێر کاندیدی**

## ئیسلامییەکان وادەزانن خەڵک تێناگەن بۆ پروپاگەندەی پەرلەمانی بەغدا باسی مووچە دەکەن

**زۆرتان داناوە؟**

**سەعدی پیرە:** بەڵێ هەستدەکەم کاندیدی زۆرمان داناوە، چونکە ئەگەر وەکو یەکێتی نیشتمانی لیستی سەربەخۆمان هەبووایە، دەبووایە 28 کاندید دابنێین، بەڵام لە حاڵەتی هاوپەیمانێتیدا کە قەوارەی جیاجیای تێدا بەشدارە، سروشتییە هەر حیزبە و هەوڵدەدات کاندیدەکانی خۆی دەربچن، بۆیە باشتر دەبوو ئەگەر یەکێتی نیشتمانی ژمارەیەکی دانابایە نزیکتر لە پێشبینییەکانی خۆی، پێموابێت حەوت کاندید بۆ هەولێر باشبوو بۆ یەکێتی، چونکە ئەوکات دەنگی یەکێتی کەمتر بڵاودەبوونەوە، کە دەنگ بڵاوبێتەوە چانسی کاندیدەکان کەمتر دەبێت.

**رووداو:کۆسرەت رەسول پێشنیازێکی بۆ مام جلال کردبوو بۆ کەمکردنەوەی کاندیدەکان لە هەولێر، بەڵام رەتکرایەوە، راستە؟**

**سەعدی پیرە:** پێموانییە مەبەستی کەس بوو بێت، بەڵام دوو تێگەیشتنی جیاواز هەبووە، لە لیستی هاوبەش باشەئەوەندە کاندید دابنێی کە لە پێشبینییەکانەوە نزیک بن، بەڵام کە کاندید دانرا و پێشنیازکرا، زۆر ئاسان نییە بیکشێنییەوە. پێشنیازێک هەبوو ئەو کاندیدانەی خۆیان پێیانوایە چانسیان نییە خۆیان بکشێنەوە نەوەک گوشاریان بخرێتە سەر بۆ کشانەوە.

**رووداو: پێتوایە یەک دوو هەفتەی دیکە هیچ کاندیدێکتان بکشێتەوە؟**

**سەعدی پیرە:** من نازانم، من نیازم نییە خۆم بکێشمەوە، لەوانی دیکەشم نەپرسیوە.

**رووداو: بۆچی کاک کۆسرەت ئامادەی راگەیاندنی دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی لیستی هاوپەیمانی لە هەولێر نەبوو، لەکاتێکدا سەرپەرشتی هەڵمەتی بانگەشەی یەکێتییە لە هەولێر، تووڕە بووە؟**

**سەعدی پیرە:** لە چی تووڕە بێ؟، کاک کۆسرەت میوانی هەبووەو لە سلێمانی بووە، من و کاک فوئاد وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کاک عەدنان موفتی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئامادە بووین، بەئەندازەی کافی ئامادەبووین.

**رووداو: تۆ دەنگی زیاتر دێنی لەهەولێر**

## یان د.فوئاد مەعسوم؟

**سەعدی پیرە:** پێش هەڵبژاردن ناتوانم پێشبینی وا بکەم، کاک فوئاد دەنگی زیاتر بهێنێ پێم خۆشە، منیش زیاتربهێنم پێم ناخۆش نییە.

**رووداو: هەڵمەتی بانگەشەی خۆت زوو و بەهێزەوە دەست پێکرد، خۆت و د. فوئاد هەڵمەتەکەتان باشتر دیارە، پارەتان زۆرترە یان خەڵکتان زیاترە؟**

**سەعدی پیرە:** لە هەڵمەتی ئەمجارەمان بڕیارێکی مەرکەزی هەیە کە بەهیچ شێوەیەک پارە نەبەخشینەوە، بۆ راگەیاندنیش دۆستی زۆرم هەیە، راگەیاندنی ئێمە مەرکەزین و بەسەر بنکە و کۆمیتەکان دابەش دەکرێن، بەڵام چانسی کارکردنمان تەقریبەن وەکو یەکە.

**رووداو: لە لێدان بەتایبەت لە ناو یەکێتییەوە دەترسێی؟**

سەعدی پیرە: مونافەسە هەر هەیە، بەڵام تەسەوری لێدان ناکەم.

**رووداو: هەڵمەتی بانگەشەی پارتی چۆن دەبینی لە هەولێر؟**

**سەعدی پیرە:** خۆی هەڵمەتەکە زۆر نییە دەستی پێکردووە، ئەوانیش دەستیان پێکردووە لێرە و لەوێ، لەسەر ئاستی رێکخراوەکانیان و پەیوەندیی ژێر بەژێریان لەگەڵ خەڵک، هەڵمەتێکی رێکخراویان هەیە، بەڵام لە راستیدا کولتووری سیاسی لە سلێمانی لەگەڵ هەولێر و دهۆک دوو شتی لێک جیاوازن.

**رووداو: لەهەولێر ئەوەندەی پارتی کورسی دێنن؟**

**سەعدی پیرە:** نازانم، هێشتا زووە بۆ ئەو جۆرە پێشبینییانە، بەڵام دەزانم جەماوەری یەکێتی جوڵاوە.

**رووداو: وەکو لیستی هاوپەیمانی لە کوردستاندا چ لیستێک بە مونافسی خۆتان دەزانن؟**

**سەعدی پیرە:** لیستی هاوپەیمانی لە کوردستاندا یەکەم دەبێت، تا ئەو لەحزەیە هیچ لیستێک بە مونافسی خۆمان نازانین، لە کەرکووکیش.

## بۆ یەکێتی 7 کاندید باش بوو بۆ هەولێر

**رووداو: گۆڕان دەڵێن لە سلێمانی و کەرکووک یەکەم دەبین و لەهەولێر و دهۆک دووەم دەبین؟**

**سەعدی پیرە:** باوەڕناکەم لەسلێمانیش یەکەم بن، رەنگە لە ئاستی کوردستان دووەم بن، بەڵام لە هیچ پارێزگایەکی کوردستان یەکەم نابن.

**رووداو: هەولێر و دهۆک کەمتر کەشوهەوای هەڵبژاردنیان پێوەدیارە، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هەردوو پارێزگاکەتان مسۆگەرکردووە؟**

**سەعدی پیرە:** باوەڕناکەم، سلێمانی زیاتر موسەیەسترە، ئەوان وەکو بۆنەیەکی نیشتمانی و سەیران تەماشای هەڵبژاردن دەکەن، لەهەولێر شتی وا نییە، ئەوەی کاری راستەوخۆی بە هەڵبژاردنەوە نەبێت پەیوەندیی پێوە نییە، لە سلێمانی دوکاندار، فەڕاشی مەکتەب و مودیرەکەی، پارێزگار و ئەنجوومەنەکەی، کاسب، چایچی هەموو خەریکن، بەڵام لەهەولێر وانییە.

**رووداو: خاڵی لاوازی ئێوە وەکو هاوپەیمانی و یەکێتی کام پارێزگای کوردستانە؟**

**سەعدی پیرە:** هی یەکێتی دهۆکە، لیستی هاوپەیمانی بەگشتی بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بایە دەبووایە سلێمانی بووایە، بەڵام وردە وردە بەرەو چارەسەر دەچێت.

**رووداو: یەکێتی هیچ کورسییەک لە دهۆک بەدەستدێنێ؟**

**سەعدی پیرە:** بەڵێ لە کورسییەک بەرەو سەرەوە.

**رووداو: یەکێتی ئامادەیە پاش هەڵبژاردنەکان لەگەڵ گۆڕان دابنیشێ؟**

**سەعدی پیرە:** (لکل حادث حدیث) هەر شتو وەختی خۆی. ئێمە دوژمنی بزووتنەوەی گۆڕان نین، گۆڕان رێکخراوێکە خۆی راگەیاندووە، ئەو کاتە نارێکین لەگەڵیان ئەگەر بڵێن ئێمە یەکێتین، بۆ نموونە لەهەڵبژاردنی پێشوو دەیانگوت

## دهۆک خاڵی لاوازی یەکێتییە

ئێمە و ئەوانیش یەکێتین و جیاوازیمان ئەوەیە ئەوان خۆیان تەسلیمی پارتی کردووە و ئێمە دژی پارتین. وەکو رێکخراوی سیاسی شتی لێک نزیکمان هەبێت بۆ نا، بەڵام دوو رێکخراوی جیاواز رەنگە ناکۆکیشمان هەبێت و بەشێک لە بەرنامەکانیشمان لەیەکتربچن، هیچ کاتێک دەرگا لە گفتوگۆکردن داناخەین، بەتایبەت لە کوردستاندا.

**رووداو: بۆ کەرکووکییەکان چیتان هەیە بۆ ئەوەی دەنگتان پێبدەن؟**

**سەعدی پیرە:** بەگشتی لە ناوچە دابڕاوەکان، پێمانوایە تا ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر لە دەمی خۆشمان بگرینەوە دەبێت دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکەین و ناوچەکانیان ئاوەدان بکەینەوە و دەبێت هاوکاری بکرێن.

**رووداو: هەستدەکەی لە ئەوروپا دەنگت بۆ بدرێ؟**

**سەعدی پیرە:** بێگومان، ئەمشەویش لەگەڵ ژووری پاڵتاکی پێشمەرگە دێرینەکان قسەم دەکرد، هیچ نەبێت دنیایەک خزمم لە ئەوروپا هەیە و دەمێک لە ئەوروپا ژیاوم.

**رووداو: گۆڕان دەڵێ دەنگدەرانی کەرکووک و ئەوروپا تای تەرازوو بەلای ئەواندا دەشکێننەوە؟**

**سەعدی پیرە:** با کەرکووک لەبیر بکەن، پێی گەشبین نەبن باشە، لە ئەوروپاش وانییە، لەبەرئەوەی گۆڕان شارچێتی پێوە دیارە، ئەو شارەش بەتەواوەتی لەگەڵی نییە، پشتیش بەچەند کەسێکی ناڕازی دەبەستن.

## بۆ هیچ لیستێک نییە



ڕووداو- هەولێر

دوای ئەوەی گۆرانیبێژی لاو شاخەوان گۆرانییەکی بەشێوەی دوێت لەگەڵ هونەرمەندی مەقامبێژ شوکر خەیات بۆ کەرکووک گوت بەناوی (سۆزێک بۆ کەرکووک) دەڵێ "ئەو گۆرانییە پەیوەندی بەهیچ لیست و لایەنێکەوە نییەو من بانگەشە بۆ کەس ناکەم، ئەگەر داواشم لێبکرێ ڕەتیدەکەمەوە، چونکە من هونەرمەندێکی کوردستانیم بەبێ لایەن کاردەکەم، دەمەوێ هەموو لایەک لەمن رازی بێت و تەنیا بۆ لایەنێک نەبم". ئەو گۆرانییە چەند ڕۆژێکە لەنێو قەڵای کەرکووک کلیپی بۆ کراوەو چەند پیرەمێردێکی کوردی کەرکووک ڕۆڵیان تێدا بینیوە، کاری ماسترینگ و موزیکی لە ستۆدیۆی موزیکژەن بژار دیلان ئەنجامدراوە و، نزیکەی 1500 دۆلاری تێچووە.

# پۆلیسی 3 وڵات بە دوای خەتەردا دەگەڕێن

## facebook خەتەر ئاشکرا دەکات



**دلبخوین دارا**
**ڕووداو–ئەڵمانیا**

ڕاپەری کورد خەتەر، لەگەڵ سێ کەسی دیکە بەوە تۆمەتبارکراون کە ڕێیان لە ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی زێڕ گرتووە و ئەو زێڕەی تێیدا بووە بردوویانە.

پۆلیسی ئەڵمانیا ئێستا کون بە کون بە دوای گۆرانیبێژ و ڕاپەری کورد (خەتەر)دا دەگەڕێت.

لە کاتی ڕووداوەکەدا خەتەر لەوێ نەبووە. ئێمە دوای ڕووداوەکە بەشێوەیەکی ئاسایی هەڤپەیڤینێکمان لەگەڵ ئەنجامدابوو کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی داواکاری گشتیی کە سکاڵای لەدژی خەتەر تۆمارکردووە، ئەو سەرپەرشتی هێرشەکەی کردووە.

گیوار حجابی کوڕی ئاوازدانەر و مایسترۆی نێوداری کورد ئیقبال حجابی، کە بە خەتەر ناسراوەو بە بنەچە خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ماوەیەکە لەبەر چاوان ون بووە.

ڕۆژی 2009/12/15 گرووپێک ئۆتۆمبیلێک، کە زێڕی لە نێوان هەردوو شاری ئەڵمانیا، نۆرنبێرگ و فورتزهایم دەگواستەوە، ڕادەگرن و بە زۆر هەرچی زێڕی تێیدا بووە دەبەن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس دوو کەس یان پێنج کەس لە نێو ئۆتۆمبێلێکی BMWدا بوون کە جلی پۆلیسیان لەبەر کردووە، گڵۆپی شینیان بە ئۆتۆمبێلەکەوە کردبوو، داوایان لە شۆفێری ئۆتۆمبێلە زێڕ هەڵگرەکە کردبوو ڕێگەیان بدا ئۆتۆمبێلەکەی بپشکنن. لە کاژێر 10ی بەیانی ئەو ڕۆژەدا، ئۆتۆمبێلەکە ڕووتکرابووەوەو زێڕەکەی لێدزرا. ئەو کەسانەی زێڕەکەیان بردبوو و ڕایانکرد.

بۆ زانینی ڕەوشی دوایی ئەو، هەوڵمان دا پەیوەندی پێوە بکەین،بەڵام هەردوو ژمارە تەلەفۆنەکەی داخراون. ویستمان لە ڕێگەی دایکی یاخود باوکی زانیاری وەربگرین، بەڵام تەلەفۆنی ئەوانیش وەڵام ناداتەوە.

داواکاری گشتیی فیدراڵی ئەڵمان دەڵێت، ئەوان بایی 2،5 ملیۆن یۆرۆ زێڕیان بردووە لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەی زێڕ، زۆر پارچە زێڕی زۆر گرانبەهاش لەو ئۆتۆمبێلەدابوون.

بەپێی ڕاگەیێندراوەکانی پۆلیسی ئەڵمان، ئێستا چوار کەس بە ڕفاندنی ئەو ئوتومبیلە تۆمەتبارن، ئەوان لەبەر پۆلیس هەڵدێن. یەکێکیان خەتەرە، ئەوەیتریان کەسێکی مەغریبییە و ناوی سامییە، یەکێکیشیان خەڵکی تورکیایە و ناوی سیدار جۆشکونە، ئەوی دیکەشیان کاوە هومان قازیە، کە دەکاتە کوڕی عەلی قازی.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئەڵمانی Ludwigsburger Kreiszeitung کاوە هومان قازی، لەبەر ئەوەی پۆلیسی ئەڵمان بەهۆی ڕووداوێکی فێلکردن بەدوایدا دەگەڕێن، ئەو لە ئەڵمانیا نییە. بەڵام بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە لەگەڵ خەتەردا پلانی ئەو هێرشەی زێڕ دزینیان داناوە. پۆلیس گومانی ئەوە دەکات کە ئەویش لە مۆسکۆ بێت.

هەروەها دوو کەسیش کە گومان دەکرێ دەستیان لەو ڕووداوەدا هەبووە، ئێستا دەستگیرکراون.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئەڵمانی Welt خەتەر بە ڕێگەی فەیسبووک Facebook پەیوەندی بە برادەرێکییەوە دەکات. لەنێو قسەکانیدا دەڵێ "مۆسکۆ ناخەوێ".

لە پەیوەندییەکی (فەیسبووک)دا، برادەرێکی خەتەر بە چەند برادەرێکی دەڵێت، کە خەتەر لە مۆسکۆیە. پۆلیسیش بەو شتە دەزانێ و پەیدۆزی دەکەن. لە پاڵ پۆلیسی ئەڵمان، ئێستا پۆلیسی ڕووسیش بۆ گرتنی خەتەر هاوکارە.

شتی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە لە ڤیدیۆ کلیپێکی خەتەردا بە ناوی (پەرەگراف 31)، برادەرێکی خەتەر کە ناوی سامییەو ئێستا پۆلیس بەدوای ئەویشدا دەگەڕێ، خەتەر لەنێو دادگادا بەجلوبەرگی پۆلیسەوە لەنێو دەستی پۆلیس دەرفێنێ و قوتاری دەکات.

شرۆڤەکارانی کردەوەکانی (کریمینال) دەڵێن: دیمەنەکانی ئەو ڤیدیۆ کلیپەی خەتەر، پیشانیدەدا کە خەتەر و گرووپەکەی، هەر لەزووەوە پلانی شتێکی لەو جۆرەیان هەبووە.

ئەو کەسەی لە فەیسبووکدا باسی شوێنی خەتەری بۆ برادەرەکانی کردووە، دەڵێت کە ئەو لە نێوان چەند شارێکی ڕووسیادا لە هاتووچۆدایە.

وا چاوەڕوان دەکرێ کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، لە ڕێگەی پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپۆل)ەوە، بەدوای ئەستێرەی هیپ پۆپ خەتەردا بگەڕێن.

بەپێی ڕۆژنامەی ئەڵمانی Express ئەگەری هەرە مەزن ئەوەیە خەتەر لە مۆسکۆ نەبێت، بەڵکو لە وڵاتێکی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بێت.

## بچێتە ئەمریکا دەگیرێ

## خەتەر، ئەستێرەی هیپ پۆپ لە ئەڵمانیا:

# کە قسە بە کورد و کوردستان دەڵێن زۆر خەتەرم




**هەڤپەیڤین: دلبخوین دارا**
**ڕووداو– ئەڵمانیا**

ئەم جارە لە ستۆدیۆ بینیم. ئەلبوومە نوێیەکەی تۆمار دەکرد. کاتێک چوومە نێو ستۆدیۆ، خەریکی تۆمارکردنی دەنگی بوو. هەر کە منی بینی یەکسەر هێتفۆنەکەی لەسەری خۆی کردەوەو بەپیر منەوە هات. ئەو زۆر کەم پێدەکەنێ، بەڵام ئەمجارە بە قاقای پێکەنینەوە گوتی :"بەخێربێی کاک دلبخوین، زۆر سوپاس کە تۆ لە ڕاگەیاندن دا زۆر هاوکاری من دەکەی..". دۆستایەتی من و ئەو لە ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنییەوە دەستیپێکرد. خەتەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە دایکبووی شاری سنەیە. لە ئەڵمانیا زۆر زۆر بەنێوبانگە. پێم گوت :" کاک خەتەر ئەوجارە بێ سانسۆر قسە دەکەین". ئەویش زۆر کەیفی هات :" بەخۆی سانسۆر لەلای من هەر نییە". لە شوێنێک دەگەڕاین لێی دانیشین و قسە بکەین، بەڵام گوتی بۆ من هیچ فەرق ناکات لە هەر کوێیەک دانیشین. پێمگوت : باشە با لەو بارە هەم قاوە بخۆینەوەو هەمیش قسە بکەین:

**ڕووداو: کێ نێوی تۆی کردە خەتەر؟**

**خەتەر:** (پێدەکەنێ) لەکاتی منداڵیدا ئەو نێوەیان لێناوم. ئەز کەم پێدەکەنم، ئەو کەسەی لەسەرەتادا دەمبینێ وادەزانێ تووڕەم، هەورەکانی من هەر دەگرمێنن، بەدەست من نییە، دەم و چاوم وان. برادەرەکانم ناویان کردمە خەتەر. خەتەری لەڕووی مندا دەبینرێ. بەخەتەری تەماشا دەکەم. کاتێک دەستم بە گۆرانی گوتن کرد، گوتم ناوێکی کوردی بۆ خۆم دەدۆزمەوە.

**ڕووداو: بەڵام خەتەر عەرەبییە؟**

**خەتەر:** دەزانم، بەڵام کوردیش بەکاریدێنن. دەمویست نێوێکی ئەڵمانی بۆخۆم بدۆزمەوە، بەڵام دواییش گوتم مادام هەموو کەس پێمدەڵێن خەتەر، دەبا هەر خەتەر بێ.

**ڕووداو: بەڵام خەتەر نیت؟**

**خەتەر:** نا..نا. هیچ خەتەر نیم.

**ڕووداو: کەی بەڕاستی دەبییە خەتەر؟**

**خەتەر:** ئەها، بێگومان ئەگەر پێویست بکات زۆر خەتەرم. کاتێک دەبینم کەسێک زیان بە گەل و وڵاتەکەم دەگەیێنێ زۆر خەتەرم. قەت ڕێگەم نەداوە کەس شتێکی خراب بە کورد و کوردستان بڵێ. بەڕاستی ئەوکات زۆر خەتەرم.

**ڕووداو: هیپ پۆپ Hip-Pop دونیایەکی زۆر پڕ شەڕ و لێکدان و کێشەیە، هەمیشە شەڕ و کێشە لەنێوان ئێوەدا دروستدەبن، چۆن دەتوانی خۆت لەو دونیایەدا بپارێزی؟**

(خەتەر بیر دەکاتەوە)

**ڕووداو: باشە با لە بنی کودووەکە بدەم، قەت لە کەسێکتداوە یان کەس لەتۆی داوە؟**

**خەتەر:** تەماشاکە کاک دڵبخوین ئەز ناترسم. ئەگەر بترسم ناتوانم هیچ بکەم . ترس بۆ پیاوان باش نییە. دوو شێوەی هیپ پۆپ هەیە، یەکێکیان وشەی جوانی تێدایە، واتە هیپ پۆپی کەیف و عەشق و ئەڤین. ئەویتریشیان هیپ پۆپی مەحکوم کردن، کە نێوەڕۆکەکەی زیاتر شەڕاوییە. ئەز لە ئەڵمانیا دەژیم، لەو 10 ساڵەی دواییدا ڕووداوەکانی شەڕ ولێکدان لە ئەڵمانیا زۆربوون. ئەوە دووساڵانە هەفتانە 2-3 کەس دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، هەژاری زۆربووە. ئەزیش هەمیشە ڕووبەڕووی کێشە دەبمەوە. هەندێ کەس ئارامیم تێکدەدەن، بەڵام ئەزیش بەشێوازەکانم بەرگری لەخۆم دەکەم. ئێستا هەندێک ڕاپەر هەن، کۆمپانیاکانی پاسەوانی ئەوان دەپارێزن. بۆدیگاردی خۆیان هەن، منیش بۆدیگاردم هەن، بەڵام برادەری خۆمن. واتە ئێمە یەکتر دەپارێزین. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا ڕاپەرێکی نێودار هەیە نێوی (بۆشیدۆ) یە، ئێستا کۆمپانیایەک دەیپارێزێ. خاوەنی کۆمپانیاکە پێشتر بۆدیگاردی خۆییبوو. بەئاشکرایی دەڵێم، هەرکەسێک بیەوێ ئارامیم تێکبدا منیش لێیتێکدەدەم.

**ڕووداو: واتە تۆش ئارام نیت؟**

**خەتەر:** ناوەڵڵا ئەگەر پێویست بکات منیش دەستی خۆم دەوەشێنم.

**ڕووداو: کەی کێشەت بۆ دەردەکەون؟**

**خەتەر:** ئەوکاتەی موزیکێکی نوێ یان ئەلبوومێکی نوێ ئامادە دەکەم.

**ڕووداو: قەت کەس هەوڵیداوە بتکوژێ؟**

**خەتەر:** بەڵێ. خەڵکێک هەیە خۆشی بە چارەی من نایێت، نەک تەنیا لەبواری هونەریدا، بەڵکو لەبواری سیاسیشدا. ئەز کوردم و کوردستان وڵاتی منە، ئەوانەی حەز لە کورد و کوردستان ناکەن زۆرن. زۆرجاران لە کۆنسێرتەکاندا ئاڵای کوردستان بەرزدەکەمەوە، زۆر کەس ڕقیان لەوە دەبێتەوە.

**ڕووداو: چەک هەڵدەگری؟**

**خەتەر:** نەخێر. بەڵام ئەوانەی لەگەڵمدان چەکیان پێ یە. چ بکەین، ناچارین خۆمان لە دوژمنانی کورد بپارێزین.

**ڕووداو: سیاسەت دەکەی؟**

**خەتەر:** نەخێر سیاسەت ناکەم، بەڵام بۆچوونی سیاسیم هەن. سیاسەت چییە، بەس ئەوەندە کوردبی دەبیە سیاسی. ئەز کەسێکی هەستیار و فاناتیکم بۆ وڵاتەکەم.

**ڕووداو: تۆ لە ئەڵمانیا گەورەبوویی، ئەڵمانیا یان کوردستانت پێ خۆشترە؟**

**خەتەر:** بەڕاستی بیڵێم.

**ڕووداو: بێگومان؟**

**خەتەر:** کوردستانم نەبینیوە، ناتوانم بڵێم کوردستان لە ئەڵمانیا خۆشترە. کوردستان وڵاتی منە، نەشمدیبێ بەلامەوە هەر خۆشە. برادەرەکانم کە دەچنەوە، دەڵێن کوردستان زۆر خۆشە. بەڵام سیستەمەکەی وەک ئێرە نییە. بێگومان سیستەمی ئێرە باشترە. بەڵام ئەگەر بچمە کوردستان بۆ دیسکۆ ناچمە کوردستان، بۆ کار دەچم.

**ڕووداو: واتە حەزدەکەی بچییە کوردستان؟**

**خەتەر:** زۆر حەزدەکەم کوردستان ببینم. ناتوانم بچمە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حەزدەکەم بچمە باشووری کوردستان. تەماشاکە ئەز عاشقی ئەڵمانیام، عاشقی کوردستانم.

**ڕووداو: پلانی سەردانی کوردستانت هەیە؟**

**خەتەر:** پرۆژەیەکەم هەیە، ئینشاڵڵا ئەمساڵ دەچمە کوردستان. بزانم چۆن دەبێ.

**ڕووداو: لەبواری موزیکدا کەس بە ڕکابەری خۆت دەبینی؟**

**خەتەر:** دوو سێ کەس لە ئەڵمانیا وەک ڕکابەری خۆم دەبینم. چ بکەین بێ ڕکابەر ناتوانین هیچ کارێک بکەین. ئێمە لە ڕکابەرییەکی ئارامداین. ئەگەر ڕکابەری نەبێت پێشکەوتنیش نابێت.

**ڕووداو: چۆن برادەرەکانت هەڵدەبژێری؟**

**خەتەر:** لەو ساڵانەی دواییدا، کە نێوم دەرکەوت و نێودارببووم، بۆم ئاشکرابوو کێ برادەری ڕاستەقینە و کێ برادەرێکی ڕووکەشە. لەساڵی 2009دا زیاتر بۆم دەرکەوت کێ برادەرمە و کێ دوژمن.

**ڕووداو: چەند برادەرت هەن؟**

**خەتەر:** 4-5 کەسن.

**ڕووداو: کەم نین ؟**

**خەتەر:** ئەوانە برادەری منداڵیمن. ئێمە پێکەوە گەورە بووین. ئاگاداری چاکە و خراپەی یەکترین.

**ڕووداو: 2009 بۆ تۆ ساڵێکی چۆن بوو؟**

**خەتەر:** باش دەستیپێکرد، بەڵام خراپ کۆتایی هات. گرێبەستی فیلمێکم لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ئەڵمانی M-TV بەست، چەند هەفتەیەک یەکەم بووم. سوپاس بۆ خوا ئێستا ڕەوشم باشە و زۆر کێشەم چارەسەر بوون.

**ڕووداو: باشە بابچینە سەر مەسەلەیەکی دیکە. لە ئەمریکا لە ژنێکی پلاییبۆیتدا، تۆ گیرای، پاشان بە کەفالەت ئازادکرای. ئەو ڕووداوە چۆن بوو؟**

**خەتەر:** ڕاستییەکەت پێدەڵێم. نازانم ئەوە چ بوو ئەو شەوە بەسەرم هات. تائێستاش نایێتەوە بیرم ئەو ڕووداوە چۆن ڕوویداو چۆن لەو ژنەم دا. برادەرێکم ڕووداوەکەی بۆ گێڕامەوە. ڕاپۆرتێک لە تەلەڤزیۆنی ئەمریکی (Pro 7) بلاودەکرێتەوە، ڕووداوەکەی ئەو شەوە بە ڤیدیۆ گیراوە.

**ڕووداو: زۆرت خواردبووەوە، سەرخۆش بووی؟**

**خەتەر:** نەخێر، ئەز بەخواردنەوە سەرخۆش نابم. ئێمە کاژێر 23:00 گەیشتینە ئەوێ، ئەو دیسکۆتیکە پلای بۆی ئامادەکردبوو. ئێمە دەعوەتکرابووین. تەنیا 2-3 ڤۆدگام خواردەوە. دەتوانم زۆر بخۆمەوەو سەرخۆش نەبم، بەڵام بەو 2-3 ڤۆدگایە لەهۆش خۆم چووم. دواتر پێیانگوتم لەوێ تریاک دەخەنە پەرداخی مرۆڤەوە. واشیان لە من کردبوو.

## حەزدەکەم کچە کوردێک بێنم کە چاوی زۆر جوان بن

**ڕووداو: ڕووداوەکە چۆن بوو؟**

**خەتەر:** کاتێک دەڕۆیشتم ملم بەبێ ئەنقەست بە ملی ژنێکی پلای بۆی دەکەوێت. ئەویش هاوار دەکا. هەموو کەس تەماشای من دەکات و منیش پێیدەڵێم هاوار مەکە و، داوای لێبووردنی لێدەکەم. بەڵام ژنەکە هەر درێژەی دەداتێ و بۆکسێک لەنێو دەمی من دەدات. خوێن لەدەمم دێت. ژنێکی ئەفریقی بوو، زۆر بەهێز بوو. ئەزیش تووڕەدەبم و زللەیەکی لێدەدەم. هەموو کامێراکان دێنە سەر ئێمە. پۆلیس دێن دەمگرن و دەمخەنە زیندانەوە. لە ئەمریکا لێدانی ژنان لەبەر هەر هۆیەک بێت سزاکەی لە 1تاوەکو 3 ساڵ زیندانە. کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە بینیم لە زینداندام.

**ڕووداو: ئەی چۆن ئازادکرای؟**

**خەتەر:** 50هەزار دۆلارمان وەک کەفالەت دا. بەڵام هێشتا حوکمەکەم لەسەرە. هەر کاتێک بچمە ئەمریکا دەمگرن و دەمخەنە زیندان.

**ڕووداو: تۆبە ئیدی لە ژنێک بدەی خەتەر؟**

**خەتەر:** تۆبە...

**ڕووداو: ژنیش سەر بەکێشەن ها؟**

**خەتەر:** (بەپێکەنینەوە) بەڵێ، لەبەرئەوە دەمەوێ تەنیا یەک کچم هەبێ.

**ڕووداو: ژنت هێناوە؟**

**خەتەر:** نەخێر.

**ڕووداو: ناتەوێ ژن بێنی یان هێشتا ژنێکی بەدڵی خۆت نەدۆزیوەتەوە؟**

**خەتەر:** نەخێر حەزدەکەم ژن بێنم.

**ڕووداو: حەزت لە ژنێکی چۆنە؟**

**خەتەر:** پێش هەموو شتێک کوردبێ. ببمە عاشقیش دەبێ عاشقی کچێکی کورد بم. بەشەرەف و ناموس بێ، بە ئەخلاق بێ، بەڕێز بێ. زۆر زۆر جوان بێ. دەبێ چاوەکانی زۆر زۆر جوان بن. زۆر حەز لە چاو جوانان دەکەم.

**ڕووداو: هونەرمەند نەبێ؟**

**خەتەر:** نەخێر. لە ڕای خوا با هونەرمەند نەبێ.

**ڕووداو: کوردی کوێ بێ؟**

**خەتەر:** فەرقی نییە، هەر تەنیا ئەوەی کوردبێ.

**ڕووداو: حەزدەکەی زۆر منداڵت هەبن؟**

**خەتەر:** زۆر حەزدەکەم زۆر منداڵم ببن، بەڵام کوڕبن، تەنیا یەکیان کچ بێ.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**خەتەر:** کچ کێشە بۆ باوک و دایکان دروستدەکەن.

**ڕووداو: دەزانی زۆر بە بۆکسێر (مولاکم)ان دەچی؟**

**خەتەر:** دەزانم، بەڵام هەو نیم. حەزم لەوەرزشە، بەڵام ساڵی ڕابردوو نەمکردووە.

**ڕووداو: کێ لەپشتتە؟**

**خەتەر:** کورد. پێش ساڵێک کە ئەو پرسیارەت لێکردم، پێمگوتی برادەرەکانم. بەڵام ئێستا دەڵێم کورد.

**ڕووداو: بیر لەوە ناکەیەوە ڕۆژێک واز لە کاری هونەری بێنی؟**

**خەتەر:** نەخێر تائێستا شتێکی وام بە خەیاڵدا نەهاتووە. بەڵام لەوانەیە پاش ماوەیەکی دیکە چیتر هیپ پۆپ دروستنەکەم. لەوانەیە تەنیا کاری بەرهەمهێنان بکەم وەک بەرهەمهێن. بەهەرحاڵ دەبێ سیستەمێک بۆ ژیانی خۆم دابنێم.

**ڕووداو: چۆن؟**

**خەتەر:** بۆنموونە، پێشتر هەموو هەفتەیەک دەچووومە دیسکۆ. ئیدی ناچم. پێشتر زۆر کەس برادەرم بوون، ئێستا زۆر کەمن. پێشتر هەر ڕۆژەو لە شوێنێک بووم، ئێستا واناکەم. ئیدی حەزدەکەم بە سیستەم بژیم.

## ئەمساڵ ئەلبوومێکی کوردی بڵاودەکەمەوە

**ڕووداو: پارەیەکی زۆرت لەو کارە دەستدەکەوێ؟**

**خەتەر:** خراب نییە. بەڵام لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆر لە موزیک و ئەلبوومەکانم خەرجدەکەم، پارەیەکی زۆرم بۆ نامێنێتەوە.

**ڕووداو: بەینت لەگەڵ کلاسیکی کوردی چۆنە؟**

**خەتەر:** زۆر حەز لە لاوک و حەیرانان دەکەم.

**ڕووداو: ئێستا ڕۆژانی خۆت چۆن دەگوزەرێنی؟**

**خەتەر:** ڕۆژانە 8ی بەیانی بەخەبەرم. دەچمە وەرزش. دەچمە بازاڕی کۆلن و پێداویستییەکانم دەکڕم. دەچم نان دەخۆم. ئینجا دەچمە ستۆدیۆ. تاوەکو 9ی شەو کاردەکەم . دواتر دەچمە چایخانەیەک، تا درەنگانی شەو لەگەڵ چەند برادەرێکم قسەدەکەین، ئینجا دەچمەوە ماڵ و دەخەوم.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ دایک و باوکت چۆنە؟**

**خەتەر:** زۆر باشە. بەتایبەتی لەگەڵ دایکم، ئەو زۆر بەرگریم لێدەکات. زۆر پشتیوانیم دەکات.

**ڕووداو: لەدرەوەی کاری موزیکدا، ڕاوێژ لەگەڵ کێ دەکەی؟**

**خەتەر:** لەگەڵ دایکم.

**ڕووداو: لە چ دەترسێی؟**

**خەتەر:** ناترسێم. تەنیا لەوە دەترسێم شتێک بەسەر دایک و باوک و خوشکم بێت.

**ڕووداو: ئەی پیربوون و مردن؟**

**خەتەر:** پیربوون باش نییە، بەڵام لە مردن ناترسێم.

**ڕووداو: داوات لە 2010 چییە؟**

**خەتەر:** بچمە کوردستان و چەند کۆنسێرتێک لەوێ پێشکێش بکەم. ئەلبوومە تازەکەم دروستبکەم. هەروەها ئەمساڵ ئەلبوومێکیش بە کوردی بڵاودەکەمەوە.



| دینار | | 1 تەن |
|---|---|---|
| 100 $ | 118500 | 485 $ |
| 100 € | 163250 | 114 $ |

## ئابووری

**کێ زووتر بێت زیاتر قازانج دەکات**

رووداو-رۆیتەرز

دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند هەرێمی کوردستان توانیویەتی بڕی زیاتر لە 12 ملیار دۆلار وەبەرهێنان بۆ هەرێمی کوردستان رابکێشێت لە وەبەرهێنەرە بیانی و خۆماڵییەکان لەماوەی سێ ساڵ و نیوی رابردوودا. کامەران موفتی، بەڕێوەبەری گشتیی لەو دەستەیە بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند "دۆخەکە لای ئێمە زۆر جیاوازترە لە هەموو عێراق، کێ زووتر بێت سوودی زیاتر دەکات". بە پێی زانیارییەکانی دەستەی وەبەرهێنان کۆمپانیا بیانییەکان 3،1ملیار دۆلاریان وەبەرهێناوە لەهەرێمی کوردستان، زۆرترین ئەو سەرمایەش لەلایەن وەبەرهێنەرە کوێتی و لوبنانییەکانەوەیە. موفتی گوتیشی نزیکەی 1200 کۆمپانیا لە کوردستان کاردەکەن کە زۆربەی کۆمپانیا بیانییەکان تورکین و ژمارەیان 620کۆمپانیایە.

# حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستە نەوتییەکانی ئاشکرا دەکات

## کورد دوو کۆپی دوا دوو گرێبەستەکانی بۆ بەغدا دەنێرن

**رووداو- رۆیتەرز**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە بەنیازە سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکانی کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆری کردوون، بڵاوبکاتەوە. ئەم هەنگاوە رەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ دەرچوون لەو بنبەستەی کە لەگەڵ بەغدا دووچاری هاتوون، لەبارەی ئەوەی کە دەبێ کێ پارەی کۆمپانیا بیانییەکان بدات.

چەندین مانگە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لەسەر مەسەلەی ئەو گرێبەستانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆری کردوون، لە ناکۆکیدان، حکوومەتی بەغدا رازی نییە پارەی کرێی کۆمپانیا بیانییەکان بدات و ساڵی رابردووش بەوهۆیەوە هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە وەستێندرا.

بەرپرسانی بەغدا دەڵێن کە یەکێک لە کێشەکانی ئەو گرێبەستانە ئەوەیە روون و ئاشکرا نین، بەڵام بڵاوکردنەوەی نێوەڕۆکی گرێبەستەکان لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە رەنگە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. بەرپرسانی کورد هەر لە ئێستاوە دوو کۆپی دوا دوو گرێبەستەکانیان رەوانەی بەغدا کردووە.

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی گرێبەستەکانەوە گوتی "بەزووترین کات ئامادە و سکانیان دەکەین و بڵاویان دەکەینەوە".

بەپێی ئامارەکان، هەتا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان 38 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت مۆرکردووە.

ساڵی رابردوو چەند پرسیارێک لەبارەی گرێبەستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان سەریان هەڵدا، ئەوەش دوای ئەوەی بۆرسەی ئۆسلۆ، وردەکاریی رێککەوتنێکی ناڕوونی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای DNOی نەرویجی ئاشکرا کرد، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان رەتیکردەوە هیچ کارێکی هەڵەی کردبێت و لایەن بێت لەو کێشەیەدا.

بەرپرسانی کورد دەیانەوێ حکوومەتی بەغدا پارەی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی ئەو کۆمپانیایانە بدات کە لە کوردستان کاری نەوت دەکەن، بەڵام بەغدا سوورە لەسەر ئەوەی کە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بوودجەی تایبەتی خۆی پارەی ئەو کۆمپانیانە بدات.



### نەرمبوونەوەی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب

ئاڵۆزیی نێوان کورد و حکوومەتی بەغدا لەسەر ئەو گرێبەستانە و هەندێ مەسەلەی دیکەی گەورەتر لەسەر خاک و سەرچاوە، بە مەترسییەکی گەورە دەبینرێن لەسەر ئاسایش و ئارامیی داهاتووی عێراق.

هەورامی چاوپێکەوتنەکانی رابردووی بۆ ئەوە بەکارهێناوە کە دژی بەغدا بوەستێتەوە، بەڵام دوا لێدوانی زیاتر دیپلۆماتیانە بوو، کە ئەمەش رەنگە نیشانەی هەستیاری بارودۆخەکە پیشانبدات لەپێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی 7ی ئازار کە لەدوای ئەو هەڵبژاردنانە کورد بەدوای بەستنی هاوپەیمانێتیدا دەگەڕێت.

لەم ناکۆکییەدا، دەستی بەغدا بەرەو بەهێزی دەڕوات، ئەوەش دوای ئەوەی مانگی رابردوو وەزارەتی نەوتی عێراق چەند گرێبەستێکی مۆرکرد بەمەبەستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان کە ئەمەش رەنگە عێراق بکاتە یەکێک لە سێ گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا.

وادیارە کە پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب لە نەرمبوونەوەدایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ماوەیەک لەمەوبەر حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند کە چاوەڕوان دەکات بەم زووانە پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوت لە کوردستانەوە دەست پێبکاتەوە.

بەڵام ئاشتی هەورامی دەربارەی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان رایگەیاند کە هێشتا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پەیامەی لە بەغدا بەدەست نەگەیشتووە کە بەپێی قسەی بەرپرسانی کورد چاوەڕوان دەکەن رۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی دەرەوە بکرێت.

هەورامی لەوبارەوە گوتی "هێندەی ئاگادارم، ئێمە هیچ پەیامێکمان لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە پێنەگەیشتووە، بەڵام چاوەڕێی دەکەین".

کاتێکیش پرسیاری لێکرا کە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەی ئەو کۆمپانیایانە لە بوودجەی خۆیان دەدەن، ئاشتی هەورامی گوتی" نەخێر بەهیچ شێوەیەک".

هەورامی دەڵێ کە نەوتی یەدەگی کوردستان نزیکەی 45 ملیار بەرمیلە و چاوەڕێش دەکات ئەمساڵ 11 بۆ 12 بیرە نەوتی دیکە لێبدرێت.

سەرچاوە: ئاژانسی Reuters

**بەزووترین کات گرێبەستە نەوتییەکان سکان دەکەین و لە ئینتەرنێتدا بڵاودەکەینەوە**



د. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی کوردستان

# دانانی تاوەرەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی با دەستپێکرد

**بارزان محەممەد**
**رووداو-هەولێر**

بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی باو بەرهەمهێنانی کارەبا وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای زاگرۆس بەست، بەمەبەستی دانانی 15 تاوەر بۆ پشکنینی وزەی با لە هەرسێ پارێزگای کوردستان، کە تەنیا پشکنینەکان زیاتر لە 4 ملیارو 500 ملیۆن دیناری تێدەچێت، دوای پشکنینەکان دەتوانرێت لە رێگەی "با"وە کارەبا بەرهەمبێ.

محەممەد ئەمین هەورامی، بەڕێوەبەری هایدرۆپاوەرو وزە نوێبووەکان لە وەزارەتی کارەبا بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ بەرهەمهێنانی ئەو وزەیە، 15 تاوەر دادەنێین بۆ پێوانەکردنی خێرایی با، لە رێگەی مانگی دەستکردەوە داتاکان وەردەگیرێن، بۆ ماوەی یەکساڵ ئەم تاقیکردنەوەیە دەکرێت، 6 مانگیش شیکردنەوەی ئەنجامەکەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانین چەند میگاوات کارەبا لە رێگەی با بەرهەمدەهێنرێت".

بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆرو با لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە، کارەباش لە کوردستان لە کێشە سەرەکییەکانی خەڵکە، بۆیە حکومەت دەیەوێت بە سوود وەرگرتن لە با و تیشکی خۆر ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

کۆمپانیای زاگرۆس لە رێگەی کۆمپانیای (ئێنیرجی تیم)ی ئەڵمانی ئەم پڕۆژەیە ئەنجامدەدات، کە ئەو کۆمپانیایە لە زۆر وڵاتی جیهان پڕۆژەی لەوشێوەی هەیە وەک تورکیاو کازاخستان و رووسیاو گۆنگۆ. گەورەترین پڕۆژەشی لە ئەڵمانیاو ئیسپانیایە کە ئەوەی ئیسپانیا ئێستا بە 20 تاوەر 20 میگاوات کارەبا بەرهەمدێنێ.

کارلیتۆ کانتا، بەڕێوەبەری پڕۆژەی بایەوان لە گرووپی کۆمپانیاکانی زاگرۆس پێشبینی دەکات لە کوردستانیش هەر تاوەرێک یەک میگاوات کارەبا بەرهەمبێنێ، کە دەکاتە 15 میگاوات، کارلیتۆ بە (رووداو)ی راگەیاند لە ماوەی یەک مانگدا دانانی 15 تاوەر تەواودەبێت "لە بەرنامەماندایە لەگەڵ تاوەرەکانی وزەی با کارەبای وزەی خۆریش بەرهەمبێنین، چونکە رێژەی تیشکی خۆر لە کوردستان زۆرە و پێشبینی دەکەم کە بتوانرێ کارەبای تەواوی هەرێمی کوردستان لە وزەی خۆر بەرهەمبێ".

بەرزی تاوەرەکان 50 مەترەو بۆ هەر پارێزگایەک 5 تاوەر دادەنرێ. لەبەرئەوەی لە عێراقدا چڕی هەوا دیاری نەکراوە، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ئەتلەسی چڕی هەوا لە کوردستان پشت بە ئەتلەسی جیهانی دەبەسترێ، لە ئەتڵەسی جیهانیدا چڕی هەوا لە ناوچەکانی کوردستان دیاریکراوە، کە چڕی هەوا لە چ شوێنێک زۆرەو ئاراستەکەی بۆ کام لایە.

هەورامی ئاماژەی بەوەشکرد کە داتاکانی دەزگای کەشناسی کوردستان ناتوانن زانیاری تەواو بدەن سەبارەت بەم پڕۆژەیە، چونکە "تاوەرەکانی کەشناسی هەرێمی کوردستان بەرزیان لە 20 مەتر رەتناکات، لە کاتێکدا تاوەرەکانی پڕۆژەی بایەوان 50 مەترن".

تاوەرەکان زیاتر لە دەشتی هەولێر لە ناوچەی مەخمور، دەشتی هەریرو پیرمام و سۆران، لە سلێمانیش لە ناوچەی چەمچەماڵ و گەرمیان و شارەزوور و چوارقوڕنە، لە دهۆکیش لە دەشتی سێمێل و زاخۆ دادەنرێن.

جگە لەوەی لەڕووی کەمکردنەوەی کێشەی کارەبا ئەو پڕۆژەیە گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پاراستنی خاوێنی ژینگە لەبارە، وەک هەورامی دەڵێت "ئەو پڕۆژەیە زۆر باشترە لە وزەی نەوت و گاز، چونکە وزەیەکی پاکەو بە درێژایی ژیان دەمێنێتەوە".

بۆ ئەو پڕۆژەیە لە رێگەی مانگی دەستکردەوە هەفتانە زانیارییەکانی (باو وزەی خۆر)ی لە رێگەی ئامێرێکەوە کە لەسەر تاوەرەکان جێگیرکراوە دەگوازێتەوە. محەممەد ئەمین، کە شارەزایە لە بەرهەمهێنانی وزە دەڵێت "بەهۆی ئەم زیانیاریانەوە دەتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەبا لە وزەی خۆرو با دابین بکەین بۆ کوردستان".

**دەتوانرێ کارەبای کوردستان لە خۆرەوە دابین بکرێ**

بەڕێوەبەری پڕۆژەی بایەوان لە گرووپی کۆمپانیاکانی زاگرۆس



## 31رێکخراو داوای کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان دەکەن

# "ئەگەر وابڕوات لە داهاتوودا هەموو بودجەی هەرێمی کوردستان بەشیان ناکات"



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەمەبەستی کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران، 31 رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن مووچەی پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان کەم بکاتەوە.

کەمپینەکە بەدەستپێشخەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق (کە سەر بەحیزبی شیوعییە) لە2009/12/25 لەسلێمانی دەستپێکراوەو،31 رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆ دەگرێت. نوێنەرانی ئەو کەمپینە لە رۆژی 2010/2/4 سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان کردو یاداشتێکیان لەوبارەیەوە پێشکێش کرد.

سمکۆ رەشید، وتەبێژی کەمپینەکە و سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق، لەبارەی نێوەڕۆکی یاداشتەکە بە (رووداو)ی راگەیاند لە یاداشتەکەدا باس لەو جیاوازییە زۆرە کراوە کە لەنێوان مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی و مووچەی پەرلەمانتارە خانەنشینەکاندا هەیە. هەروەها باسیان لەوە کردووە کە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەرنەکات ئەوا کوردستان لە ئایندەدا دەبێتە خاوەن لەشکرێک لە پەرلەمانتاری خانەنشینکراو بە مووچەیەکی زۆر "ئەگەر وا بڕوات لەوانەیە لە دوارۆژدا بودجەی هەرێمی کوردستان بەشیان نەکات".

سمکۆ رەشید گوتیشی "لەیاداشتەکەدا داوای هەموارکردنی بڕگەی یەک لە مادەی دووی یاسای ژمارە 13ی ساڵی 1999ی یاسای هەموارکراوی خانەنشینی پەرلەمانتارمان کردووە بە جۆرێک مووچەی هیچ پەرلەمانتارێکی خانەنشنکراو لە 50%ی مووچەکەی تێپەڕ نەکات، خانەنشنییەکەش تەنیا بۆ ئەو پەرلەمانتارانە بێ کە لەکاتی پەرلەمانتاریدا کۆچی دوایی دەکەن، یان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی پەرلەمانتاری کەمئەندام دەبن، یانیش لەدوای کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان تەمەنیان گەیشتبێتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی".

هاوکار مەجید، 28 ساڵ، دەرچووی زانکۆ، پێیوایە ئەو جیاوازییە زۆرەی لەنێوان مووچەی پلە تایبەتەکان و فەرمانبەرانی ئاساییدا هەیە، سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی جیاوازی چینایەتی و گوتی "ئەگەر هەنگاوێکی جیدی بۆ سنووردارکردنی ئەو نادادپەروەرییە نەنرێ، لە چەند ساڵی ئایندەدا هاووڵاتی پلە یەک و پلە دوو بە ئاشکرا دەردەکەوێ".

خەمان زرار، پەرلەمانتاری خانەنیشنکراو، دەڵێت مانەوەی مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتار و وەزیر و پلە تایبەتەکان بەو شێوەیەی ئێستا، دەبێتە بارگرانیەک بەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان و هەروەها نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، گوتیشی "لە خولی پێشووی پەرلەمان زۆرجار باسی ئەم جیاوازییە دەکرا، بەڵام بەداخەوە نەکرایە پرۆژە".خەمان زرار ئەوەشیگوت "ناکرێ پەرلەمانتار لەماوەی 4 ساڵ ئەو پارە زۆرە وەربگرێت و دواتریش بەمووچەیەکی زۆر خانەنشین بکرێت".

کاردۆ محەممەد، پەرلەمانتار لەسەر لیستی گۆڕان، پشتگیری داواکاری ئەو رێکخراوە مەدەنیانە دەکات و گوتی "ئێمە پرۆژەیەکمان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی لەنێوان مووچەکان ئاراستەی پەرلەمان کردووە، چونکە ئەو جیاوازییە زۆر نا بەرامبەرەو پێویستی بە پێداچوونەوەیە". عومەر سدیق، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی، ئەوە بە کەمپینێکی باش دادەنێ، بەڵام دەڵێت پێداچوونەوەو دەستکاریکردنی مووچە بەهەڕەمەکی نابێت "پێویستە پەرلەمان لە رێگەی لیژنەیەکی تایبەت لە کەسانی پسپۆر و شارەزا، لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکات بۆ ئەوەی لەداهاتوودا کە بڕیارەکە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە لێی پەشیمان نەبنەوە".

# کۆمەڵایەتی


## تەڵاق لە سلێمانی زیادی کردووە



ڕووداو - PNA

بە پێی ئامارێکی دادگای باری کەسێتی سلێمانی دیاردەی تەڵاق لە شاری سلێمانیدا تەنها لە ساڵی 2009دا، 1167 حاڵەتی هاتووی جیابوونەوە هەبووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە تەنها لەماوەی ساڵانی 2002 - 2007 لە سلێمانی لە کۆی 72 هەزار و 559 پرۆسەی هاوسەرگیری 7 هەزار و 590 جیابوونەوە تۆمار کراوە، بەپێی ئەو ئامارە ئەگەر جیابوونەوەی ساڵی 2009 بخەینەسەر لە7 ساڵدا، 8754 خێزان لەیەک جیابوونەتەوە. لە ئامارەکە هاتووە تەنها لە قەڵادزێ لە2009 دا 71 جیابوونەوەو لە هەریەک لە کەلارو سەیدسادق نزیکەی 200 جیابوونەوە تۆمار کراوە.

# "مارە بڕین لەلای مەلا واجبێکی ئایینی نییە"



ڕەوا عەبدوڵڵا
rawaebdalla@yahoo.com

**ڕووداو – هەولێر**

لەبەردەم ژووری دادوەر چاوەڕێی چوونە ژوورەوەی دەکرد بۆ مارەبڕین. بەر لەوەی بێتە دادگا، دەستگیرانەکەی لای مەلا مارەبڕی کردبوو. هەندرێن نەوزاد، مارەبڕینی سەرەتای لای مەلا بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی و کەمتەرخەمی دادوەرەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێت "دادوەرەکان ڕێوشوێنی پێویستی مارەبڕین وەک مەلا ناگرنە بەر، تەنیا ڕەزامەندی کچ و کوڕەکە وەردەگرن و نیکاحی ژن و پیاو لەیەکتر حەڵاڵ ناکەن".

بەشێکی زۆری خەڵک و مامۆستایانی ئایینی متمانەیان بەمارەبڕینی دادگا نییە و، بەگومانی مارەیی نەهاتن سەرەتا دەچنە لای مەلاکان، بەرپرسانی دادگاش ئەمە بەسەرپێچی یاسا و کەمکردنەوەی ڕۆڵی دادوەرو دادگا دەزانن و داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکەن سنوورێک بۆ ئەو مەلایانە دابنێن کە پێش دادگا کچان و کوڕان لە یەکتر مارە دەکەن.


هەندرێن نەوزاد، 23 ساڵ، بڕوای وایە بەشێکی زۆری خێزانەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بەر لەمارەبڕین لای مەلا ڕێگە بەکچەکانیان بدەن لەدادگا مارەبکرێن "من متمانەی تەواوم بەمارەبڕینی دادوەر نییە، دڵنیام ئەگەر بەر لە مارە بڕین بەماڵی خەزوورم بگوتبایە بەدادوەر مارەی دەکەم، لەوانەبوو هەر کچەکەشیان پێ نەدابام".

### هەر مەلایەک کوڕو کچ لە دەرەوەی دادگا مارە بکات دادوەر دەتوانێ سزای سێ ساڵ زیندانی بکات

وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری

بەپێی ئامارێکی دادگای باری کەسی لە هەولێر، ساڵی ڕابردوو 7928 گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراوە، 250 مارەبڕینی دەرەکیش پەسندکراوە. بە وتەی فەرمانبەرێکی دادگا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت 80%ی ئەوانەی دێنە دادگا پێشوەخت لای مەلا مارە بڕینیان ئەنجامداوە، بەڵام لەبەر سزای یاسایی ئامادە نین ڕاستییەکە بدرکێنن.

دادوەر عەبدولباست فەرهادی، وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری کوردستان، گوتی دادوەرەکانیان هەموو ڕێوشوێنێکی شەرعی و یاسایی بۆ مارەبڕین دەگرنەبەر "دادگا هیچ گرێبەستێک لەنێوان کوڕ وکچ نابەستێ ئەگەر تەواو دڵنیا نەبێ کە ئەو کوڕ و کچە بەیەکتر ڕازین یان نا، هەروەها دەبێت لەپشکنینی پزیشکی دەرچووبن، کچەکەش تەمەنی یاسایی شووکردنی تەواو کردبێت". گوتیشی "ئێمە ئاگادارین هەندێک بەناو مەلا هەن بێ ئەوەی هیچ لە مەسەلە شەرعی و یاساییەکان بزانن تەنیا بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە، مارەبڕین لەدەرەوەی دادگا ئەنجامدەدەن، ئەوانە لەزۆر ڕووەوە دادگایان تووشی کێشە کردووە"، ئەو



### گومانم لە ڕاستی مارەبڕینی دادگا هەیە

مەلا ڕەشید گەردی

دادوەرە داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات سنوورێک بۆ مەلایان دابنێ و گوتیشی "هەر مەلایەک لەدەرەوەی دادگا کچ یان ژن مارە بکات، ئەگەر ئاشکرابێت دادوەر بۆی هەیە بەپێی یاسا لەسەر ئەم کارەی ماوەی سێ ساڵ بەندکردنی بۆ ببڕێتەوە".

د.محەممەد گەزنەیی لە یەکێتی زانایانی ئایینی دەڵێت "هەموو مەلاکان باش ئەو ڕاستییە دەزانن، ئەو مارەبڕینەی قازی لە دادگا ئەنجامیدەدات و هیچ ناشەرعییەکی تێدانییە و دروستە"، هەروەها دەڵێ ئەوەی ئەوان دەیکەن زیادە و کەمکردنەوەی ڕۆڵی دادوەرە "پێویستە واز لەو کارە بێنن، چونکە کاتێک کوڕوکچێک لەلای دادوەر مارەبڕان هیچ پێویست بە مارەبڕینی مەلا ناکات و مارە بڕینەکەیان قبوڵە".

گەزنەیی، مارەبڕینی لای مەلای بە "نەریت" ناوبردو گوتی "لەهیچ پەرتووکێکی شەرعی نەکراوەتە مەرج مارەبڕین لەسەر دەستی مەلا ئەنجامبدرێت، هەر کەسێک بتوانێ مەرجەکانی مارەبڕین بەجێ بگەیێنێ دەتوانێ کوڕ و کچ لەیەک مارە بکات، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت سزای ئەو مەلایانە بدات، چونکە بەپێی یاسا مارە بڕین لەدەرەوەی دادگا قەدەخەیە".

لەبارەی هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف بۆ بنبڕکردنی مارەبڕینی بەر لە دادگا، مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، گوتی



### هەرگیز قبوڵ ناکەین مەلایەک لەسەر مارەکردنی کوڕو کچێک سزا بدرێ

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف

"بەشێکی زۆری خەڵکی کۆمەڵگەی ئێمە موسڵمانەو پابەندی ڕێنماییەکانی قورئان و فەرموودەیە، داوونەریتی کۆمەڵیش بەسەریدا زاڵە، خەڵک هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بڕوا بکات قازی هەمان ڕۆڵی مەلا دەبینێ لەمارەبڕین، بۆیە ناکرێ هەروا بەئاسانی وەزارەت بە بڕیارێک ئەمە قەدەخە بکات، بەڵام ڕێنمایی مامۆستایانمان کردووە هەرکەسێک چوو بۆ لایان بۆ مارەبڕین داوایان لێبکەن سەردانی دادگا بکەن". بەڵام وتەبێژی ئەوقاف گوتیشی "هەرگیز قبوڵ ناکەین مەلایەک لەسەر مارەبڕینی کوڕو کچێک لە دەرەوەی دادگا سزا بدرێ".

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژەی بەوەدا کە تائێستا چەندین جار لەلایەن وەزارەتی دادەوە سکاڵایان ئاراستە کراوە لەسەر ئەوەی "ئەوانەی لەلای مەلا مارەیان بڕیوە، کاتی خۆی نەچوونەتە دادگا و کێشەیان بۆ دادگا دروستکردووە، بەتایبەتی لەسەر نەفەقەو میرات، بۆیە ئێمە لەسەر داوای ئەوان مامۆستایانی ئاینیمان ئاگادار کردووەتەوە هەر کێشەیەکی لەم شێوە ڕوویدات ئەوان خۆیان لێی بەرپرسیارن".

هەندێ مەلا گومانیان لەڕاستی تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری دادگا هەیە. مەلا ڕەشید گەردی، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی شێخ عەبدولڕەشید گەردی لەبەحرکە، دەڵێ "من وەک مامۆستایەکی ئاینی گومانم لەڕاستی مارەبڕینی دادگا هەیە، چونکە دەزانم زۆر لە دادوەران لەکاتی مارەبڕین وشەی (نیکاح و تەزویج) بەکارناهێنن، تەنیا بەواژۆیێک لایەنی ئیجاب و قبوڵ جێبەجێ دەکەن، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک کوڕو کچ لێک حەڵاڵ ناکات، لە دەقی قورئانی پیرۆز لەسورەتی (النسا و) هاتووە بەبێ گوتنی ئەم وشانە نیکاحی ژن و پیاو لەیەکتر نایێت".

ئەو مەلایە بۆ چارەسەری ئەو گرفتە بەپێویستی دەزانێ "هەردوو وەزارەتی داد و ئەوقاف هۆبەیەک لەنێو دادگاکان دابنێن و چەند مامۆستایەکی ئاینی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی پێش مارەبڕین لای دادوەر ئەو مامۆستایانە مارەیی ئەو کەسانە ببڕن کە دێنە دادگا، دادوەرانیش ڕێوشوێنە یاساییەکانی ئەنجام بدەن".





تامان شاکر

# لە ناو مەوزوع بوون باشە

جاران کەس نەیدەویست "لە ناو مەوزوع دا بێت" جگە لەوانەی خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی و ڕۆحی کوردایەتی بوون. هەر ئەم مەوزوعە بووە هۆی دەرپەڕینی هەزاران کەس لە نێو ماڵ و منداڵی خۆیان، بەرەو شاخ و هەموو زەحمەتیەکیان قبوڵ کرد، لەپێناو ئەو مەوزوعە زۆربەیان گیانیان بەخشی.

ئەوەی کاری نهێنی دەکرد لەشارەکان، کەسێکبوو هەرچەندە زۆر بەخەستی لەنێو مەوزوعەکاندا بوو، هەرگیز نەیدەویست کەس بزانێ دەستی هەیە. بۆ ئەوەی تەمەنی کاری نهێنی درێژتر بێت، چونکە ئەگەر بەردەستی حکومەت بکەوتایە، مەرگی خۆی پێ باشتر بوو، لەوەی ناوی ئەوانە بدرکێنێ کە لە مەوزوعدان.

ئەوە کوردایەتی و حیزبایەتی خەڵکی هەژاروخەباتکاری کوردستان بوو، لەوکاتەی کە لە مەوزوعدابوون باجی گران بوو. ئەو خەباتەی ئەوانیش کردیان، ئەو مەوزوعانەی ئەمڕۆی لێپەیدا بوو . خەتی 36 و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و شتی دیکەش.

دوای ڕاپەڕین مەوزوعەکان گۆڕان، ئەوانەی بەخەستی لە مەوزوعدا بوون، بەڵام سەرە داوی مەوزوعەکان لە دەستی ئەواندا نەبوو، بەتەواوی دوور خرانەوەو بێ بایەخ کران، چونکە ئەوانە خاوەنی هەڵوێست بوون و لە مەوزوعە تازەکان تێنەدەگەیشتن.

مۆدێل و مەوزوعەکانی نێو کاری ئەمڕۆی حیزب بریتین لە ( پۆستی بەرز، ئۆتۆمۆبیلی مۆنیکاو پرادۆ و وەنەوشە، پارەی موفت، شوقە بەنازەکانی زەکەریا و ئینگلیزی و ئیتاڵی وئەندام پەرلەمانی کوردستان / عێراق و پارچە زەوی و مۆڵ). جابۆیە ئەوەی لە ژیانیدا لە نێو مەوزوعەکاندا نەبووەو گاڵتەشی بەوانە کردووە کە لە مەوزوعدا بوون، ئەمڕۆ دەبێتە دەروێشی خاوەن مەوزوعەکان و دەیەوێ بە چرو پری لە مەوزوعەکاندا بێت، دڵنیایە خێرو بەرەکەتی حیزبی بەردەکەوێت، لە نێو خەڵکی دەبێت بە مەوزوع. لە لێدوانەکانیشدا دەبێتە دەمڕاستی شەهیدە نەمرەکان و کەسوکاریان، هەرکەس گوێی لێبێت وا دەزانێ لە نێو مەوزوعەکان سەری سپی کردووە، ئێستا بەری ڕەنجی ئەو کاتەی دەخوات.

ئەم هەمووەوزوعەش بۆیە هاتە گۆڕێ، چونکە لەم ڕۆژانەدا کابرایەکی زۆر سادەو هەژار، کە لە ژیانیدا نەیزانیوە مەوزوع چییەو هەر خەریکی کاری دەستگێڕی بووەو نەچووەتە نێو هیچ مەوزوعێکەوە، بە ڕێکەوت بینیم دوای چاک و چۆنی وتم خەریکی چیت وتی دەچم بۆ کۆبوونەوە، وتم کۆبوونەوەی چی وتی حیزبی، وتم بۆ تۆش ئەندامی حیزبی؟ بە پێکەنینەوە وتی با لەناو مەوزوع بین باشە، ئاگامان لە شت دەبێت و لە مەوزوعەکان تێدەگەین و شتێکیشمان دەستدەکەوێت.

## پۆلیسی هەولێر نهێنی کوشتنی سیڤان و سیراجەددین بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات

# "بە منداڵەکانم گوت لە بەردەمم درێژ بن، دوو گوللەم لەسەری هەر یەکێکیان دا"



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو–هەولێر**

"بە منداڵەکانم گوت درێژ بن، ئەوان منداڵی منن، یەکسەر درێژبوون، منیش یەکەو دوو گوللەم لەسەریاندا"، سامانی نابینا بەوشێوەیە منداڵەکانی کوشت. بەپێی قسەی پۆلیس ئەو پیاوە لە ئیفادەی پۆلیسدا دانی بەوە داناوە کە سەرپەرشتی باندی لەشفرۆشی کردووەو دەڵێت "لەبەر ئەوەی گومانم هەبوو ئەو منداڵانە لە من بن، لەبەر ئەوە هەردووکیانم کوشت".

ئێوارەی ڕۆژی 2010/1/2 سامان سەباح سابیر، تەمەن 29 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی سەرووەرانی هەولێر، هەردوو منداڵەکەی بەناوی سیراجەدین سامان تەمەن 7ساڵ، سیڤان سامان تەمەن1ساڵ، لە چۆڵەوانییەکی نزیک گوندی بێستانە بە گوللە کوشتن. سامان ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێرە (محەتە)و دانی بە تاوانەکەی داناوە.

سامان کە پێشمەرگەی پارتی بوو، لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەکەکە لە چیای گارە لەساڵی 1998 هەردوو چاوی کوێر بوون. 10ساڵە لەگەڵ (ف.م) ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. سیراجەدینی کوڕی قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بوو. سامان لەڕووی داراییەوە ژیانی زۆر باش بوو، 3مووچەی وەردەگرت، بەناوی کەمئەندامان و خانەنشینی و 150هەزاریش وەک هاوکاری وەردەگرت.

### لەبەرئەوەی خۆی و ژنەکەی کاری بەدڕەوشتییان دەکرد، بۆیە گومانی لە منداڵەکانی هەبوو

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، وردەکاری کوشتنی ئەو دوو منداڵەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد. سامان دوای دەستگیرکردنی یەکسەر دانی بە تاوانەکەی ناوە کە خۆی منداڵەکانی کوشتووە، بەڵام سەرەتا لە ئیفادەی پۆلیسدا دەیگوت لەبەرئەوەی نەیتوانیووە سۆزی باوکێتی بە منداڵەکانی بدات ئەوانی کوشتوون. بەڕێوەبەری پۆلیس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سامان دەڵێت گومانم لە منداڵەکانم هەبوو، کە لەخۆم نەبن، بۆیە ئەو منداڵانەم کوشت، چونکە خۆی و ژنەکەی کاری بەدڕەوشتیان دەکرد".

سامان دوو خانووی هەبوو، یەکێکیان لە شوێنێکی زۆر باشی شاری هەولێرو، ئەوەیتریش لە ناحیەی دارەتوو، هەرچەندە لەناو خەڵک دەیگوت ئەو خانووەمان بەکرێداوە، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەڵێت "ئەو خانووەی بەکرێ نەدابوو، لەوێ سەرپەرشتی کۆمەڵێک ژنی لەشفرۆشی دەکردو کاری پێدەکردن، سامان خۆی کاری خراپی بە ژنەکەی دەکرد، سامان و ژنەکەی خۆیان دانیان بەو تاوانەیان داناوە، تاوەکو کوشتنی منداڵەکانیشی لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە".

سامان بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە، گومانی لە هەردوو منداڵەکەی هەبووە کە لە خۆی بن، وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەڵێت "هەموو کات بیری لەوە کردووەتەوە ئەو منداڵانە لە خۆی نین، بۆیە بڕیاری کوشتنیانی داوە".

سەرچاوەیەک لە پزیشکی دادوەری کوردستان لە نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تا ئێستا ئامێری وایان نییە، دیاری بکات کە ئەو منداڵانەی سامان، لە سامانن یان نا "ئامێرمان نییە باوکی منداڵ دیاری بکات و ئاشکرای بکات".

یەکێک لە دراوسێکانی سامان کە بەکارەساتەکە تاساوە باسی لەوە دەکرد، سامان و ژنەکەی زۆرجار کێشەیان لەگەڵ یەک هەبووە، ساڵێک لەمەوبەر سامان هەوڵی کوشتنی منداڵەکانی داوە "سامان گوتبووی منداڵەکان دەخنکێنم، ژنەکەی هاواری کرد، ئێمە چووین ژنەکەی منداڵەکەی لە ژوورێک کردبوو لە ترسان".

هەفتەیەک بەر لە کوشتنی منداڵەکانی، سامان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (م) کە شۆفێری تاکسییە چووەتە چۆڵەوانییەک لە نزیک گوندی بێستانە (20کیلۆمەتر ڕۆژهەڵاتی هەولێر) چاڵێکی هەڵکەندووە، ئێستا ئەو شۆفێرەش دەستگیرکراوە، بەڵام بێ ئاگایی خۆی لە کارەساتەکە نیشانداوە. عەمید عەبدولخالق ئاماژەی بەوەدا (م) بەشدار بووە لە هەڵکەندنی گۆڕ بۆ منداڵەکان "دەڵێت نەمزانیووە ئەو چاڵەی بۆ چییە، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوە ماوە، تاوەکو دڵنیابین ئەو پیاوە بۆ چاڵەکەی لێداوە".

چەند ڕۆژێک بەر لەو کارەساتە، کە هەموو هەولێری هەژاند، سامان منداڵەکانی ژەهرخوارد کردبوون، بەڵام وەک عەمید عەبدولخالق دەڵێت "بەهۆی ڕشانەوە نەمردبوون"، بۆیە سامان بڕیاردەدا منداڵەکانی بکوژێت، سامان دەچێتە بازاڕی چەکفرۆشان کلاشینکۆف دەکڕێت و بۆ ئێوارەکەی دەستی منداڵەکانی دەگرێت و بەرەو مەرگیان دەبات.

چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، (ف)ی دایکی منداڵەکان بێ ئەوەی هیچ فرمێسک لە چاوەکانی بێت، قسەی بۆ (ڕووداو) کردو بەسەرهاتی کوشتنی منداڵەکانی گێڕایەوە "سامان گوتی منداڵەکان دەبەمە پارک، ڕۆژێکی زۆر سارد بوو، گوتم مەچنە دەرەوە هەر ڕۆیشت".



سامان سەباح سابیر



سیراجەدین سامان

سامان دوای ئەوەی منداڵەکانی دەباتە دەرەوە تاکسییەک دەگرێت و دەچێتە ئەو شوێنەی چاڵەکەی لێداوە، سامان لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "بە منداڵەکانم گوت درێژبن، ئەوانیش منداڵی منن بەگوێیان کردم و درێژبوون، منیش یەکەو دوو گوللەم لەسەریان دا"، بەڕێوەبەری پۆلیس دەڵێت "شۆفێری ئەو تاکسییەمان تائێستا دەستگیر نەکردووە کە ئەو منداڵانەی بردووەتە ئەو شوێنە و، نازانین کێیە".

(ف) سەرەتا خۆی لە هەموو تاوانەکە دەدزییەوەو سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمارکرد، داواشی دەکرد سامان لە سێدارە بدرێت، لەو کاتەی قسەی بۆ (ڕووداو)یش دەکرد، دەیگوت هیچ کێشەمان نەبووە "سامان زۆرکات دەگریا، دەیگوت لەبەرئەوەی ناتوانم منداڵەکانم ببینم دەگرییێم، دەمگوت من دەیانبینم دەیگوت خۆمن نایانبینم، سکم بۆیان دەسوتێت"، کەچی ئێستا (ف)یش لە زیندانە. بەڕێوەبەری پۆلیس دەڵێت "ئەو ژنە ئاگاداری ڕووداوەکە بووەو بەشدارە لەو تاوانکارییە، بەڵام دانی پێدانەناوە کە ئاگاداری کوشتنی منداڵەکانی بێت".

لە دوای کوشتنی منداڵەکانی، سامان لە بەردەم دادوەردا گوتی "منداڵەکانم ڕەوانەی بەهەشت کردن، شەهیدن، نەمدەویست گەورەبن تووشی تاوان بن"، بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەڵێت، سامان تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندن ئەو قسانەی کردووە "دەیویست بەو قسانە خەڵک فریوبدات، کەسێک منداڵی خۆی بکوژێت، لە کوێ دەزانێت بەهەشت و دۆزەخ چییە؟".

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر کوشتنی سیڤان و سیراجەددینی بەتاوانێکی گەورەو دڕندانە وەسفکرد، کە دایک و باوکێک دەستیان لە کوشتنی دوو منداڵی خۆیاندا هەبێت، پێشبوایە هێشتا زۆر شت هەیە لە ڕووداوەکە بۆیان ڕوون نەبووەتەوە، چونکە "ئەو تاوانە زۆر ئاڵۆزەو تەواو نەبووە".

# باسی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق
# ئاراستەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لە عێراق گۆڕی



بەها ئەعرەجی دوای قسەکەی لە بارەی ئەبوبەکرەوە سونەکان داوا دەکەن لە هەڵبژاردن دوور بخرێتەوە

**رووداو- ئاژانسەکان**

لە هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا لە عێراق، بەپێچەوانەی وڵاتانی دیموکراسی کە قەوارە سیاسییەکان بۆ راکێشانی دەنگدەر، قورسایی پروپاگەندەکانیان دەخەنە سەر بەڵێنی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات، لەگەڵ دەستپێکی هەڵمەتەکاندا مشتومڕێکی توند لەنێوان رەوتی سەدر و لایەنە سوننییەکاندا لەسەر ئەبوبەکری سدیق، یەکەمین خەلیفەی راشیدی بەرپابوو، ئەویش پاش ئەوەی بەها ئەعرەجی کە یەکێکە لەسەرکردەکانی رەوتی سەدر، لەسەر شاشەی یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە گوتی کە "لەسەردەمی ئەبوبەکرەوە تا ئەحمەد حەسەن بەکر پیلانیان لەدژی شیعە گێڕاوە لە عێراق".

قسەکانی ئەعرەجی، کە هەندێ لایەنی سوننی بە بەرپرسیاری یەکەمی هەڵمەتەکانی کوشتن و تۆقاندن و راگواستنی سوننەکانی دەزانن لەساڵانی-2005 2007دا، بوونە بیانوویەک بۆ دەرکردنی بەیاننامەی ئاگرین و بەرپاکردنی هەڵمەتێک لەدژی خۆی و سوپای مەهدی بەشێوەیەک کە کەشوهەوای شەڕی تایفەگەریی ساڵانی پاش رووخاندنی رژێمی بەعس، باڵی بەسەر ناوچەکانی باشوورو نێوەڕاستی عێراقدا کێشایەوە.

ئامارەکان لە عێراق ئاماژە بە کارەساتی مرۆیی گەورە دەکەن، زیاتر لە 6 ملیۆن بێوەژن و نزیکەی دوو ملیۆن کەمئەندام کە لە شەڕو کوشتاری پتر لە 30 ساڵی رابردوو کەوتوونەتەوە، ئەوە سەرباری ژێرخانێکی داتەپیوو و خراپبوونی لە رادەبەدەری کەرتەکانی خزمەتگوزاریی گشتی، وەک تەندروستی، پەروەردە، رێگەوبان، شارەوانی و کارەبا، هەروەها بەفیڕۆچوونی سامانی وڵات و هەڕەشەکانی گەندەڵی کە باس لە بەهەدەرچوونی ملیاران دۆلار دەکەن، جگە لە نابووتبوونی کەرتی نەوت کە لەبەرهەمهێنانی نزیکەی دوو هەزارو 500 ملیۆن بەرمیلی رۆژانەدا چەقیوە، لەنێو هەموو ئەم بابەتانەدا زۆر جێگەی سەرنج بوو کە کەسایەتیی یەکەمین خەلیفەی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام ببێتە مایەی مشتومڕ.

دوای قسەکانی بەها ئەعرەجی، حیزبی ئیسلامیی عێراق بەیاننامەیەکی توندی دەرکردو داوای لەنێوبراو کرد "لەو قسە سووکانە"ی پاشگەزببێتەوەو بەشێوەیەکی ئاشکرا داوای لێبووردن بکات.

لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە "ئەو تیۆرە پیلانگێڕییەی ئەعرەجی باسیدەکات، تەنیا لەهزرە نەخۆشەکاندا هەیە". هەروەها دەڵێت "ئەو قسانەی کە پڕن لە رق و کینەو گیانی تایفەگەریی قێزەون، هەروا لەخۆڕاو لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نەهاتووە، ناکرێ ئەوانە قسەی کەسێک بن کە خۆی بەیەکێک لەم نەتەوەیە بزانێ".

هەر لەوبارەوە، (کۆمەڵەی زانایان و رۆشنبیرانی عێراق) بەیاننامەیەکی دەرکرد کە لێدوانەکانی ئەعرەجی بە "شێواندنی مێژووی عەرەبیی ئیسلامی" لەقەڵەمدا. بەیاننامەکە وای لێکداوەتەوە کە قسەکانی ئەعرەجی "سەرەتای دووبارە لێژبوونەوەیە بەرەو ئەو تایفەگەرییەی عێراقییەکان بەحیکمەتی خۆیان تێیانپەڕاند".

بەیاننامەکە لەبەشێکی دیکەیدا دەڵێت کە سەرقاڵکردنی خەڵک بە رووداوەکانی مێژووەوە "ئێستاو ئایندەی لێ بزر دەکات، وەک چۆن بە ناکۆکی و خوێندنەوەی رووکەش بۆ رووداوەکان، رابردووی بزربوو".

دیوانی وەقفی سوننیش لەو لێدوانانەی ئەعرەجی بێدەنگ نەبوو، بەڵکو لە بەیاننامەیەکی توونددا سەرباری نێوبردنی ئەعرەجی بە "تایفەگەرێکی کینە لەدڵ" داواشی لە مەرجەعە ئاینییەکان و بەتایبەتی مەرجەعی باڵای شیعە لەنەجەف کرد کە ئەو لێدوانانە سەرکۆنە بکات. بەیاننامەکە ئەوەشی راگەیاند کە ئەو لێدوانانە پێچەوانەی مادەی حەوتەمی دەستوورەو داواشی لە دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری کرد کە هەڵوێستی لەهەمبەر ئەو مەسەلەیە دادپەروەرانە بێت. بەڵام ئەعرەجی گوتی کە ئەو قسانەی لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا کردووەو، هەندێ لایەن دەیانەوێ بیکەنە کەرەستەی دەنگهێنان بۆ خۆیان.

هەر لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا لەدژی لێدوانەکانی بەها ئەعرەجی، ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراقی کەوتنە جموجوڵ بۆ دوورخستنەوەی ناوبراولەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

عەبدولکەریم سامەڕایی جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لەپەرلەمانی عێراق، لەو رووەوە ئاشکرای کرد کە چەندین سکاڵاو داواکاری لەلایەن پەرلەمانتارانەوە گەیشتوونەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە داوادەکەن حەسانە لەسەرئەعرەجی هەڵبگیرێ و بەگوێرەی یاساکانی لێپرسینەوەو دادوەری بخرێتە بەر لێپرسینەوە "چونکە ئەو لێدوانە پێشێلکردنی ئاشکرای ماددەی حەوتەمی دەستوورە کە رەواجدان بە تیرۆرو رەگەزپەرستی قەدەغە دەکات".

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لەژێر زەبری ئەو گوشارانەدا، هاتە نێو ئەو مشتومڕەو رۆژی سێشەممەی رابردوو بە بەیاننامەیەک لێدوانەکانی ئەعرەجیی سەرکۆنەکردو رایگەیاند کە "ئەو لێدوانانە پێچەوانەی ئیرادەی سیاسی و جەماوەرییە بۆ پایەدارکردنی یەکێتی نیشتمانی و پابەندبوون بە دەستوورو رێزگرتن لە ئایین و مەزهەبەکان".

بەیاننامەکەی ئەنجومەنی وەزیران هەروەها داوای لەسەرجەم پاڵێوراوان کرد کە پابەندی بنەماکانی دیموکراسیەت بن و لەپروپاگەندەی هەڵبژاردندا خۆیان لە وروژاندنی ئەو مەسەلانە بەدووربگرن کە رەنگە ئاسایش و یەکێتیی وڵات بخەنە مەترسییەوە.

عەلی رەزا نوری زادە:

# ئێران نایەوێ عەلمانی حوکمی عێراق بکەن

## عەلی خامنەیی: بایدن بە هەڕەشەی پارچەکردنی عێراق بەعسییەکانی گەڕاندەوە



**سابیر قادری**
**تایبەت بە رووداو**

دوای دوورخرانەوەیان لە بەشداریکردنی لەهەڵبژاردن لەلایەن لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەری پەرلەمانی عێراق کە تایبەتە بە ریشەکێشکردنی بەعس. هەریەک لە ساڵح موتلەگ و زافر عانی رایانگەیاند کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشت دوورخستنەوەکەیانە، بەڵام ئێران ئەوە رەتدەکاتەوە کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی عێراق وەربدات.

2010/3/7، خولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵدەبژێردرێ و 325 نوێنەری نوێ دەچنە ئەوێ، بەڵام دوورخستنەوەی 511 کەس لە پاڵێوراوانی سەر بە لیستەکان بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەو فکری بەعسەوە، لەلایەن لێژنەی دادوەری و لێپرسینەوە، هەرایەکی گەورەی لەسەر هەڵبژاردنی عێراق دروستکرد، دواتر بە گوشاری ئەمریکا بڕیارەکە زۆر گۆڕانی بەسەردا هات.

هەرچەندە دواتر ئەو بڕیارەی لێژنە لێپرسینەوەی و دادوەری لەلایەن دەستەی تەمیزەوە هەڵوەشایەوەو رێگە بە چەند کاندیدێکی دوورخراوە درا، کە بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن، بەڵام چەندین کەسایەتی دیاری نێو هێزە سوونییەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە ساڵح موتلەگ و زافر عانی لەنێو لیستی دوورخراواندا مانەوە. دوورخراوانیش ئەو بڕیارەیان بە بڕیارێکی سیاسی لە قەڵەم دا و ئێرانیشیان تاوانبارکرد بە دوورخستنەوەیان.

د. تەمیم جبوری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە دوورخستنەوەی ساڵح موتلەگ و زافر عانی گوتی "ئەوە بڕیارێکی سیاسییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانەکانی مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆماری ئێران". جبوری لە لێدوانیکدا بۆ تەلەڤزیۆنی رافیدەین رایگەیاند "ئێمە هەر لە رۆژی یەکەمەوە گوتوومانە دەستی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و لایەنەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لەپشت ئەو بڕیارەوەن و ئەوەش بۆ کپکردن و نەهێشتنی تەواوی ئەو دەنگانەیە کە دژی دەستتێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن لە کاروباری نێوخۆیی عێراق".

هەر یەک لە ساڵح موتلەگ، سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی و زافر عانی، سەرۆکی گردبوونەوەی نیشتمانی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی دوورخستنەوەیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەستتێوەردانەکانی ئێران لەو هەڵبژاردنانە زانی. موتلەگ گوتی "دوور خستنەوەی من پەیوەندی بە رۆڵی پشتی پەردەی ئێرانەوە هەیە لە کاروباری نێوخۆیی عێراق" ناوبراو گوتیشی "ئەوە دیارییەک بوو بۆ سی و یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، ئەوەش بۆ من سەرفرازییە کە بەبڕیاری ئەحمەدی نەژاد لەو هەڵبژاردنانە دوور خراومەتەوە".

پێشتریش رۆژنامەکانی ئەمریکی باسی دەستتێوەردانی ئێرانیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بڵاوکردبوووەوە، رۆژنامەی (فاینانشال تایمز) بڵاویکردەوە کە دوورخستنەوەی پاڵێوراوانی سوننە بەهۆی گوشاری کۆماری ئیسلامیە و ئەوەش لەداهاتوودا دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق تەواو دەبێت.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوە رەتدەکەنەوە کە دەستتێوەردانی هەڵبژاردن و کاروباری ناوخۆیی عێراقیان کردبێ و ئاڵۆزییەکانی ئەو دوایییەشیان دەخەنە ئەستۆی ئەمریکییەکان.

رۆژنامەی (جمهوری ئیسلامی)ی ئێران لەسەر زاری عەلی خامنەیی، رێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی جۆ بایدنی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ گەڕاندنەوەی پاشماوەکانی بەعس و بەشداریکردنیان لەکاروباری سیاسی عێراق لێکدایەوە "بەرواڵەت سەردانەکەی بایدن بۆ عێراق، گەڕاندنەوەی هێمنایەتی بوو بۆ عێراق، بەڵام لە راستیدا ئامانجی پشتی پەردە ئەوەبوو کە ئەمریکییەکان کار دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی بەعسییەکان بۆ پەرلەمانی عێراق"، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران ئاماژەی بەوەدا کە ئەمریکییەکان بۆ گەڕاندنەوەی بەعسییەکان لەرێگەی جیاجیا گوشاریان خستووەتە سەر عێراقییەکان و ئەوەش نارەزایەتی کاربەدەستانی عێراقی لێکەوتووەتەوە "ئەمریکییەکان هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە لایەنگری دابەشکردنی عێراق دەکەن بۆ سێ هەرێمی سوننە، شیعەو کوردنشین، بەوشێوەیە گوشاریان خستە سەر کاربەدەستانی عێراق ئەوەش وایکرد کە گوتەبێژی فەرمی عێراق بە ئەمریکییەکان بڵێ کە دەست لە کاروباری عێراق وەرمەدەن".

چاودێرانی سیاسیش لەو باوەڕەدان ئێران بە ئاشکرا دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات و بە هەموو جۆرێک هەوڵدەدات لایەنە دوژمنەکانی لەنێو عێراق، لە دەسەڵات دوور بخاتەوە.

عەلی رزا نوریزادە، شارەزا لە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەدووری نازانێ ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەربدات. عەلی نووری زادە بۆ (رووداو) گوتی "ئێران بەهیچ شێوەیەک پەسەند ناکات کە لایەنێکی عەلمانی دژی ئەو لە عێراق دەسەڵات بگرێتە دەست"، نوری زادە روونیکردەوە هۆکاری سەرەکی دوورخستنەوەی موتلەگ و عانی و بەگشتی زۆر لە پاڵێوراوانی لیستی عراقیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی "ئەوە نەبوو کە نزیکن لەبەعس، هەڵەی گەورەی موتلەگ ئەوەبوو کە نزیکایەتی زۆری لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق هەبوو، ئەوەش بەلای کاربەدەستانی تارانەوە جێی پەسەند نەبوو". ناوبراو گوتیشی "مالیکیش هەڵەیەکی کوشندە دەکات کە لایەنی سەر بە ئەیاد عەللاوی بەوشێوەیە دوور خستەوە، ئەوە زەبری کوشندە لەبەرژەوەندی عێراق دەدات و پێگەی ئەو لاواز دەکات".

بەغدا رەتی دەکاتەوە

# کورد داوای 8 ملیار دۆلار قەرەبووی زیانەکانی ئەنفال دەکات

**هێمن بابان رەحیم**
**رووداو- هەولێر**

لە دووتوێی راپۆرتێکی 90 لاپەڕەییدا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی کوردستان زیانە ئابوورییەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالی کوردی بە 8 ملیار خەمڵاندووەو داوای قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەی لە بەغدا کردووە لە ماوەی 5 ساڵدا، بەڵام حکومەتی بەغدا بەبیانووی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی دەستی رژێمی سەددام ئەو داوایە رەتدەکاتەوە.

بەپێی راپۆرتەکەی وەزارەتی شەهیدان کە لەلایەن 7 پسپۆڕی ئابووری و یاسایی ئامادە کراوە، ئەو بڕە پارەیەی وەکو قەرەبوو دەدرێتەوە بەمشێوەیە لە کەرتەکان و بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکان خەرجدەکرێت: 1 ملیار و 40 ملیۆن دۆلار بۆ نیشتەجێبوون، 800 ملیۆن دۆلار بۆ پەروەردەو خوێندن، 880 ملیۆن دۆلار بۆ بواری تەندروستی، 2 ملیار و 80 ملیۆن دۆلار بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ، 3 ملیارو 200 ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتگوزاریی گشتی)، بەڵام چەند رۆژێک لەمەوبەر ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داواکەی رەتکردەوە.

هەڤاڵ رەحمان، سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی دۆسییەکانی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "لە کۆتاییەکانی ساڵی 2008 راپۆرتی ئەو لێژنە پسپۆڕەمان گەیاندە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و داوای قەرەبوکردنەوەی ماددی زیانەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالمان کرد کە بە 8 ملیارد دۆلار دەخەمڵێندرێت، بەڵام چەند رۆژی رابردوو بەپاساوی نەبوونی یاسای قەرەبووکردنەوە و زەرەرمەندبوونی سەرجەم گەلانی عێراق لە سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو رەتکراوەتەوە".

سەبارەت بە داتا و زانیارییەکانی راپۆرتەکە و چۆنێتی ئامادەکردنی، هەڤاڵ رەحمان گوتی راپۆرتەکە کەسانی پسپۆڕ ئامادەیان کردووە و پێداچوونەوەو وردبینیەکی زۆری بۆ کراوە "لەرووی ئابوورییەوە راپۆرتەکە پشتی بەو داتایانە بەستووە کە لە رووپێوێکی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی ئاماری وەزارەت لە2007 لە هەموو کوردستان ئەنجامیدابوو".

شاڵاوەکانی ئەنفال کە لەلایەن رژێمی پێشووی بەعس لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە 8 قۆناخ جێبەجێکرا (21ی شوبات تاوەکو 6ی ئەیلولی 1988) بەپێی پلانێکی گشتگیری حیزبی بەعس کە ساڵانی (1985،1986،1987) کاری بۆکراوە، بەردەوامبوو، کە ئەنجامەکەی بێسەروشوێنکردنی 182 هەزار کوردو وێرانکردنی هەزاران گوند بوو.

لەبارەی چۆنێتی قەرەبوکردنەوەکە لەکاتێکدا ئەگەر رەزامەندیی لەسەر بدرێت، سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی دۆسییەکانی وەزارەتی شەهیدان دەڵێت "ئێمە لە راپۆرتەکەماندا ماوەی 5 ساڵمان بۆ حکومەتی عێراق دیاریکردووە بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا هەموو پارەکە بدات، واتە ساڵانە بڕێک لەو پارەیە بۆ دروستکردنی گوندی هاوچەرخ و هاندانی کەسوکاری ئەنفال بۆ خستنەوە سەرکاریان و بۆ دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و نیشتەجێبوون و بەشێکی باشی پارەکەش بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکانیان تەرخان دەکرێت".

محەممەد ئەحمەد، سەرۆکی لێژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانییە سیاسییەکان لە پەرلەمانی عێراق رەتکردنەوەی ئەو داوایە لەلایەن حکومەتی عێراق بە شتێکی ئاسایی دەزانێ هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە هێشتا یاسایەک بۆ قەرەبووکردنەوە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرنەچووە. ناوبراو گوتی "ئەوە سێ ساڵە خەریکی یاسایەکین و تەواوبووەو بەرزکراوەتەوە بۆ پەرلەمان ئەو پەرلەمانتارە لەبارەی ئەو کەسانەی قەرەبوکردنەوەکە دەیانگرێتەوە گوتی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەهۆی مومارەسەکانی حکومەتی بەعس لەعێراقدا زەرەرمەندبوون، قەرەبوکردنەوەکەش موڵکە گواستراوە و نەگواستراوەکان دەگرێتەوە.

ئەو پەرلەمانتارە کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووە لە پەرلەمانی عێراق چۆنێتی قەرەبوکردنەکەشی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەک بەسەرۆکایەتیی دادوەرێک لێژنەیەک پێکدەهێنرێت و بە بەشداری نوێنەری دەزگا پەیوەندیدارەکان و لەسەر بنچینەی رێنماییەکی روون کە دواتر لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە دەردەکرێت، ئەو کەس و شوێنانە دیاری دەکرێت کە زەرەمەندبوون، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بڕە پارەیەش کە بۆ قەرەبووکردنەوەیان تەرخاندەکرێت".

ئەو دۆسییانەی لەلایەن کوردەوە لەدادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوەو داوای قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی لێدەکرێت، بریتین لە دۆسیەکانی بۆردومانکردنی قەڵادزێ لە ساڵی1974، کۆمەڵکوژیی کوردە فەیلەییەکان، کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان، راپەڕینی کانی عاشقان، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بۆردومانکردنی گوندی سۆریای مەسیحییەکان لە زاخۆ، گوندی دەکان لە شێخان، راگواستنی کورد لەکەرکووک و شێخان و خانەقین، بۆردومانکردنی ئۆردوگای زێوە.

سامی ئەتروشی ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە قەرەبووکردنەوەکان باری بودجەی عێراق لاسەنگ و قورسترناکەن، لە ئەمساڵیشدا قەرەبوکردنەوە دەست پێدەکات، ئەتروشی بۆ (رووداو) گوتی "ئەو بڕە پارەیە هەمووی لە یەک کاتدا خەرج ناکرێت، بۆیە کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر بودجەی عێراق دروست ناکات، بەڵام مەسەلەی قەرەبوکردنەوە کاتێکی زۆری دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمساڵ کۆمەڵێک قەرەبوو دەکرێنەوە".

ئەتروشی پێشیوایە قەرەبووکردنەوەکان بە پلەی یەکەم بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت زیانلێکەوتووانی ئەنفال و زەرەمەندبووان لە راپەڕینی شەعبانیی پارێزگاکانی باشووری عێراقن، بۆیە پشکی شێر لەو قەرەبورکردنەوانە بەر کورد و شیعە دەکەوێت.

دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق و لە 2007/6/24 بڕیاری خۆی لەبارەی ئیدانەکراون لە دۆسییەی ئەنفال کە 61 دانیشتنی خایاند دەرکرد و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ هەریەک لە سوڵتان هاشم، عەلی کیمیایی، عەلی حسێن رەشید، هاوکات زیندانی هەتاهەتایشی بەسەر هەریەک لە سابر ئەلدوری، فەرحان موتڵەک ئەلجبوری) دەرکرد.

لەبارەی زەمانەتی قەرەبوکردنەوەی کوردە زیانلێکەوتوەکان بەهۆی شاڵاوەکانی رژێمی بەعس. هەڤاڵ رەحمان دەڵێت "سێ بنەمای بەهێزی یاساییمان هەیە بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال و مافی قەرەبووکردنەوە، کە ئەوانیش بریتین لە بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکان و دادگەی تەمیزی عێراق، بڕیاری پەرلەمانی عێراق، بڕیاری سەرۆکایەتیی عێراق کە ئەمانە مافی قەرەبوکردنەوەی ماددی و مەعنەویی زیانلێکەوتوان مسۆگەردەکەن، سەرباری ئەوانەش دەستوری عێراق لە ماددەکانی 111 و 112 ئاماژە بە تەرخانکردنی بەشێک لەداهاتەکانی نەوتی عێراق بۆ کەسوکاری قوربانییان دەکات".

# دوو لە ئەستێرەکانی تۆپی پێی عێراق خۆیان بۆ پەرلەمان دەپاڵێون

**بەغدا - ئاژانسەکان**

دوو لەدیارترین ئەستێرەکانی پێشووی تۆپی پێی عێراق کە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دوو هاوپەیمانی هێرشبەری تیپی هەڵبژاردەی عێراق بوون، بڕیاریانداوە لەرێگەی دوو قەوارەی سیاسی جیاوازەوە بگەنە پەرلەمان و هاوپەیمانێتییەکی نوێ "بۆ بەرژەوەندیی وەرزش و تۆپی پێی عێراق" دروستبکەن.

کەریم سەددام کە یەکێکە لەو ئەستێرانەی تۆپی پێ، بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند "پێموایە وەرزش لەعێراقدا پێویستی بەوەیە دەنگێکی بەهێزی لەنێو پەرلەماندا هەبێت بۆ ئەوەی داوای مافی وەرزشوانان بکات و کار بۆ بووژاندنەوەی وەرزش لەعێراقدا بکات". کەریم سەددام هەروەها رایگەیاند کە ئەو لە چوارچێوەی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقدا خۆی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران کاندید کردووەو گەشبینە بەوەی کە ئەنجامێکی باش بەدەستدێنێ. گوتیشی "رابردوو ئەوەی سەلماند کە تۆپی پێ و وەرزش بەگشتی دەتوانن هەموو عێراقییەکان بەتەواوی پێکهاتەکانەوە یەکبخات، ئەوەش شتێکی جوانە".

کەریم سەددام، لەدایکبووی 1961، سەر بە خانەوادەیەکە کە ناوی بەشێوەیەکی توند بەیاری تۆپی پێوە بەستراوە، ئەو برای هەر یەک لە نەعیم و رەحیم سەددامە کە هەردووکیان پێشتر لەریزی هەڵبژاردەی عێراقدا یارییان کردووە.

یەکێکی دیکە لەوانەی کە خۆی بۆ خولی نوێی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کاندید کردووەتەوە، ئەحمەد رازی کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی عێراقە. ئەحمەد رازی لەخولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانیشدا لەسەر لیستی بەرەی تەوافوق ئەندامی پەرلەمان بوو، بەڵام ئەمجارە بڕیاریدا لەچوارچێوەی لیستی (العراقیە)ی ئەیاد عەللاوی دا خۆی کاندید بکات. کەریم سەددام لەوبارەوە گوتی کە هیوای سەرکەوتن بۆ ئەحمەد رازی دەخوازێ و ئەگەر هەردووکیان گەیشتنە پەرلەمان، ئەوا پێکەوە هاوئاهەنگی دەکەن بۆ خزمەتکردنی بواری وەرزش لەعێراقدا. گوتیشی "ئەوە گرنگ نییە کە ئەحمەد رازی لە لیستێکی دیکەدایە، گرنگ ئەوەیە هەردووکمان دەربچین".


ئەحمەد رازی


کەریم سەددام

ئەحمەد رازی نەک هەر نێوبانگی لە کەریم سەددام کەمتر نییە، بەڵکو خاوەنی زۆرترین جەماوەری وەرزشی بووە لە عێراق و ساڵی 1982 نازناوی گۆڵکاری پاڵەوانێتی لاوانی ئاسیای وەرگرت کە لە نیپاڵ بەڕێوەچوو. دواتریش لەخولی وڵاتانی عەرەبیدا لە ساڵی 1985و جامی وڵاتانی کەنداو لەساڵی 1988، نازناوی گۆڵکاری هەردوو پاڵەوانێتییەکەی وەرگرت.

ئەحمەد رازی نەک هەر تەنیا چاوی لە سەرکەوتنە لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵکو دەڵێت "بەهیوای ئەوەم دوای سەرکەوتنم لە هەڵبژاردن بتوانم پۆستی وەزیری وەرزش و لاوان وەرگرم، چونکە دۆسیەی وەرزش و لاوان لەعێراقدا پێویستی بە کەسایەتییەکی وەرزشی هەیەو ئەگەر ئەو پۆستە وەرگرم گۆڕانێکی گەورە بەسەر وەرزش لەعێراقدا دێنم". ئەحمەد رازی دەڵێت کە ئەو بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی درێژی لەنێو وەرزشواناندا بەسەر بردووە چ وەک یاریزان و دواتریش وەک راهێنەرو سەرۆکی یانەی وەرزشی، دەزانێ کە وەرزشوانان و بواری وەرزش لەعێراقدا پێویستی بە چییە.




گۆران محەممەد

goransalih@hotmail.com


# دەنگدان بە قۆزی

لــە هەڵبژاردنــدا هەمــوو پەراوێزکــراوەکان دێنــەوە یــاد، ئــەوەی پارتە سیاسـییەکان لە کوولەکەی تەرپیشدا ناوی ناهێنن، لە سەروەختی هەڵبژاردندا دەبنەوە براگەورە و خۆشەویسـت. کوردی فەیلی، جارێک لەلایەن بەعسـەوە زوڵمی لێکرا، بەڵام لەسـەردەمی ئازادیـدا دوو جـار رووبـەرووی پشتگوێخسـتن بوونەوە، ئاخر نە عارەبی شیعە، لەبەر کوردبوونیان، هیچ حیسـابێکیان بـۆ دەکەن، نە دەسـەڵاتی کوردیـش، لە بەر شـیعەبوونیان، بایـی توورێکـی قوراوی بایەخیان پێدەدەن. ئەگەر هەڵبژاردن و سـواڵ و سەدەقەی دەنگ کۆکردنەوە نەبووایە، ئەمڕۆ هاوپەیمانی کوردسـتان لە یەکێک لــە دروشــمەکانیاندا نەیاندەگوت "تێدەکۆشین بۆ قەرەبووکردنەوەی مـادی و مەعنـەوی هاووڵاتیانی زوڵملێکراوی فەیلی" ئەم دروشمە ئەوەندە فشـەیە، کوردییەکەشی تەواو نییە و بە سـەبکی عارەبی نووسراوە.

دروشمێکی دیکەی هاوپەیمانی دەڵێ "دەنگ بدە بە 372 تا دەنگت بۆ کوردستان بێت" ئاساییە خۆتت پێ دڵسۆز بێت، لێ ناکرێ خەڵکی دیکە، تەنیا لەبەرئەوەی لە گەڵ تۆ نین، جاش بن. ئەو دروشمە ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بنووسرێتەوە، دەبێتـە "دەنگ مـەدە بە غەیری هاوپەیمانی بـا دەنگت بۆ بێگانە نەڕوات". من لیسـتم نییە، بەڵام هەمبووایە لە سـەر ئەو دروشمە سەرپەرشـتیارانی هەڵمەتەکـەی لیستی هاوپەیمانیم دەدایە دادگە.

دروشمێک، کە هەندێ راستگۆیی تێدا بێت دەڵێ "دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردسـتان، خەباتە لە پێناو گەڕانـەوەی کەرکووک و سـەرجەم ناوچە دابڕاوەکان" ئەها لیسـتی هاوپەیمانی کـە نزیکەی هەژدە سـاڵە حاکمـن، بە روون و ئاشـکرا دەڵێن کەرکووک تازە فەوتاو و رۆیشـتووە و خەبات بۆ گەڕانەوەی دەکەن. دروشمەکەیان بۆ کەرکووک، فرە شەرمن و یەکجار لاوازە، دارێژەری ئەو دروشمە وێڕای ئەوەی بە ئاشکرا دان بە فەوتانی کەرکووک دادەنێت، هاوزەمان هیچ بەڵێنێکیش بۆ گەڕانەوەی نادات و تەنیا بـاس لە خەباتکردن دەکات لەو پێنـاوەدا، خۆ ئەگەر خەباتی داهاتـوو بۆ گەڕانەوەی کەرکووکی فەوتـاو، وەک ئـەوە بێت کە لەو هەژدەساڵەدا کراوە، ئەوە بە سەد و چل ساڵی دیکە و بە سەد و چل مادەی دیکەی وەک مادەی سەد و چل، لچ لە ئاڵتون کۆپریش نادەین نەک رەحیماوا.

کۆمیدیترین بانگەشەی هەڵبژاردن و پێدەچـێ کاریگەرتریشـیان هەڵمەتی قۆزی بەخشینەوە بێت، ئەوانەی فێرنین لە دەرەوە نان بخۆن هەر لۆ فشەی با نیوەڕۆیەک سەر لە ریستورانتێک بدەن، هەر بابایە و بە لێشـاو خەڵک داوەتی قۆزی خواردن دەکات، مەبەسـتەکەش بەدەسـتهێنانی چەنـد دەنگێکە. ئاخر لە کن مە بەرنامەی سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی قسەی قۆڕە، زگ و بەرزگ تەواوە.




ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar2001@yahoo.com


# بەرنامەی لیستە بەشدارەکان و کۆمیدیای هەندێک لە پاڵێوراوان

لەسـەرەتای هەفتەوە هەموو لیستە بەشداربووەکان وێـڕای ناسـاندنی پاڵێوراوەکانیان، دروشم و لۆگۆکانیان، بەرنامـەی هەڵبژاردنـی خۆشـیان خستەتەڕوو.

وەک هەمیشـە هەولێر سارد و سڕە و، جارێ کەس گـەرم نەبووە . پتر لە هەمـووان حیزبە ئیسـلامییەکان ملیان لەبەر ملی یەکتری نـاوەو، هەریەکەیان لـە خەمـی ئەوەدایە بیسـەلمێنێ کە گەورەترین حیزبی ئیسلامییە. دهۆکیش هەروەک جارانە. لە کەرکووک و سلێمانی ئەگەرچـی سـکاڵا تۆمارکـردن لەلای کۆمیسـیۆن بەردەوامە، بەڵام حاڵەتەکە وا نییە، تائێستا جێگەی مەترسی بێت، جگە لە رووداوەکانی رفاندن لە سلێمانی کە دۆخەکەیان مەترسیدار کرد.

پارتـی لە هەولێر زۆر بە سسسـتی کاردەکات، بـە پێچەوانـەوە یەکێتی و گۆڕان و حیزبە ئیسلامییەکان قەرەباڵغن. لەو بەینـەدا ئەوەی جێگەی سـەرنجە بەرنامـەی لیسـتە بەشـداربووەکان و لێدوانی هەندێک لە پاڵێوراوان و، شێوەی ناساندنیانە بە دەنگدەران.

کـەم تـا زۆر هەمـوو لیسـتەکان، بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیان وەکو یەکە و چی وا جیاوازییـان تێدا بەدی ناکرێت، هەمـوو وەک یـەک باس لە مەسـەلە چارەنووسسـازەکان دەکەن، بێ ئەوەی هیچیـان بڵێـن، ئـەوەی بەوانی دیکە نەکـراوە، ئەوان چۆن دەیکەن؟ گوێم لە یەکێکبوو باسـی فیدرالی راستەقینەی دەکـرد! و رایدەگەیاند کـە ئەوانیدیکە نەیانتوانی لە عەرەب بگەیێنن کە فیدرالی چییە. سەرم لەو قسـەیە سوڕماوە کە ئـەو برادەرە دەیکرد، باشـە جارێ بەر لە هەموو شـتێک ئەوەی ئێسـتا کورد خاوەنیەتی فیدراڵی نییە و کۆنفیدراڵییە، بەس ناویـان لێناوە فیدرالی، عەرەبیش باش ئـەوە دەزانن، بۆیە دەیانەوێ نەک فیدرالییەکە بستێننەوە، بگرە بیهێننەوە سـەر حوکمی زاتی، جا کاکـە ئەگەر هەنگاوێـک بۆ پێشـتر ناهاوێن، تکایە مەبانبەنەوە دواتر.

ئینجـا لیسـتەکان نەیانتوانیـوە لە بەرنامەکانیانـدا شـتی ئایندەیـی بۆ داهاتووی کوردسـتان پێشکەش بکەن، ئێمە کۆمەڵێک کێشەی ئەزەلیمان لەگەڵ بەغدا و زیهنیەتی شۆڤێنیی عەرەبی لە عێراقدا هەیە کە هەر کوردی قبوڵ نییە چ جای ئـەوەی مافی پێ رەوا ببینێت. بەشـی هەرە زۆری لیستەکان دەیانەوێ ئەوەمان پـێ بڵێن کە کورد تائێسـتا نەیانزانیوە لەگەڵ عەرەبدا دیالۆگ بکەن، ئەگەرنا عەرەب و شۆڤینییەکان زۆر پیاوی چاکن و ئەوەی هەقی خۆمانە بە زیادەوە دەماندەنێ! من پێموایە دەبووایە تەرکیز لەسـەر کاری تاکە کەسی ئەوانە بکرێت کە لەبەغدا بوونە، هەڵوێسـتی سیاسی کـورد لە عێراقدا دیارە، ئێمە کێشـەی خیتابمان نییە، کێشـە کێشـەی کارە، ئایا ئەوانەی کاربەدەسـت و پەرلەمانتار بوون لە بەغدا دەیانتوانی چی بکەن کە نەیانکردووە؟

ئەم موهیمەیە بە کێ دەکرێت، کاتێک گوێبیسـتی پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردنی هەندێک لە پاڵێوراوان دەبم، بەدەسـت خۆم نییە، بڵێم پەکوو، کورد بەو نەوعە کەسـانە دەیەوێ لەو بەغدایە سیاسەت بکات. لە رادیۆ دەڵێ: "فڵانی کوڕی فڵان، مامۆستایە و خێزاندارە، لە گوندی فڵان مامۆستا بووە، ئێستاش هەر مامۆستایە! فڵانی کوڕی فڵان بەشداریی لە زیاتر لە سـێ خولی کۆمپیوتەر کردووە، یان بۆ یەکێکـی دیکە دەڵێ، ئەندامی کەمپینی دوعا!" باشـە یەکێک سێ جار بەشداری لە خولی کۆمپیوتەر کردبێت و هێشـتا هەر فێر نەبووبێ، چۆن دەینێرنە بەغدا؟ یان یەکێک ئەندامی کەمپینی دوعا بووە، یەک نەزانێ شـیرین عیبادییە و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتووە. برام ئێستا لە فەیسبووک رۆژێ ئەگەر وەڵام بدەیەوە تا ئێوارێ دەبی بە ئەندامی قیادیی بیست کەمپین، پێم سەیرە ئەم بەڕێزە 5 ساڵە بەس بەشداری یەک کەمپینی کردووە.




هێمن عەبدوڵڵا- ئەڵمانیا

hemen@live.nl


# ڤاڵرافێکمان دەوێت

زۆرجار رۆژنامەنووسـانی کوردستان گلەیـی لـەوە دەکەن کە سـەرچاوە فەرمییەکانـی هـەواڵ "قرچۆکـن" لە ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانەی هەیانە. ئەو رۆژنامەنووسـانە ئەو مەسـەلەیە دەکەنـە بیانـوو بۆ خۆدزینـەوە لەو بەرپرسـیارێتییە گرانەی پیشـەکەیان خستوویەتییە سەرشانیان.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا یاسـا ئەو سـەرچاوە فەرمییانە ناچار دەکات کە زانیارییەکانیان ئاشکرا بکەن. کەچی هەرواش زۆرشـت هەوڵی شاردنەوەیان دەدرێ. بەڵام قەت لە رۆژنامەنووسێک نابیسـتی گلەیـی بکات کـە بۆ ئەو زانیارییانە ئاشـکرا ناکرێـن. چونکە رۆژنامەنووسانی ئەورووپا بەئاگان لەوەی بۆ وان زانیاری وەک ئازادی وایە. شتێکە دەبێ بیستێنن نەک وەریگرن.

نوێتریـن نموونـە چیرۆکـی پیرە رۆژنامەنووسێکی ئەڵمانە بەناوی گونتەر ڤاڵراف. ئەو ترسی خستووەتە دڵی هەر (خـاوەن زانیارییەک) لـە وڵاتەکەیدا کە "بەتەمای شـاردنەوەی راستییەکان بێت". ڤاڵراف کە گەنج بوو دەیویسـت بیسەلمێنێت لە ئەڵمانیای دوای هیتلەردا جیاوازیی رەگەزایەتـی هەر ماوە. ئەو لەوە بەئاگا بـوو کە ئەگەر خۆی وەک رۆژنامەنووسـێکی ئەڵمان بناسـێنێ، هیچی دەستناکەوێ. بۆیە بۆ ماوەیەکی درێـژ لەژێر ماسـکی (عەلـی)دا کە کرێکارێکی تورکە خۆی دەناسێنێ و لە کارگەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوادا بەدوای کاردا دەگەڕێ. دەرەنجامی ئەو گەڕانەی ڤاڵراف، کە دواتر وەک کتێبیش چاپکرا، بـۆ هەموو ئەڵمانیـا راچڵەکێنەر بوو، "هێشتاش ئەو ئەڵمانانەی دەیانەوێ لە هیتلەر بچن زۆرن."

گۆڤـاری ئەمسـتەردامی سـەوز، کـە گۆڤارێکـی هزریـی سـەنگینی هۆڵەندییـە، ماوەیەک پێش ئێسـتا ڤاڵرافی وەک "مامۆستای رۆژنامەنووسە نهێنی ئاشـکراکەرەکان" ناسـاندبوو. ئـەوەش کالایەکـە بەقەد بـالای ئەو رۆژنامەنووسـەیە کە دوای ئەو هەموو ساڵە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، رۆژێک وەک هاووڵاتییەکـی پشـتگوێخراوی ئەڵمانی بە رەگەز سـۆماڵی، رۆژێکی دیکە وەک فرۆشـیارێکی ئـازاردراوی سـوپەرمارکێتێکی بەنێوبانـگ، یانیـش وەک کارمەندێکـی فێڵبازی نووسـینگەیەکی پێوەندیگرتن (کۆڵ سـێنتەر)، خوێنەرەکانی شاگەشـکە دەکات بەو چیرۆکانەی رۆژنامەنووسـە تەمبەڵەکانی دیکە قەت نایاننووسن.

هەر بۆ سـەلماندنی ئەو راستییەی کە زانیاری دەسـەندرێ و وەرناگیرێ، نموونەیەکی دیکە دێنمەوە. لە هۆڵەندا پارتێکـی راسـترەوی دژی بێگانەکان هەیە بەنـاوی (پارتی ئـازادی). لەو راپرسـیانەی بەو دواییانـە دەکرێن، دەردەکەوێ کە ئەگـەر هەڵبژاردن لە هۆڵەندا بکرێ ئەو پارتە یەکەم دەبێت. ئەوە سـەرەڕای ئەوەی کە سیسـتمی بەڕێوەبردنـی پارتەکە بەشـێوەیەکە کە سـەرۆک هەموو شتێکە و قەتیش رێگە بە رۆژنامەڤانـان نادرێ لە بۆنە و کۆبوونەوەکانـی پارتەکـەدا ئامادە بن. هەرواش ئەوە بۆ رۆژنامەنووسانی هۆڵەنـدی نەبـووە بە هۆ تـا وەکو رۆژنامەنووسانی کورد هەر گلەیی بکەن و بڵێن: "ڤیلدەرس قرچۆکە و زانیاری نادات."

چەنـد هەفتـە پێش ئێسـتا کچە رۆژنامەنووسـێک، کـە خـۆی وەک هەوادارێکـی پارتەکـە و قوتابییەکی زانکۆ ناسـاندبوو، توانیـی بچێتە ناو بنـج و بنەوانی هەموو ئەو نهێنییانەی پارتەکەی ڤیلـدەرس هەیبوون و وەک کورد دەڵـێ: "ئەوەی لەبن بەڕێ بوو، هێنایە سەر بەڕێ!"

هەڵبـەت ئـەو رۆژنامەنووسـە و ئەوانیدیکەش کە لە ئەورووپا بەو شێوازە دەگەنـە زانیاری بەردەوام مەترسـیی ئەوەیان لەسەرە تووشی کێشەی یاسایی ببنـەوە. بەڵام لە زۆربـەی دۆزەکانی دادگادا بەوە دەبیەنەوە کە دەردەکەوێ ئەو کارەیان "بۆ بەرژەوەندیی گشـتی" کـردووە و "ئەرکـە پیشـەییەکەیان" وایکـردووە کـە ناچار بـن تەنیا بەو شێوەیە زانیاری دەستبخەن.

بە بڕوای من لە کوردستانیش کاتی ئەوە هاتووە رۆژنامەوانان بەو شێوەیە زانیاری لە "سەرچاوە قرچۆکەکانیان" بستێنن. رەنگە باشترین تاقیکردنەوەش لـە چەنـد رۆژی ئایندەدا بێت کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەن و لیست و کاندیدەکان بەڵێنی سەیر و سەمەرە بەم و بەو دەدەن. خۆش دەبوو هەندێک لـە رۆژنامەوانانمان لـەو رۆژانەدا "بۆ بەرژەوەندیی گشتی" لەجیاتی نووسینی جنێونامە و تۆمەتبارکردنی بێ بنەما، توانای ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانەیان هەبووایە کە "رۆژنامەنووسی تەمبەڵ" قەت نایانبیستێ.

ئەوکات دەمانبینی کە چۆن خوێنەر کەمێک لەگەڵ رۆژنامەی کوردیدا ئاشت دەبووەوە و خۆشیدەویستەوە.




بەسام مستەفا

wardoz@gmail.com


# کوردانی سوریا لە کاریزمایەک دەگەڕێن

کاریزما (Charisma)، لە بنچینەدا وشـەیەکی یۆنانییە و واتە دیاری یان خەڵاتێکی خودایی، کە بەهەندێ کەسی تایبەت دەگوترا. کەسـانی کاریزمایی دەتوانـن کاریگەرییەکی گەورە لەسـەر کەسانی دەوروبەریان بکەن و بیانخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و بەڕێوەیان ببـەن. ماکس وێبەر یەکەمین کەس بوو واتایەکی سیاسی دا بەو وشەیە.

سەرەڕای ئەوەی سەردەمی سەرۆکی تاقانە و دەسەڵاتدارێتی رەها کۆتایی هاتـووە، بەڵام لەنێو زۆربـەی گەلانی جیهاندا کەسـایەتی کاریزمایی هەن. کوردانی سـووریا، یان راستتر بڵێین کوردانی رۆژئاوای کوردسـتان، لەبەر ئەوەی ژمارەیان لە پارچەکانی دیکە زۆر کەمتـرە، بەردەوام بوونەتە قوربانی پارچەکانی دیکە و بەوانەوە گرێدراون. هەرچەندە بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژئاوای کوردستانیش بەشێوەیەکی رێکخراو لە سـاڵی 1957 دروسـتبووە، بەڵام هێشتا سـەرکردە یان کاریزمایەکی سیاسـی لەنێو کوردانی رۆژئاوای کوردسـتاندا دەرنەکەوتووەو پابەندی سەرکردە کاریزماییەکانی پارچەکانی دیکەن.

کوردواچ "Kurdwatch" ماڵپەڕێکی سەربەخۆیە و زانیاری لەبارەی پێشـێلکاری مافی مـرۆڤ دژی کوردانی سـووریا بڵاودەکاتەوە. لەکانوونی یەکەمی سـاڵی 2009دا، راپۆرتێکی درێـژی لەبـارەی کۆمەڵکـوژی و راپەڕینـی 2004 بەنێوی (سەرهەڵدانی قامشلۆ، سەرەتای سەردەمێکی نوێ بۆ کوردانی سـووریا) بڵاوکردەوەو تێیدا تیشـکی خستە سـەر هۆکار و دەرئەنجامەکانی رووداوەکان کە بەشداران بەنێوی سەرکردەکانی بەشـەکانی دیکەی کوردستان دروشـمیاندا، بەڵام ناوی هیچ سەرکردەیەک لەکوردانی سووریەیان بە زاردا نەهات.

لەرووداوەکانی ئاداردا، سـەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بوش لەلایەن هەندێ کوردی سـووریاوە وەک "باوکی ئازاد" ناودێرکراو ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت بووە سەرکردەیەک لەسەرکردەکانی کوردانی سووریا.

لەمێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، لەهەموو بەشەکانی کوردستان، زۆر جار شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی گەلی کورد لەلایەن کەسانی ئاینی و نیشتمانپەروەر رێبەرایەتی کراون. لەنێو کوردانی سووریادا، چەند ساڵ لەمەوبەر کەسایەتییەکی لەو شێوەیە، ئەویش شێخ مەعشووق خەزنەوی بوو، دەرکەوت. شـێخ مەعشـووق کاریزما بوو، بەڵام بەداخەوە وەک مۆمێک هەر زوو بەدەستی سوریا کوژایەوە. لەگوڵانی ساڵی 2005دا، مەعشـووق خەزنەوی لەشاری دیمەشـق پایەتەختی سووریا، بەرۆژی رووناک لەکۆڵانێکـدا رفێندرا. ناوبراو کە نوێنەرایەتی ئیسـلامی لیبرالی دەکرد، وەک کاریزما و کەسایەتی بەهێزی خۆی بەتایبەت کە هەردوو لایەنی ئایینی و نیشـتمانپەروەری لەخۆ گرتبوو، بووە مەترسییەکی گەورە لەسەر رژێمی سووریا، بۆیە حکومەتی سـووریا لەکۆتاییـدا لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەنێوی برد.

خەزنەوی زانایەکی گەورەی ئاینی ئیسـلام و لەخێزانێکی ئاینی ناسـراو بوو. خێزانی خەزنـەوی خاوەن تەریقەت بوون و، فەقـێ و خوێنـدکاری ئاینی زۆر لەسەرانسـەری جیهانی ئیسـلامییەوە دەهاتنە ناوچەی جزیرە، بەتایبەت گوندەکانی (تل مەعرووف) و (خەزنە) و لەسـەر دەسـتی ئەوان فێری زانستە ئاینییەکان دەبوون.

کەسانی کاریزما دەبێ راسـتگۆ و روو راست بن. هەروەها دەبێ لەماوەو دەورانێکدا کە ئیتر هەندێ کەس پرەنسیپەکانی دەخەنە ژێر پێوە، خاوەن پرەنسـیپ بن. نەک وەکو بەشێک لەسیاسەتمەدارانی ئێمە کە ناتوانن ژنی خۆیان لە بۆچوونەکانیان تێبگەیێنن. شێخ مەعشووق دەیتوانی وەک کەسایەتییەکی ئایینی خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، کە ئەمە بۆخۆی یەکێکبوو لەنیشانەکانی کەسایەتییەکی کاریزمایی. کەسانی پەیوەندیدار دەزانن کە شێخ مەعشووق پاش ئەوەی لە ئەورووپا گەڕایەوە، کوژرا، چونکە ئەو دەیویسـت دەوڵەتەکانی ئەورووپا یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدەن لە سووریا. هەروەها پاش رووداوەکانی ئاداری 2004، شێخ مەعشووق لەرێورەسمی چلەی شەهیدبوونی فەرهاد دا — کە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکرابوو — وتارێکی پێشکەشـکرد و لەزۆر هێڵی سووریدا و بێ ترس دەوڵەتی سووریای مەحکوم کرد.

هەروەها پاش راگەیاندنی هەواڵی کوشتنی شێخ مەعشووق لە 1ی حوزەیرانی 2005دا، کوردانی سووریا لەنێو ئاپۆرایەکی جەماوەریدا پێشـوازییان لە تەرمی ناوبراو کرد و بەشـداری پرسـەکەیان کرد. شـێخ هیوایەکی گەورەی لەلای کوردانی رۆژئاوای کوردسـتان دروسـتکردبوو، بەڵام زوو رۆیشـت و ئەستێرەکەی لە ئاسمانی کورد ئاوا بوو.




ڕەنج عەلائەدین


# موتڵەگ شەهیدی سیاسی

## ناکۆکی باشوور بە قازانجی کوردە

دوورخسـتنەوەی ئـەو پاڵێوراوانەی کە وەختی خۆی پەیوەندییان بە رژێمی کۆنەوە هەبووە، بووەتە هۆی دروسـتبوونی ئاڵۆزی سیاسی زیاتر لە عێراق.

لە چەند هەفتـەی داهاتوودا، هەڵبژاردنی نیشتمانیی عێراق بەبێ یەکێک لە ناسراوترین سیاسەتمەدارانی سـوننە، ساڵح موتڵەگ، بەڕێوەدەچێـت کـە لەگـەڵ لیسـتەکەی ئەیـاد عەللاوی هاوپەیمانـی کردبوو، بەڵام هەینی رابردوو داواکاریی بەشـداربوونی لەو هەڵبژاردنەکە رەتکرایەوە.

رەخنەگرانـی ئـەم پرۆسـەیەی دوورخستنەوەی پاڵێوراوان کە پەیوەندییان بە حیزبی بەعسەوە هەبووە، پێیانوایە ئەمە بڕیارێکـی تایفەگەرییـە و تاکتیکی پارتە شـیعەکانە بەتایبەتی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی کە لە هەمانکاتیشدا سەرۆکی لیژنەی ئەو پرۆسەیە کاندیدکراوێکی ئەو ئیئتلافەیە. ئـەم بڕیارەش وای لە لیسـتەکەی عەللاوی کرد کەسێ رۆژ بایکۆتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بکات.

واتای کۆتایی بڕیارەکـەی دژی موتڵەگ هێمایەکە بۆ ئەوەی کە شیعەکان لە دەسەڵاتی خۆیان دەترسـێن، بەڵام تائێستا بەتەواوی دیار نییە کە چ لایەنێک قازانج لەم مەسەلەیە دەکات. رەنگـە کەسـانی وەکـو موتڵەگ ببنە شـەهیدی سیاسـی و ئەمەش رەنگە لەبەرژەوەندی بزووتنەوەکەی عەلاوی بێت و چاوەڕوانیش دەکرێ عەللاوی دەنگدەرە شیعە عەلمانییەکانیش بۆ لای خۆی رابکێشـێت. بەشێوەیەکی گشتیش رەنگە لەبەرژەوەندی گرووپە عەلمانی و سـوننەکان کۆتایی بێت، چونکە رکابـەری کەمتریان دەبێت و لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو بڕیارە وا دەکات کە هەستی تایفی و نەتەوەیی لەنێو عەشایەرە سوننەکان زیاتر بێت.

لەلایەکی دیکەوە، رەنگە پارتە شیعەکان قازانـج لـەوە بکـەن کـە زیانگەیاندن بە بەعسییەکان ببێتە مەسەلەیەکی پەیوەست بە هەڵبژاردنەوە، رەنگە ئەو مەسەلەیە وا لە خەڵکی باشووری عێراق بکات کە مەسەلەی نەبوونـی خزمەتگوزاری و ئاسـایش لەبیر بکەن.

تێکەڵبوونی پرۆسـەی سیاسـی عێراق بە شـەڕی نێوان شـیعە و سـوننە لەگەڵ رکابەرایەتی دەسەڵات لەنێوان وڵاتانی زلهێزی وەکـو ئەمریکا، ئێـران و وڵاتانی عەرەبی، رەنگە ئەمەش لە بەرژەوەندی رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بێت. کە ئەمەش رەنگە وا لە مالیکی و حیزبی دەعوە بکات کە لە دروشمەکەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی رابردوویـان دوور بکەونەوە. بەشـێوەیەکی گشتی ئەمەش بەمانای لاوازکردنی دەوڵەتی عێراق دێت کە ماوەیەک لەمەوبەر وادیار بوو خەریکە درزە سیاسییەکانی پڕدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە کورد لە خۆئامادەکردندان بـۆ رکابەرییەکـی دیکـە لەنێـوان پارتە دەسـەڵاتدارەکانی پارتـی و یەکێتـی و، بزووتنەوە نوێیەکەی، گـۆڕان. بەڵام ئەوان بـە پێکەنینـەوە تەماشـای رووداوەکانی باشـوور دەکەن کە عەرەبەکان سـەرقاڵی گورز وەشاندنن لەیەکتر. زیاتر پارچەبوونی باشـووری عێراق، کورد بەهێـز دەکات کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی مەسەلە نەتەوەییەکان کۆک و یەکگرتوون کە ئەمەش رەنگە هێزێکی زیاتریان بداتێ لە مەسەلەی خاک و نەوت و دەسەڵات.

**ڕەنج عەلائەدین: توێژەری سیاسی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت لە پەیمانگەی زانستە سیاسی و ئابوورییەکانی شاری لەندەن.**

**لە رۆژنامەی Guardian-ی بەریتانی وەرگیراوە**

wanwilgenburg@gmail.com
ڤلادیمیر ڤان ویلگنبێرخ

# کوردستان وەک تورکیا و سوریا نییە

ڕۆژنامەنـــووس کەمال چۆمانی زوو زوو بۆ ڕێکخراوی تایبەتمەند بە ئازادیی ڕۆژنامەوانی RSF دەربارەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان دەنووســێت. ئەو پێویستە بەردەوام بێت لەو کارەی و بەڕاستیش لەو بوارەدا کەموکوڕی هەن، بەڵام ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان قەت بەراورد ناکرێت لەگەڵ سوریا و ئێران و تورکیا.

مایــکل ڕۆبن لۆبیکارێکی دژی حکومەتی کوردســتانە و لەســەر بنەمای ئــەو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی RSF بابەتێکی تازەی نووســیوە. ڕۆبن کاتی خۆی کوردســتانی وەک بەهەشــت پیشاندەدا و ئێستاش هەمــوو ڕۆژێک هێرش دەکاتە ســەر حکومەتی هەرێمی کوردســتان. ئەو لە بابەتەکەیدا نووســیبووی کوردستان وەک سووریای لێهاتووە. سەرنووســەری گۆڤارێکی کوردیش بە منی گوت کە کوردســتان زۆر خراپتر لە تورکیاشی لێهاتووە.

ئەوە ڕاستە کە هێزەکانی ئاسایش و پارتە کوردییەکان زۆرجار کاری گێلانە دەکەن و کەللەرەقیشــن. (بۆ نموونە کاتێک ســزای زیندانیی کەمال ســەید قادریان لابرد). لە کولتووری شەڕەفویســتیی کوردیدا خەڵــک زووتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبات وەک لە کولتوورە ســارد و ســڕەکەی هۆڵەندادا. بەپێی ڕاپۆرتەکــەی RSF، ڕێبوار کەریم وەلی لەلایەن د.بەرهەم ســاڵحەوە سکاڵای لەســەر تۆمار کراوە و هەروەها چەند ڕۆژنامەنووســێکیش هەڕەشــەیان لێکراوە. گەورەترین خاڵیش کوژرانی ڕۆژنامەنووسەکەی لڤین سۆران مامە حەمەیە لە کەرکووک، کە بەچاکی لێکۆڵینەوە لەبارەی کوشتنەکەیەوە نەکرا.


ســەرەڕای ئەوانــەش هیچ ڕۆژنامەنووســێک زیندانــی نەکراوە و یاســای چاپەمەنیش دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووســانی لەسەر کاری ڕۆژنامەنووســیی قەدەخــە کردووە. زۆر لە ڕۆژنامەنووســان تەنانەت جنێونامەش دەنووسن، کە ئەمە بێگومان ئیشێکی باش نییە. کەواتە کوردستان هێشتاش پێرفێکت نییە و زۆر گەندەڵی هەیە و شەفافیەت نییە. هەروەها هەندێک بەرپرســی کورد هەن وادەزانن لە ســەرووی یاســاوەن. بەڵام لە ســووریا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەوشەکە زۆر خراپترە.

بەپێی یاســای چاپەمەنیی ســووریا دەکرێ بخرێیتە زیندانەوە بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە دەوڵەت، زەربەدان لە یەکێتیی نیشتمانی و دابەزاندنی ورەی هێزەکانی ئاسایش. بە سەدان ماڵپەڕ قەدەخە کراون و زۆر ڕۆژنامەنووس لە زینداندان و بە دڕندانەترین شــێوە ئەشکەنجە دەدرێن. بۆ نموونە نینۆکەکانیان دەردەکێشــرێن و.. هتد. لە سووریا ئۆپۆزسیۆنێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان ناتوانێ بوونی هەبێت. ئەگەر ڕۆژنامەنووســانی کوردی دەزگاکانی لڤین و ڕووداو و هاوڵاتی و ئاوێنە یــان هەر ڕۆژنامەیەکی دیکە لە ســووریا کاریــان بکردایە، لەمێژ بوو خرابوونە زیندانەوە.

لە تورکیا یاسای زۆر توندی دژ بە تیرۆر هەن و سووکایەتیکردن بە ئەتاتورک قەدەخەیە. لەوێش بە ســەدان ماڵپەڕ قەدەخە کراون و بەم دواییانە تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکی کورد بە 21 ساڵ زیندان حوکمدرا، چونکە پڕوپاگەندەی بۆ پەکەکە کردووە، ئەمە ســەرەڕای ئەوەی کە پەکەکە هەر بە تەواوەتی قەدەخە کراوە.

لە ئێرانی هاوسێشــیاندا ئەگەر ڕەخنــەت لە حکومەت گرت، دەبێ چاوەڕێبی بە تۆمەتی "ســیخوڕێتی" دەستگیرت بکەن. ئەوە بەڕوونی بــە گۆڕانکارییەکانــی دوای هەڵبژادنەوە لەو وڵاتــەوە دیارە. خانمە ڕۆژنامەنووسی ئێرانی-ئەمریکی (ڕۆکســانا سابێری) کە بەو دواییانە قسەم لەگەڵدا کرد، دەیگوت جارێ ناگەڕێتەوە ئێران، چونکە دەترسێ دەستگیری بکەن. ئەو پێشتر گیرابوو و بە سیخوڕێتی تۆمەتبار کرابوو، بەڵام دواجار ئازادیان کرد.

کەواتە ئەوە قسەیەکی زۆر بێمانایە ئەگەر بگوترێت ڕەوشی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە کوردســـتان خراپترە لە وڵاتانی دراوسێ. لە کوردستان کەموکوڕی زۆرن: کولتووری ناموسویســتی، کۆنسێرڤاتیزم، خراپیی پێگەی ژنان لە جڤاکدا، خزمخزمێنە و واستەکاری، بەڵام ڕەوشی ئازادیی ڕۆژنامەوانی باشــە. بۆیەش عوبەید هرووری، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی (IREX International Exchange Board) یاســای چاپەمەنیــی کوردی پێ مۆدێلێکی باشە بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# خەتاباران.. خەباتکاران.. کێ پشتی کێ دەگرێ؟

مرۆڤ لــەم وڵاتەی ئێمــەدا هەرچییەک بــێ و هەرچییەک بڵێ ئــازادە بە مەرجێک لــە خەتی عیراقیبــوون و پلە دامێنی کورد و کۆیلایەتییەکەی لانەدات و باسیان نەکا و نەبوونی پەرژینی پارێزگاریکردنی نەتەوایەتی کورد کــە دەوڵەتی ســەربەخۆیە، نەکاتە کەرەسەی باس و چ هەنگاو بۆ دروستکردنی نەنێ. ئازادە هەرچی بڵێ، بەڵام جگە لەکاتی پڕوپاگەندە و هەڵڕشتنی درۆی هەڵبژاردن، باسی کوردستانیبوونی کەرکووک نەکا. کەس نەیبیستووە لە کوردستاندا یەک ئەنفالچی یان خیانەتکارێک یا بەعســییەکی مرۆڤ کوژ لە گوڵ کاڵتری پێ گوترابێ یان چووبێتە بەردەم دادگا یان ژیوانبوونەوەی خۆی ڕاگەیاندبێ. ئێســتا، کوێخــا دەبێ کۆنە بەعســی بێ. سەرگەورە دەبێ کۆنە بەعسی بێ و تەنانەت ئەگــەر یەکێک لەوانە لە دەســت عەدالەتە نیوەچڵەکەی بەغداش ســەغڵەت بووبێ، لە کوردستان، پاشایانە پەنا دراوە و پێیدراوە، جگە لەوەی بژێوی لە هەموو ئەوانە زیاتر و مســۆگەرترە کە پەردەی پاکژیی ویژدان و کوردبوونی خۆیان نەدۆڕاندووە و بە خوێن و چارەڕەشی و بەدبەختی و دەربەدەری باجی کوردبوونیــان داوە. لــەوەدا ئازادیت منداڵ بــە ناوی ململانێی باوکســالارییەوە بکەیتە دوژمنی باوک و بەناوی ئازادییەوە خوشک لە برا بکەیتە بەڵا و کچ بە دەســتی بابی خۆی بەکوشــت بدەیت و کورد بە بەراورد لەگەڵ گەلانــدا، بە خــۆی و کەلەپووریەوە بکەیە کۆمەڵێک گیانداری کەمهۆشــی دواکەوتوو و بــە ناوی ئــازادی بازرگانییــەوە بازاڕ و بازرگانی قۆرخ بکەیت. دوێنێ باسی خەباتی چینایەتــی و مافە مەتەڵئامێــزە ڕەواکانی کوردت دەکرد و ئەمڕۆ خاوەنی تەلار و بورج و قومارخانە بیت و جاروبارێکیش یادی بێ مەسرەف و بێ سەرهێشەی ئەو شەهیدانە بکەیەوە کە لە سەرەڕێی بــەرەو دەوڵەمەندبوونتــدا هەنگاوت بەســەر کەللەی سەریاندا ناوە. ئەگەر بەڕاســتی شەهیدبوونیشیان بە سەروەری بزانیبا، دیارە یەک دوویەکیش لە خۆیان ئەو سەروەرییەیان بۆ خۆیان دەقۆستەوە و شەهید دەبوون. شــەهیدبوونیان بەلاوە سەروەری بووایە، وەک نەوت و دۆلار و تەلار و بازاڕ بۆ خۆیانیان زەوتدەکرد و بەشــی کەسیان لێ نەدەدا!

لە ســای ســەری دەســەڵاتداران و پەراوێزەکانی دەسەڵاتدا کە ئەرکیان پینەوپەڕۆکردنی عەیب و عاریانە، بەکارهێنانــی خۆراکــی ژەهراوی و دەرمانی ســڕکەر و تەفروتوناکردنی هۆشــی لاوان، بــە ناوی ئازادییەوە بوونەتە ئــەو ئەرکانەی کە بەعس نەیتوانی ئەنجامیان بدا. لە ســەر هەموو ئەوانەشــەوە زمانی میللەتەکەت، نەک هەر بشێوێنی، بەڵکو بیکەیە دوو تاوەکو هەرگیز یەکگرتنەوە بە خەیاڵی کەســدا نەیێ. سەرنووســەری نەخوێنــدەوار و پارێزەری تەزویر و کادیری وەســتای جنێو و شاگردی دەمپیسترین قەڵەم لە هەموو مێژووی نووسینی کوردیدا، کە بە قەدەر جنێوەکانی خۆی، بگرە زیاتریش، ئامادەی هەڵمژینی جنێوە و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ نەهێشتنی جنێو دەکا!!

ئەوانەی بە ناوی کوردایەتی و دینایەتی و چینایەتییەوە کوردیان بە کوشتدا و کوردستانیان کردە گۆمی خوێن، ئێستا مەبەستی سەرەکییان لە خشتەبرنی کوردە تاوەکو هەرچۆنێک بــێ ڕایاندەن و لەگــەڵ خۆیاندا بیانکەنە تەویلەکانی بەغداوە و هەموو خەبات و شانازییەکانیان پێ هەڵبێننەوە و لە هەمــوو کارێک ژیوانیان بکەنەوە کە شانازییان پێوە کردووە، بەڵام کورد ئەگەر سەر لەو گەمەیەی ئەوانیش دەرنەکا، هەست دەکا ئەوەی ئەوان دەیکەن فڕێ بە ســەر ئەو قسە و بەڵێنانەوە نییە کە ئەوکاتە دەیانکرد کە پێویستیان بە قارەمان و شەڕکەر و کوردکوژ هەبوو. ئێســتا پێویستیان بە جاسووس و جنێوفرۆش و کەرەسەی ڕاوی هەموو ڕەوایەتییەک هەیە و کوردیــش، ڕۆژ بــە ڕۆژ بە خۆیــدا دەچێتەوە، بۆیە بازاڕی ئەمڕۆی هەموو بازرگانەکان کەســادە و خەریکە لە هەڵوێســتی ئەو خەڵکە دەحەپەسێن کە یەکتریان بۆ دەکوشتن و ئامادە بوون لە پێناویاندا بچنە قوڕگی شێرەوە. ئێستا، ئەوکەسەی تا دوێنێ دیتنی مەحاڵ بوو یــان لە مەحاڵەوە نێزیک بوو، بە کووچە و کۆڵانەکاندا دەســووڕێتەوە و بەڵێن دەدا، خانووەکانتان لە ســەر تاپۆ دەکەین، ئێوە خاوەنی شەهیدن، حیزبمان حیزبی خۆتانە، دەنگمان نەدەنێ ئەنفال دەکرێنەوە، کیمیاتان بە سەردا دەبارێ! دەبا ببارێ، پیاو!!

من هیوام بە میللەتی خۆمە چونکە لەلایەکەوە ڕێژەی سەرکەوتنی حیزبە دەســەڵاتدارەکانی دابەزاندووە، لە لایەکی دیکەشــەوە کارگەی جنێــو و بوختان و درۆی شــاخدار بەرەو داخســتن دەچێ و وای لێ هاتووە، بە هەزار حاڵ لەملا مودیرێک و لەولا کورسییەک و لەولاتر بەڵێنی کورســییەکیان لە ڕاهی خــودا پێدەدرێ. هەر کاتێکیش لەو مودیر و وەزیر و کورسییانە بێمنەت بوون و بوونی فیزیکییان بووە ئەرکی ســەر شــانی خۆیان، ئاهێکی حەسانەوەم پێدا دێ و ئەو خەڵکە قۆڵبڕاوەش ئاوڕێکی خێریان لێ دەداتەوە.

دنیــا بۆ کــەس نامێنێ. کەس خۆزگە بۆ ســایەی دەسەڵاتی هیتلەر و ستالین و سەددام ناخوازێ کەچی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ئێستاش شارەزایان ئاواتی بۆ دەخوازن! ئەوی لەو خەڵکە مەتەڵ بوو ئێستا ڕوون و ئاشکرایە. شــەڕی ناوخۆ لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کورددا نەبوو، وەک ئاشــتەوایی ئێســتا لــە پێناوی بەرژەوەندییەکانی کورددا نییە! خەتابارەکان پشــتی یەک بگرن!!

سلێمانێ ئالیخان - ئەڵمانیا
silemani_alixani@yahoo.com

# بەهەشتا پێکڤە ژیانێ

بــەری دەمەکی هنــدەک مەلایێن باژێــرێ هەلەبجە نەرازیبوونا خوە دیارکرن بەرانبــەر بڕیارا حکومەتێ بۆ دامەزراندنا قایمقامەکــێ کاکەیی بۆ وێ قەزایا کو پتریا روونشتڤانێن وێ موســلمانن. وان ئۆلداران دگۆتن دڤێت ئەو کەسێ پێشــنیازکری شەهادە بدەت و ئیسلاما خوە ڕابگەهینیت، چونکی چێنابیت کەسەکێ نە موسلمان ببیتە قایمقامێ وان. هەرچەندە کەسێ پێشنیازکری روونشتڤانێ هەمان دەڤەرێ ژی یە!. بەری سەرێ سالێ ژی، مەلایەکێ دەڤەرا ئامێدیێ ل ســەر مینبەرا مزگەفتێ هوشــداریدا خەلکی کو بەشــدارییا کرســتیانان نەکــەن دجەژنێن ژ دایکبوون و ســەرێ سالێ دا، هەروەسا مەلایەکی ل سەر شاشا تەلەڤزیۆنێ ژی ئەڤ هوشدارییە دا خەلکی، چونکی کوفــر و حەرامە!. ژ خوە تــا نۆکە گەلەک کەس خوارن و ڤەخوارنێن ئێزدیان ناخۆن. ژبەر کو ئۆلدارێن ئیسلامێ دبینن کو ئەو کافرن و نانێ وان حەرامە!؟.

ئەڤێن مــە دیارکرین، تنێ ئــەو نموونەنە کو هاتینە ئاشکەراکرن. لێ مســۆگەرە گەلەک مەلایێن دی ددیوان و روونشــتنێن تایبەت و گشــتی دا ژی، ڤان سوحبەتان بۆ لایەنگرێن خــوە و هاوولاتیان ڤەدگێڕن و، ژ ڕوودانان ژی دیاردبیت کو ڕێژەیەکا مەزنا خەلکی شــیرەتێن وان مەلایان بجهتینن و تێکەلییا کەســێن نەموسلمان ناکەن. ل بەرانبــەر ڤێ نەقەبوولکرنا موســلمانان ژی، نۆرمالە ئەگەر خودانێن ئۆل و مەزهەبێن دی یێن کوردســتانێ، لایەنگرێن خوە هاندەن بۆ خوە دووركرنێ ژ موســلمانان و ب چاڤــێ گومانێ تەماشــەی وان بکەن. ئەڤ چەندە هەروەســا بێئومێدیــێ ژی ل دەڤ کوردســـتانیێن نــە موسلمان پەیدادکەت و وێ ڕاستیێ دیاردکەت کو ئەگەر کوردەکێ ئێزدی یێ روونشــتڤانێ دهۆکێ دهەموو واراندا ســەرکەفتی و ژێهاتی بیت ژی. لێ وی دەرفەتا وەرگرتنا پۆســتەکێ بلند نینە. ژبەر کو پتریا روونشــتڤانێن وی باژێری موسلمانن. هەروەسا بۆ گەلەک باژێر و ناڤچەیێن باشوورێ کوردستانێ کو پتریا ئاکنجیێن وێ موسلمانن. لــێ نموونەیێن بەروڤاژی وێ چەندێ هەنە و ئەم دبینین کو گەلەک کوردێن موســلمان بەرپرســیارێ ل هندەک باژێر و دەڤەران وەردگرن کو پتریا روونشــتڤانێن وان نە موسلمانن.

ڕێکخراوا لێبۆردنا ناڤنەتەوی، بەحسێ خرابیا ڕەوشا ئایینی ل عێراقێ کرییەو، وەزارەتا ئەوقافا کوردســتانێ ژی ڕەخنە ل وێ ڕاپۆرتێ گرتییە و هەرێما کوردســتانێ وەکی بەهەشــتا پێکڤەژیانێ ب ناڤکرییە. ئەز ژی دبێژم بۆ ئاڤابوونا ڤێ بەهەشتێ نە تنێ پێویستە کورد، کلدان، ئاشــووری، ترکمان و ئەو کتا عەرەبێن ل کوردســتانێ دژین هەروەسا موســلمان، کرستیان، کاکەیی، ئێزدی و پەیرەوکارێن ئۆلێن دی، بەشداری شین و شادیێن هەڤدوو ببــن و هەڤکارییا یەکدووبکەن. بەلکو دڤێت شــووکرن و ژنئینــان ژی دناڤبــەرا وان دا پەیداببیت و خوینا وان تێکەلــی هەڤ ببیت. لێ نــە وەکی خزمانیا نۆکە کو ب زۆری و ب ڕەڤانــدن دهێتەکرن، هندەک جاران ژی دبیتە سەدەما خوینڕێشتن و کوشتنا کچ و کوڕێن پێکهاتەیان و دپتریا جاران دا کێمینە ژ بەر پیان دچن.

هەر چاوە بیت، ئەڤ داخوازیێن مەلایێن کوردســتانێ دژی پرەنسیپێن پێکڤەژیانێ نەو، وەکی ترۆمبێلا بەرەڤاژی ئاراســتەیا هاژۆتنێ دچیت. لــێ ڕۆژەکێ ژی حکومەتێ شۆفێرێ وێ سزا نەدایە، بەلکو نەهاتییە هشیارکرن ژی دا بزڤریتەڤە ســەر ڕێیا دروست. ئەڤە تشتە ژی گومانێ پەیدادکەت و دهەمان دەمدا پێشکەفتنێ ژی گیرۆدکەت!

ئەمیر فندی
point@pointnumber.com

# ژنان ماندوون

بەپێی ڕاپرسییەک کە لەلایەن ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرســی ئەنجامدراوەو هێشتا ئەنجامەکانی بــڵاو نەکراونەتەوە، زۆربەی زۆری ئافرەتان و ژنانی فەرمانبەر ئەوانەی خــاوەن مــاڵ و منداڵن، بەشــێوەیەکی لەرادەبەدەر ماندوون لە نێوان بەڕێوەبردنی کاری ماڵ و مێرد و منداڵەکانیان لە لایەک و کاری ڕۆژانــەی خۆیان لــە دەزگاکانی حکوومەت و تایبەتدا لەلایەکی دیکەوە.

ئاخــر ئافرەتێک وەک پیــاو 7کاژێر لە دەزگایەک کار بکات و لەولا خاوەن ماڵ و منداڵ بێت و هەموو کارەکانی ماڵەکەشی لە سەر شان بن حاڵی پەرێشان دەبێت.

لــەو ڕاپرســییە دا ئاشــکرا دەبێ کە زۆربەی گرفتەکانی نێوان ئەو ژن و پیاوانە دەگەڕێتــەوە بۆ نەبوونی کات و دەرفەتی پشوودان.

بۆیــەش زۆر لــە فەرمانبەرانــی ژن بەشــێوەیەک لەشــێوەکان بێــزارن لــە کارەکەیــان و ئەگەر مەســەلەی بژێوی و ئایندە و خانەنشینی نەبێت کار ناکەن!!.

ناهەقیان نییە، چونکە بەڕاســتی زۆر قورســە بۆ ژنێکــی فەرمانبــەر کە 2-3 منداڵــی هەبێت، ئەو هەمــوو ئەرکانە لە یەک کاتدا ئەنجامبــدات، بۆیەش زۆربەی ژنان لەنێوان کاری خۆیان و ماڵەوەیان و میوان و خزمەکاندا ون بوون و هەست بە بێ تاقەتییەکی زۆر دەکەن.

بۆ ئەوەی مافــی ئافرەتان لە کارکردن نەخورێت و بتوانن وەک کەسێکی یەکسان کار بکەن، پێشنیاز دەکەم کە:

– کاتــی کارکردنــی ئافرەتــان لــە داوودەزگاکانی فەرمی و نیمچە فەرمی لە کاژێر 10ی بەیانی دەســت پێ بکات و تا کاژێر 1ی نیوەڕۆ بەردەوام بێت. واتە تەنها 3 کاژێر کار بکات، بەم شــێوەیەش پاش ئەوەی کاروبــاری منداڵەکان و پیاوەکەی ئەنجامدەدات دەتوانێ دەســت بە دەوامی خۆی بکات و پێش ئەوەی منداڵەکانی لە قوتابخانە بگەڕێنەوە و پیاوەکە لە شوێنی کاری بگەڕێتــەوە، دەتوانــێ بگاتە ماڵی خۆی و دەست بە کارەکانی بکات.

– هــەر فەرمانبەرێــک ســاڵانە مافی وەرگرتنــی 15 ڕۆژی مۆڵەتی ئاســایی و 15 ڕۆژ مۆڵەتی نەخۆشی هەیە، بەڵام بۆ ژنان و ئافرەتان بە گشتی پێشنیازی ئەوە دەکەم کە مافی ســاڵانەیان لە وەرگرتنی مۆڵــەت بکرێتە دوو ئەوەنــدە، واتە 30 ڕۆژی مۆڵەتی نۆرماڵ و 30 ڕۆژی مۆڵەتی نەخۆشی.

– لە ڕیزبەندی خانەنشینیدا، یاسایەکی تایبەت بۆ ژنــان و ئافرەتــان دابنرێت، لــەم بوارەش دا پێشــنیازی ئەوە دەکەم کــە 75%ی ژمارەی ســاڵەکانی داواکراو و پێویســت بۆ کاروباری خانەنشینی لە ئافرەتان داوابکرێــت، کە واتە ئەو پیاوەی بە 25 ساڵ خانەنشین دەکرێت، ئافرەتێک بەهەمان مووچە و پلە پاش 18 ساڵ و 9 مانگ خانەنشین بکرێت، بەم شێوەیەش ئافرەتان زووتر لە پیاوان خانەنشین دەکرێن و زووتر دەگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان و دەســت دەکەن بە ژیانێکی نوێ لە کاتێکی زووتر.


ئەم پێشــنیازانە بۆ ئــەوە نین کە ڕۆڵی ئافرەتــان لە نێو ســتراکتوری فەرمی و دەســەڵات و کارگێڕیدا کەمتر بکرێت، بەڵکو ئەو سوودەشــی دەبێت کە هەمیشە خوێنی گەرمتر و گەنجتری ئافرەتــان بێتە نێو ئەو گۆڕەپانە. بەم شــێوەیەش دەکرێ دەرفەتێکی زۆرتر بدرێتە ئافرەتی کوردستان کە ئاگای لە ماڵ و خێــزان و منداڵەکانی بێت، بێ ئەوەی دەستبەرداری کارەکەیشی بێت.

پێم باشــە یەکێتییەکانی ئافرەتان و ژنــان و ئەو ڕێکخــراو و دەزگایانەی دیکــە کە کار لەپێناو ئافرەتان دەکەن بە وردی لەم پێشنیازانە ورد ببنەوە و هەوڵی ئــەوە بدەن قووڵتر بکرێنەوە و بخرێنە نێو پرۆژە یاسایەک و پێشکەش بــە پەرلەمــان و حکوومەتی هەرێمی کوردســتان و تەنانەت ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردســتانیش بکرێن، ئەگەر ئەم پێشنیازانەش کران بە یاسا من لەو باوەڕەدام کــە 90%ی ئەو ئافرەتانەی ئەمڕۆ بە دەست نەبوونی کات لە نێوان کار و ماڵ دا دەناڵێنن بەیەکجاری لەو مەینەتییە ڕزگاریــان دەبێت و دوور و نزیک ناچاری ئەوە نابن کە واز لە کاری خۆیــان بێنن لەپێنــاو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیان لە نێو خێزاندا.

# کچە کوردێک لە داخی باوکی بووە ملیۆنێر

**روودا‌و- ئەمستەردام**

خۆشەویستەکەی (ئێدگار دەیڤیدس)ی یاریزانی پێشووی ئەی سی میلان و بەرشلۆنە کە مۆدەکارێکی ملیۆنێرەو خاوەنی کۆمپانیای نێوداری (سوپەر تراش)ە، هەمیشە خۆی وەک (کچێکی کورد) بەمیدیاو خەڵک دەناسێنێ. ئەو لەم ژمارەیەی (روودا‌و)دا چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لەنێو توندوتیژییەکانی خێزانی کوردەواریدا گەورەبووەو ئەمڕۆش بووەتە بزنسکارێکی سەرکەوتووی بواری مۆدەو جلوبەرگ و تەنانەت ئەکتەرەکانی هۆلیوودیش چاویان لە مۆدێلەکانی ئەوە.





9 «

# پەیوەندی فاتێ دەپچڕێ



**روودا‌و-ئەڵمانیا**

هونەرمەندی باکووری کوردستان فاتێ بە (روودا‌و)ی راگەیاند کە چیتر ناتوانێ بەرنامەی (جڤاتا فاتێ) لە تەلەفزیۆنی KURD 1 پێشکەش بکات "ئەو شتانەی من لە Kurd 1ی داوا دەکەم ناتوانێ پێشکەشم بکات، بۆیە نزیکە پەیوەندی نێوان من و Kurd 1 بپچڕێت"، فاتێ ئاشکراشیکرد کە TRT 6 داوای لێکردووە بەرنامەیەکیان بۆ دروست بکات. بەڵام هەتا ئێستا فاتێ بڕیاری خۆی لەسەر ئەم کارە نەداوە. فاتێ گوتی "من کوردم، ناچم بۆ ئەوەی خۆم لەبەر چاوی تورکەکان شیرین بکەم، بۆ ئەوەی من قبوڵ بکەن. دەبێ ئەوان وەک من وەک خۆم قبوڵ بکەن".







Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای روودا‌و
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاینەران : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای روودا‌و دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net



Reklam




Reklam

